# شێوەکانی
# دەست وەردانی ڕاستەوخۆ

جامعة "أونور"، المكتب الإداري:
لبنان، بيروت، ص. ب ٥٧٧٢ ١٧ - الجميزة
هاتف/ فاكس: 00961 (0) 1 445333
الهاتف الخلوي: 00961 70 111382
الموقع ألكتروني: www.aunohr.org

إسم الكتاب: أشكال التدخل المباشر
تأليف: جين شارب
ترجمة: هادي حبيب (من الفرنسية الى العربية)
مراجعة: وليد صليبي
إصدار الطبعة العربية: حركة حقوق الناس ١٩٩٧، بيروت
ترجمة: عمر علي غفور (من العربية الى الكردية)
إصدار الطبعة الكردية: دار آراس للطباعة والنشر ٢٠١٣، أربيل، إقليم كردستان العراق

جین شارپ

له ئەزموونی گەلانەوە لە ڕووبەڕووبوونی شارییانەدا

# شێوەکانی دەست وەردانی ڕاستەوخۆ

وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە:
عومەر عەلی غەفوور

AUNOHR

پڕۆژەی هاوبەش

هەموو مافێک هاتووەتە پاراستن ©
دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس
شەقامی گوڵان – هەولێر
هەرێمی کوردستانی عێراق
هەگبەی ئەلیکترۆنی aras@araspress.com
وارگەی ئینتەرنێت www.araspublishers.com
دەزگای ئاراس لە ٢٨ تشرین (٢) ١٩٩٨ هاتووەتە دامەزران

جین شارپ
شێوەکانی دەست وەردانی راستەوخۆ
وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: عومەر عەلی غەفوور
کتێبی ئاراس ژمارە: ١٣٧٣
چاپی یەکەم ٢٠١٣
تیرێژ: ٦٠٠ دانە
چاپخانەی ئاراس – هەولێر
ژمارەی سپاردن لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان ١٥٠ – ٢٠١٣
نەخشاندنی ناوەوە و رازاندنەوەی بەرگ: ئاراس ئەکرەم
هەڵەگری: تریسکە ئەحمەد

# زانكۆی "ئۆنور"

دامەزراوەیەكی ئەكادیمیایی نوێیە، یەكەمین زانكۆی لەو جۆرەیە لە ناوچەكەدا و لە دنیادا بێ هاوتایە، خاوەنی بیرۆكەكەی و دامەزرێنی زانكۆكە برێتی لە دوو بیرمەند و خەباتكاری پێشرەوی ناتوندوتیژی لە ناوچەكەدا: دكتۆر وەلید صەلیبی و دكتۆر ئۆغاریت یۆنان.

لە ساڵی ٢٠٠٩دا، خەونی دوو دامەزرێنەكە هاتە دی و یەكەمین ئەزموونی نموونەیی پرۆژەی زانكۆیەكەی دەستی پێ كرد، بۆ ئەوەی ببێتە سەرتۆپی بەرهەمی شارەزاییەكی بیرمەندانە و كۆمەڵایەتیی پێشرەو لە لبنان و ناوچەكەدا بەدرێژایی ٣٠ ساڵ.

پرۆگرامەكانی "ئۆنور" نۆ پسپۆڕێتی لەخۆ دەگرن، زۆربەیان داهێنەرانە و نوێن لە بواری فێركردنی زانكۆیی لە ناوچەكە، كە قوتابی تیایدا بڕوانامەی دەرچوون لە گشت نۆ پسپۆڕییەكە وەردەگرێ كە برێتین لە: فەلسەفە و توانەكانی ناتوندوتیژی، فەلسەفە و توانەكانی پەروەردەی ناتوندوتیژ، شانۆی پەروەردەی ناتوندوتیژ، فێركردنی ناتایەفەگەرانە و پەروەردەی مەدەنی، بەڕێوەبەردنی كێشە و ناوبژیوانیی ناتوندوتیژ، ناتوندوتیژی و ئاینەكان، كولتوور و فێركردنی مافەكانی مرۆڤ، ڕێچكەكانی ڕاهێنان و فێربوونی چالاك، بەیەكگەیشتنی ناتوندوتیژ و توانەكانی ڕاگەیاندن.

لە دەوری "ئۆنور"دا بازنەیەكی ئەنجوومەنی ڕازگرانی بیرمەندانەی جیهانی دروست بووە، لە فەیلەسووفان و هەڵگرانی خەڵاتی نۆبڵ بۆ ئاشتی و بانگەوازكارانی ناتوندوتیژی، لەگەڵ ئەنجوومەنێكی دۆستانی ناوخۆیی كە ناوچەكە بەگشتی لەخۆ دەگرێ، لە كەسایەتیی ڕۆشنبیری و كۆمەڵایەتی و ئەدەبی و هونەری و لە دنیای كار، ئەوانەی كە باوەڕیان هەیە بەم كولتوورە و بەخەونی زانكۆیەكە و كاریگەریی بنەڕەتیی لە بنیاتنانی مرۆڤ و پەروەردە و چارەنووسێكی

باشتر بۆ کۆمەڵگەکانی ناوچەکە.

ئەم زانکۆیە خاوەنی ئەنجومەنێکی مامۆستایانی لە چەندان لای دنیاوە و بێگومان لە لبنان و ناوچەی عارەبانیشەوە، لەو مامۆستایانەی کە پێشەنگن لە کۆمەڵگەکانی خۆیان و لە دنیادا لە بواری بنیاتنانی ئەم ڕۆشنبیرییە و لە دانان و بڵاوکردنەوەدا و لە ڕاهێنانیش لەسەری و دارشتنی بابەتی ئەکادیمیایی لەبارەیەوە.

قوتابییانیشی خەڵکی وڵاتانی ناوچەکەن، لە لاوان و مامۆستایانی زانکۆ و بەڕێوەبەرانی قوتابخانە و مامۆستایان و بەڕێوەبەرانی کۆمەڵە و ڕێکخراوگەلی مەدەنی و ڕاهێنەرانی کۆمەڵایەتی و لە پارێزەران و ڕاگەیاندنکاران و نوێکەرەوە و ڕۆشنبیرەکانی دامەزراوە ئاینییەکان و کارمەندانی کۆمپانیاکان و کادرانی وەزارەت و بەڕێوەبەرێتییە گشتییەکان... هتد.

وانەکان تێیدا دوو ساڵ دەخایەنن، بۆ ماوەی زیاتر لە ٤٠٠ سەعات خوێندن، وانەکانیش بریتین لە: وانەگەلی ڕێخۆشکەر، وانەگەلی تایبەتمەند لە بارەگەی زانکۆیەکەدا، وانەگەلی پشتگیریی لە ڕێی ئینتەرنێتەوە online، ئامادەکردنی وتار و دەقی توێژنەوەئامێز لە بواری بیری ناتوندوتیژدا، کارگەلی پیادەکارانە و، تێزێکی کۆتا.

بڕوانامەی ماستەر دەدا و، لەوێوە ئامادە دەبێ بۆ دانی بڕوانامەیەکی دکتۆرای پێشەنگ لە دنیادا.

هەروەها "ئۆنور" خاوەنی مەڵبەندێکی ڕاهێنانی بەردەوام و خوێندنی بەردەوامی پێدراوە Training Institute for Continuing Education، پشتیشی بە شارەزاییەکی پێشەنگانەی دامەزرێنەرانی زانکۆکە لە بواری ڕاهێناندا ئەستوورە، لەبەرئەوەی هەردووکان دامەزرێنەری ڕاهێنانی نوێن لە لبناندا لە نزیکەی ٣٠ ساڵ بەر لە ئێستاوە. لەڕێی ئەم مەڵبەندەیشەوە، ڕێگە بەو کەسانە دەدرێ کە گرینگی بە ڕاهێنانی پیشەوەرانە دەدەن، کە ژمارەیان زۆرە و لەزیادبوونیشە، کە بتوانن بێنە ناوەوە بۆ خوێندنی بابەتی دیاریکراو و لە ئاستێکی ئەکادیمیایی جیهانیدا و، دیپلۆمای زانکۆیی بەدەست بهێنن.

"ئۆنور" پابەندە بە یاسای لبنان- وەزارەتی پەروەردە و فێرکردنی باڵا، لەگەڵ

ڕێککەوتننامەگەلی هاوکاری لەگەڵ زانکۆگەلی دەرەکی بەتایبەتی زانکۆکانی ئەوروپایی بەمەبەستی هاوشانکردنی بڕوانامە ناوەخۆییەکانی.

"ئۆنور" کار دەکا بۆ دابینکردنی پێوەندیگەلی هاوکاری و ئاڵوگۆڕکارانە لەگەڵ زانکۆیەکانی ناوچەکەدا. هەروەها دەستی کردووە بە داخڵکردنی بابەتگەلی ئەکادیمیاییی نوێ لە زانکۆکانی تردا و ئەوانەی ئارەزووی ئەمە دەکەن، بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی ئەم کولتوورە و بەدامەزراوەکردنی و پاڵنانی بۆ ناو چەقی بوارگەلی زۆر و جیاجیای خوێندن.

ئامانجی زانکۆی ناتوندتیژی و مافەکانی مرۆڤ بریتییە لە پێشکێشکردنی فێرکردنێکی ئەکادیمیاییی خاوەن ئاستی ناودەوڵەتی و لەو تایبەتمەندیگەلی پێشەنگانەدا کە بوونەتە کرۆکی پێویستییەکانی کۆمەڵگەکان و بواری پیشەوەریی بەجۆرایەتییان هەیە، هەروەها ئامادەکردنی وزەی بەرزی پیشەوەر بۆ گۆڕینی کۆمەڵایەتی لە هەر وڵاتێک لە وڵاتانی ناوچەکە.

"بەهیوای ئەوەی لە کۆتاییدا کولتووری ناتوندوتیژی بتوانێ بەرگی ئەستوورەی ئەو هەورە ڕەشانە ببڕێ کە لە گرتیگەی دڵەڕاوکە و توندوتیژی و بێهوودەییدا ئێمەیان گەمارۆ داوە، تاوەکو بتوانین پێوەندی ببەستینەوە لەگەڵ هەتاوێکدا کە لە بانگکردنمان گشت بەیانییانەک کۆڵ نادا."

د. وەلید سلێبی

## ناتوندوتیژی بە زوانی کوردی

کارێکی کولتووریی، پەروەردەیی و ئەکادیمیاییە، دیارییەکی واتەییە بۆ گەلێک کە چاوی لە ئاشتی و دادوەری و کولتووری ناتوندوتیژییە، لە پاش توندوتیژییەکی تاڵ کە بۆ چەند نەوەیەک بووبووە مۆرکی مێژووەکەی.

لە هەر جێیەک بین لەم دنیایەدا، وا دەردەکەوێ کە ئێمە مێژووی شەڕەکان و توندوتیژی دەزانین، بەڵام بەکەمی ئاگەداری ڕووەکەی تری مێژووین. ڕووە ناتوندوتیژەکەی. مێژووی هەموو گەلێک و هەموو کۆمەڵگەیەک، بەدرێژاییی کات و شوێنەکان، چەندان هێما و ئەزموون و کاری تێدایە کە ناتوندوتیژییان بەرجەستە کردووە و باوەڕیان بە بنەواکانی هێناوە و، زۆربەیان بەداخەوە پەراوێز خراون یان نەزانراون و چاوەنواڕی ئەوانەن کە بیاندەنە بەر ڕووناکی، بیانخەنە پێش پەنجەرەی زانین و بڵاوکردنەوەی وشیاری بەدەوریاندا.

ئا ئەمەی ئەرکی توێژەر و بیرمەند و بڵاوکەرەوەی ڕۆشنبیر. بێگومان ئەرکێکی پێشەنگانەیشە.

لە مێژووی کوردستانی عێراقیشدا، بۆ ئەوانەی خوێندنەوە بەچاوێک دەکەن کە شارەزای بناخەکانی ناتوندوتیژین و ئاگەداری وردەکارییەکانی ڕووداوەکانن،

وێستگەگەل و وشەگەل و هەڵوێستەیل هەن کە لە کرۆکی ئەم کولتوورەدان و لێیەوە نێزیکن، ئەگەریش کە لەلایەن هۆکارگەلێکەوە ئابڵوقە دراین کە بەسەر ژیانی گەلاندا تێپەڕ دەبن و پێشرەویی ناتوندوتیژی دوادەخەن یان ئەنجامدانەکانی خاو دەکەنەوە.

زنجیرەی وەرگێڕانە کوردییەکانی ناتوندوتیژی بۆ کوردی، بریتین لە کۆمەڵێکی بژاردە لە زنجیرەی وەرگێڕانە عارەبییەکانە لەبارەی ناتوندوتیژییەوە، ئەو زنجیرە عارەبییە پرۆژەیەک بوو کە دکتۆر وەلید سەڵیبی دەستپێشخەریی بۆ کرد و سەرپەرشتیی وەرگێڕەکانی کرد و هەندێ لە کتێبەکانیشی وەرگێڕا، ئەویش لە ساڵی ۱۹۹۳وە، کە بۆ ئەم زنجیرەیە یەکەم ۲۰ کتێبی لەبارەی ناتوندوتیژییەوە لەناو دیارترین ۷۵ سەرچاوەی جیهانی کۆ کردەوە.

ئەو وەرگێڕانانە، ئەمڕۆ لە زوانی عارەبییەوە دەخرێنە سەر زوان کوردی. ئەمانە دیارییەکن لە زانکۆی ناتوندوتیژی و مافەکانی مرۆڤ لە دنیای عارەبدا- ئۆنور AUNOHR بۆ گەلی کورد لە هەرێمی کوردستانی عێراقدا و بۆ هەموو کوردزوانێک لە ناوچەکە و لە گشت دنیادا. دیارییەکە بۆ نەوەی لاو و قوتابییان، بۆ قوتابخانە و زانکۆکان، بۆ کۆمەڵە و هێزە مەدەنی و سیاسییەکان، بۆ ڕاگەیاندن و ڕای گشت، بۆ توێژەر و ئەکادیمیایی و نووسەر و ڕۆشنبیران، بۆ پێشڕەوانی کۆمەڵگە، بۆ کتێبخانەی کوردی کە شایانی فرەوانبوون و گەشەیە و شایانە کتێبی ناتوندوتیژی بەزمانی خۆی دەوڵەمەندی بکەن...

بە دەستپێشخەرییەکی پێشەنگانە لەلایەن دەزگەی ئاراس بۆ بڵاوکردنەوە، کە لە بەڕوەبەری گشتییدا ڕێزدار بەدران ئەحمەد حەبیب بەرجەستە دەبێ، پرۆتۆکۆڵەک لە ساڵی ۲۰۱۲دا لەگەڵ ئەم زانکۆیە ئیمزا کرا بەمەبەستی وەرگێڕانی یەکەم کۆمەڵە کتێبی ناتوندوتیژانە بۆ کوردی، ئەوە بوو ۱۰ کتێب هاتنە دەستنیشان کردن بۆ ئەوەی لە ساڵانی ۲۰۱۲-۲۰۱۳دا بگەنە ئەنجام. ئەم پرۆتۆکۆلە بووە تاجی سەری یەکەم سەردانی شاندی زانکۆی ئۆنور بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق لە ئایار/ مایۆی ۲۰۱۲دا، کە بەدوایدا سەردانگەلی تر و پرۆژەی هاوکاری و پشتگیری لەلایەن ئۆنورەوە بۆ زانکۆ و وەزارەت و قوتابخانە و دەستەگەلی مەدەنی و ئاینی و کولتووری و ڕاگەیاندن، هاتن...

ئەم وەرگێڕانانە، دانراو و خستنەسەری بیرمەندانەی دامەزرێنەرانی زانکۆی ئۆنورەوە لەئامێز دەگرن، لەگەڵ وتار و هەڵوێست و بلاڤۆکی مامۆستایان و ئەندامانی ئەنجوومەنە بالاکانی ئەو زانکۆیە، لەم پێشەکییەدا هەندێکیان دەخەینە بەرە چاو بۆ ئەوەی خوێنەر ئامادە بکەن بۆ چوونە ناو کتێبە وەرگێڕدراوەکانی گاندی و مارتن لۆتەر کینگ و ئیریک فرۆم و جان-ماری مۆللەر و جەین شارپ و وەلید سەڵیبی.

**بیرمەندی عێراقی دکتۆر عەبدلحوسێن شەعبان** ئەندامی دەستەی بالای زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفەی مافەکانی مرۆڤ لە زانکۆیەکەدا، کە بەهۆی ڕۆڵی پێشەنگی نوێکەرەوەیەوە لە کۆمەڵگەی عێراقیدا دەستپێشخەر بوو بۆ دەستپێکردنی ڕەوتی هاوکاری لەنێوان ئەم زانکۆیە و دەزگەکەلی بایەخدار لە عێراق بەگشتی و لە هەرێمی کوردستاندا کا شایانی ناتوندوتیژییە: "ناتوندوتیژی هەر بەخوازراوی دەمێنێتەوە، هەرچەندە ڕووبەڕووبوونەوەی زۆری لەبەرامبەردا هەبن، بەلام ئاگەداربوون لە گرینگیی و هەوڵ بۆ ئاشتکردنەوەی کۆمەڵگە ڕینیشاندەرە بەرەو ئەو... لەبەرئەوەی کۆمەڵگەکانمان بەدەستی توندوتیژییەوە دەناڵێ، بۆیە زۆر پێویستە نەک تەنیا کولتووری ناتوندوتیژی بەگشتی بکرێ وەک قەرەبوویەک بۆ بەردەوامیی کرداری توندوتیژ، بەتایبەتیش کە هەمووان بەدەستیەوە دەناڵن، بگرە بۆ ئەوەی ئەم بژارەیە بکرێتە دیفاکتۆیەکی پەسندکراو کە بشێ پەنای بۆ ببرێ و، بە ئامانجێکی ڕێ تێچوو و شیاوی بەدی هاتن و دەست پێ گەیشتن... کاتێکیش هەرێمی کوردستان لە عێراقدا ڕوو دەکاتە بژارەی ناتوندوتیژی، ئەمە شتێکی نامۆ نییە بۆی، پێویستە ئەو کەشە هەستیارانەی پێوەست بەتوندوتیژی بەبیری خۆماندا بهێنینەوە، بەهۆی نالاندنی کوردستان بەدەستی توندوتیژیی درێژخایان و درێژمەودای دەیان ساڵەوە، دیارترینیان بۆمبارانی شارۆکەی هەڵەبجە بوو بەچەکی کیمیایی و هەڵمەتی ئەنفال کە دەیان هەزار هاوولاتیی کردە قوربانی لە ساڵی ١٩٨٨دا و وێرانکردنی نێزیکەی چوار هەزار گوند و شارەدێی کورد و کۆچپێکردنی دانیشتووانی کورد، بەتایبەتی فەیلییەکانی لە ١٩٨٠کاندا، ئەو توندوتیژییەشمان لەبیر نەچێ کە لە نێوان کورد خۆیاندا ڕووی دا لە سالانی ١٩٩٤-١٩٩٨ و زیاتر لە سێ هەزار مرۆڤ بوونە قوربانی، ئەمە شتێکە دەبێ سنووری بۆ دابنرێ، ئەگەر بوێسترێ کوردستان

سەقامگیر ببێ و ئەزموونە کۆرپەکەی سەربکەوێ و لە کەموکورتی و کەلێنەکانی لە ماوەی بیست و ئەوەندە ساڵەی ڕابردوودا پێیەوە نووسان، ئەمەش خووی هەموو پێشکەوتنێک و ویستێکی نوێبوونەوەیە... کولتوورێکی ناتوندوتیژ هەیە، لە پاڵ توندوتیژەکەدا، ئەمە لای گشت گەلێک و لە مێژووی گشت نەتەوەیەکدا هەیە، ئەم کولتوورە ناتوندوتیژە دەکرێ بەئامرازی پەروەردەیی نوێ زیندوو بکرێتەوە و برەوی پێ بدرێ و بنیاتی لەسەر دابمەزرێ، بەتایبەتی ڕووبەڕووبوونەوەی ناتوندوتیژ و، بەرەنگاربوونەوەی توندوتیژی بەهێزی ناتوندوتیژ..."

"بەڵام ەگەر مەبەستمان بێ بەشێوەیەکی گشتی باسی توندوتیژی بکەین و لە کۆمەڵگەکانی تریشدا، ئەوە نەک هەر شۆڕش و خەباتەکانی لەوتاندووە، بگرە دەروون و ویژدانەکانیشی لەوتاندووە و شتە نامرۆڤانەکانی بالادەست کردووە... توندوتیژی نە دەوڵەت و نە نیشتمان دروست دەکا، بگرە ڕێ خۆش دەکا بەرەو پاشاگەردانی و کۆمەڵگە لێک دەترازێنێ، جا ئامانجەکانی هەرچییەک بن. گۆڕین توندوتیژیش دەبێتە هۆی کاردانەوەی توندوتیژ و بەم جۆرە، چونکە ناکرێ توندوتیژی بەتوندوتیژی چارەسەر بکرێ، ئامانج بنیاتنانی کۆمەڵگە و دەوڵەت و بەدیهێنانی پرەنسیپە، ئەم بنیاتنانە پێویستی بە کەڵەکەبوون و پێشکەوتنی پلە بەپلە هەیە... گۆڕینی ڕاستەقینەی مەبەست، گۆڕینی کۆمەڵگەیە بەشێوازێکی ئاشتییانەی پێشکەوتنئامێزی بەپێوەندیی کارلێکییە، لەبەرئەوەی توندوتیژی تۆقێنەرە و سنوورەکانی نادیارن هەروەها ئاکامەکانی نەخوازراون و ناکرێ ڕووبەڕووبوونەوەی شێتێتی بەهیچ شتێک ببێ جگە لە ئاوەز و ئاوەزداری و بنیاتنان و چاوخشاندنەوە بە ڕابردوودا نەک دووبارەکردنەوەی لە ئێستایەکی نوێی جیاواز لە ئاراستەدا، لەبەرئەوەی هەندێ جار هەمان ئاکامی لێ دەکەوێتەوە، ڕووبەڕووبوونەوەی شێتی بەشێتی نابێ، وەک چۆن ڕووبەڕووبوونەوەی توندوتیژی ناکرێ بە توندوتیژی بێ..."

**بیرمەندی ناتوندوتیژی لە جیهانی عارەبدا دکتۆر وەلید سلێبی**، دامەزرێنەری زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفەی ڕامیاریی توندوتیژی و ناتوندوتیژی و ستراتیجی خەباتی مەدەنییانە لەو زانکۆیەدا، دەڵێ: "ناتوندوتیژی بریتییە لە دوو "نا": نا بۆ توندوتیژیی خۆ و نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر، واتە بۆ ستەم"، لە

کاتێکدا کە ڕەنگە ناتوندوتیژی و توندوتیژی لە ڕووبەڕووبوونەوەی زێدەڕۆییی ئەوانی تردا بەکار بێن، مرۆڤ تەنیا بە ناتوندوتیژی دەتوانێ ڕووبەڕووی زێدەڕۆییی خۆی ببێتەوە. کاتێک دەڵێین نا بۆ توندوتیژیی خۆ، ئەو کاتە دەڵێین بەڵێ بۆ ژیان بەڵێ بۆ خۆشەویستی. نا-ی دووەم، واتە نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر نا-ی کۆمەڵگەییە. مەبەست لێی نا-یە بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر بەواتە فرەوانەکەی، واتە بەگشت شێوەکانی لە کوشتن و ستەمی کۆمەڵایەتی و هەژارکردن و داگیرکاری و سەرکوتین و سەرکۆنەکردنی منداڵ و توندوتیژیی خێزانەکی و گومڕاکردنی ئاوەزەکان و گەندەڵی و ڕەگەزپەرستی و تایەفەگەری و زۆرلێکردنی ئاینی... بەواتەیەکی تر، نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر، نا-یە بۆ ستەم، بەکردەنی بەڵێیە بۆ دادوەری و ئاشتی. بەوشەگەلێکی کورت، نا بۆ توندوتیژیی خۆ پەیمانێکی ئەخلاقیی وجودییە و، نا بۆ توندوتیژیی ئەوانی تر پەیمانێکی کۆمەڵایەتیی-سیاسییە لە بەرامبەر گشت شێوەکانی ستەمی مایەکی و واتەیی و بنیاتی بەهۆکارەکانی ناتوندوتیژی. لێرەوە ناتوندوتیژی دەبێتە چوار بەڵێ: بەڵێ بۆ خۆشەویستی، بەڵێ بۆ دادوەری، بەڵێ بۆ ئاکارداری، بەڵێ بۆ کاریگەرێتی.

بەدرێژیی مێژوو، توندوتیژی هاوشانی کۆمەڵێ جوانی بووە وەک بوێری و شەرەف و جوامێری و ئازایەتی و ئازادی و پاڵەوانێتی... جەخت لەسەر وشەی نا لە ناوجەرگەی وشەی ناتوندوتیژیدا، هەرچەندە دەبێتە مایەی قسەکردن لەسەر ئەوەی کە ناتوندوتیژی زاراوەیەکی نەرێیە (!)، ئەوەیش بۆ ئەوەی کە دەری ببڕین بەبێ هیچ ناڕوونی و تێکەڵییەک کە پێویستە بەیەکجاری و بنبڕانە لە توندوتیژی داببڕێین..."

"توندوتیژی بەردەوام کاریگەرە... بەڵام لە خزمەتی ستەمدا. چەکێکی نایابی دەستی ستەمکارانە. کاریگەرترینی چەکەکانیانە. بەڵی توندوتیژی بەکارە. بەداخەوە توندوتیژی هەموو پرسێکی بەرز دەلەوتێنێ. بەڵام خزمەتی دەکا! بێگومان نا. دەیشێوێنێ و لە ئامانجی بەرزی خۆی دووری دەخاتەوە. مەترسیدارترین شتێک کە لە کاری سیاسیدا ڕوو بدا پاساوهێنانە بە ئامانجێکی بەرز بۆ ئامرازگەلێک کە وەک خۆی نەبن" پاساو هێنان بۆی تەنانەت ئەگەر نائەخلاقیش بێ. تەنیا لەبەرئەوەی پرسەکەمان ڕەوایە ڕێ بەخۆمان دەدەین پاساو

بۆ گشت ئامرازەکان بهێنینەوە هەرچییەک بن! زۆر لە ئایدیۆلۆجیاکان لە پاساو هێنانەوە بۆ مەبەستەوە هەڵدێران بەرەو پاساو هێنانەوە بۆ ئامراز... توندوتیژیی ستەملێکراو بەهۆی تووڕەیی و نائومێدییەوە کاردانەوەیەکی عەفەویی تاکە لە بەرامبەر ستەم و سەر پێ شۆڕکردن، ئەمە شتێکی مرۆڤانەیە دەشێ لە هۆکارەکانی تێ بگەین، بەڵام نابێ پاساوی بۆ بهێنینەوە. بەڵام کە توندوتیژی بەئایدیۆلۆجیا بکرێ و ببێ بەتیۆری و ستراتیجی کار تا دەگاتە ئاستی بەپیرۆز زانینی! ئەمە پرسێکی پڕ مەترسییە..."

شیکەرەوەی دەروونی دەڵێن کە لەناخی هەر تاکێکدا دوو کەسێتی هەن لە زۆرانگرتنی بەردەوامدان: کەسێتییەکی ڕەسەنی سەرەتایی لەگەڵ درووستبوونی مرۆڤدا درووست دەبێ کە پێناسی ئەندامبوونی ئەرێنییە لە دنیا و یەککگرتنە لەگەڵ بوونەوەرانی تر و کرانەوە و خۆشەویستی و خۆشویستنی ژیان و ئارەزووکردنی دادوەری و ئازادی و ئاشتی و هاوکارییە، کەسێتییەکی تری هاوشانی ساختە بەهۆی ڕێگر و نائومێدی و پێشێلکارییە کۆمەڵایەتییەکان و بێتوانیی کەسێتیی ڕەسەن لە بواری خۆسەلماندندا دروست دەبێ. ئەمەیان کەسێتیی توندوتیژیی قەرەبووکەرەوە و ڕق و نێرگزێتی و خۆپەرستی و ڕەگەزپەرستی و لووتبەرزی و تاکڕایی و خۆشویستنی مەرگ و شەیداییی نەخۆشیئامێز بۆ دەسەڵات و پەرۆشی بۆ شەڕی نوێ و بۆ تۆڵەسەندنەوەیە. لەم زۆرانگرتنە بەردەوامەی نێوان "چاکە" و "خراپە" لە ناوەوەی هەر یەکێکماندا، هەڵبژاردنمان بۆ ناتوندوتیژی بەفریامان دەگا بۆ ئەوەی بەردەوام لە چاکە نێزیک بکەوینەوە و پاڵپشتیی کەسێتییە ڕەسەنەکەمان بکەین و ڕەگەکانی تێر بکەین... لە زۆرانگریی مێژوویی و بەردەوامی نێوان هێزگەلی ژیان و هێزگەلی مەرگدا، نابێ دوودڵ بین لە دەستنیشانکردنی پێگەی خۆماندا: ئێمە لە هێزەکانی ژیانین و لەگەڵیاندایین و، هیچ ڕۆژێک نابینە هێزی مەرگ و لەگەڵی نابین..."

فەیلەسووفی هاوسەردەمی ناتوندوتیژی فرەنسایی جان-ماری موللەر ئەندامی ئەنجومەنی ڕازگران لە زانکۆی ئۆنور و مامۆستای فەلسەفە و ستراتیجی ناتوندوتیژی تیایدا، لە میانی قسەکردنی لە وانەیەکدا کە دەزگەی ئاراس لە ٣٠ی ئەیلوول/ سێپتەمبەری ٢٠١٢دا بۆی ڕێکخست لە سەردانی دووەمی شاندی

زانکۆیەکە بۆ هەرێم کە موڵڵەری لەگەڵدا بوو، ئەوەیش سێیەمین سەردانی خۆی بوو بۆ هەولێر و حەزی خەڵک و بەرپرسانی لە ناتوندوتیژی سەرسامی کرد، دەڵێ:

"لە ڕۆژهەڵاتەوە فێری ناتوندوتیژی بووم، لە بیرمەند و خەباتکەرێکی ئاسیاییەوە کە ناوی گاندییە و لەڕێی بەرگرییە ناتوندوتیژەکەیەوە توانیی بەسەر گەورەترین وڵاتی داگیرکەری ئەو سەردەمە "بەریتانیای مەزن"دا سەربکەوێ. گاندی لەڕێی فەلسەفەکەی و خەباتەکەیەوە توانیی ببێتە پردێک لەنێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوادا، بەهۆی ئەو بەرهەمە بیرمەندانە و کردەنییانەی بەئەنجامی گەیاندن، کاتێک کە باشترینی ناو هەردوو شارستانێتیی ڕۆژئاوا و ڕۆژهەڵاتی کۆ کردەوە بۆ بەدیهێنانی ناتوندوتیژی... ناتوندوتیژی نا-یەکی قەدەخەکەری توندوتیژییە لە گشت هەڵوێستێک و گشت بیرۆکە و گشت ئامرازێک و گشت ڕووبەڕووبوونەوەیەکدا... ئەو ئامانجیشە و ئامرازیشە بەیەکەوە، وەک ئەوەی گاندی کە هاوبەندیی ئامانج و ئامراز بە هاوبەندیی دار و تۆو دەچوێنێ، ئامانجەکە لە ئامرازەکەدا بوونی هەیە وەک چۆن دارەکە لە تۆوەکەدا بوونی هەیە... ئەگەر نەتوانین بەسەر ئامانجەکاندا زاڵ ببین، ئەوە دەتوانین بەسەر ئامرازەکاندا زاڵ ببین، ئەمەش بریتییە لە کۆنترۆڵکردنی ئامانج لەڕێی ئامرازەوە، چونکە ئامانج شتێکی ئەبستراکتە بەڵام ئامراز بەرجەستەیە" و، لەو کاتەیشدا کە ئامانج داهاتووی مەبەستە، ئامراز پێوەندیی بەئێستاوە هەیە. بۆیە با ئامرازەکانمان بەردەوام ناتوندوتیژ بن، تاوەکو لە ئامانجە ئەرێنییەکانمان نێزیک ببینەوە و لەو بنەوایانەی باوەڕمان پێیان هێناوە کە بێگومان لە ماددەی ناتوندوتیژی نین..."

**بیرمەندی پەروەردەیی، دکتۆر ئۆگاریت یونان**، دامەزرێنەری زانکۆی ئۆنور و سەرۆکی زانکۆیەکە و سەرپەرشتیاری پرۆتۆکۆلی هاوکاریی زنجیرە بڵاوکراوە و وەرگێڕاوەکانی ناتوندوتیژی بەزوانی کوردی، لە کۆتای ئەم پێشەکییەدا دەڵێ: "مرۆڤ توانی توندوتیژی و توانی ناتوندوتیژیشی هەیە" زانیاران بەم ڕاستییە چەسپیوە گەیشتوون، بۆ ئەوە واز لەوە بهێنین کە بڵێین مرۆڤ لە سرووشتی خۆیدا توندوتیژە، یان تەنیا ناتوندوتیژ و نەرمە. کەواتە ئەوە پەروەردە و ژیگە و ئەزموونی ژیانن مرۆڤ بەم یا بەو ئاراستەیەدا دەبەن، بۆ ئەوەی توانەکانی ناتوندوتیژی یاخۆ توندوتیژیی تێدا زاڵ ببێ. بەدەستنیشانکراوی، ئەوانە شکستەکانی ژیان و

پەروەردە و دەمكوتی كۆمەڵگە و ستەمی ڕۆژگار و كەشی توندوتیژی دەوروبەری بەتاك و بەكۆمەڵی پەروەردەیی و كۆمەڵگەیی و سیاسین كە وردەوردە لەلای مرۆڤدا ئەم دەستەپاچەییە دروست دەكەن لەبەرامبەر زیندوو ڕاگرتنی ناتوندوتیژی ولێدانی دڵی بۆ چاكە، بۆ ئەوەی لەبەرامبەردا بوارەكانی توندوتیژی لە ناوەوەیدا فرەوانتر بن لە قسەكانی و هەڵسوكەوتی و هەڵوێست و بڕیار و پێوەندی و خەبات و حوكمدان و كولتوور و باوەڕیدا... بەجۆرێك كە ئەو و توندوتیژی وەك یەك دەبن، تەنانەت بەرامبەر بە نێزیكترینی نێزیكەكانیشی و، بەرامبەر دەوروبەرەكەی و گەلەكەیشی نەك تەنیا بەرامبەر بە نەیار و دوژمنانی... بەڵام ژیان چەقبەستوویی نییە بگرە بەردەوام ئەگەری گۆڕینی هەیە، وەك هیرۆكلیتس دەڵێ "تەنیا شتێكی جێگیر لە ژیاندا گۆڕانی بەردەوامیەتی". كەواتە هیوا هەیە. لەناو توندوتیژیدا دەخنكێین بەڵام هیوا هەیە بەوەی توانێكی قەتیسمان تێدایە بۆ پاشگەزبوونەوە لە توندوتیژی و دابڕان لێی و ڕوو وەرگێڕان بەلای ناتوندوتیژیدا كە خۆی بناخەییە تیاماندا...

مرۆڤ حەز دەكا و بەردەوام بەدوای ئەوەوەیە كە بەهێز بێ. هێز جیاكەرەوە و پێویستیشە. هێز، نەك توندوتیژی. هەرچەندە تێكەڵكردنی ئەم دووە بووەتە بنەوا، لەبەرئەوەی وەك دەردەكەوێ مرۆڤ هەست دەكا كە توندوتیژی مایەی شەرمەزارییە بۆی، بۆی كە بەكاری دێنێ تایبەتمەندییەكانی هێزی دەداتێ و بەوشەی هێز دەیگۆڕێ. دەیەوێ توندوتیژی بەكار بهێنێ و ویژدانیشی ئاسوودە بێ، بۆیە بەسیفەتەكانی هێز نەك ئەوانەی توندوتیژی وەسپی دەكا. مرۆڤ دەیەوێ و پێویستی بەوەیە كە بەهێز بێ نەك توندوتیژ بێ. جیاوازیی نێوان هێز و توندوتیژی قووڵ و بنەڕەتییە. بەهۆی لاوازی و داپڵۆسینمان لەلایەن ژیانەوە ڕوو لە توندوتیژی و ئامرازەكانی دەكەین، لەبەر بەهێزی و بەدەستهێنانەوەی ژیانیشە كە ڕوو لە ناتوندوتیژی و دنیایەكەی دەكەین. ئەوە ناتوندوتیژیی بەهێزەكانە، بەگوتەی عەبدولغەفار خانی هێمای دەگمەنی ناتوندوتیژی لە ئەفغانستان (و دواتر لە پاكستانیش) هاوڕێی گاندی و دامەزرێنەری "سوپای ناتوندوتیژی موسڵمان" كە دیاردەیەكی دەگمەنە لە مێژوودا تا بە ئەمڕۆ دەگا.

پیرۆزمان بێ، لە منداڵیمانەوە تا گشت ساڵانی تەمەنمان لە ڕێی پەروەردەوە

دۆستێکی بەئەمەکمانە، بۆ ئەوەی وامان پێ بگەیەنێ کە لە ناو دڵی ناتوندوتیژی بین و ئەو خۆی لەڕێی خوێندن و ڕۆشنبیربوون و وشیارکردنەوە و ڕاهێنانەوە هەرچەندە تەمەنیشمان زۆر بێ دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی ئەو ناتوندوتیژییەی ناومان ڕزگار بکا. پێویستیش هەر ئەوەندەیە کە جەختی بۆ بکەین کە بژارەی ئێمە: نا بۆ توندوتیژییە..."

ناتوندوتیژی لە ناوەوەماندا لەدایک دەبێ و، لەگەڵ تەمەندا فێری دەبین و، ڕاهێنانی لەسەر دەکەین و کارامەییی تێدا پەیدا دەکەین و، دەوڵەمەند دەبین بە کولتوورەکەی و هێماکانی کە لە ناخی کۆمەڵگەمانن... هاوکاری بەردەوامیشمان لەمەدا کتێب و سەرچاوە و پێشڕەوانی ئەم بوارەن لە هەموو دنیا، ئینجا دەستێکی خێرخواز دێ و ئەم کولتوورەمان بەزوانی خۆمان بۆ دەگوازێتەوە، بۆ ئەوەی ناتوندوتیژی ببێتە قسەمان و زوانمان، زوانی کوردی، بەوەش دەبێتە زوانێکی ناتوندوتیژ.

بەیرووت، شوبات/ فێبرایەر ٢٠١٣
گوتەیەک لە زانکۆی ناتوندوتیژی و مافەکانی
مرۆڤ لە جیهانی عارەب "ئۆنور"ەوە

تێبینی:
وەرگێڕانی لێرە بە پێشەوە لە عەرەبییەوە بۆ کوردی: شاخەوان کەرکووکی

## دەسپێک

ئیدی بەسە ڕەواجپێدان و خۆپەروەردەکردن لەسەر هەستگەلێکی توندوتیژ، کە وا بەگوێماندا دەچرپێنرێ ئەو هەستانە لە جەرگەی سروشتمانن و هەموو تەمەنمان لە ڕووبەڕووبوونەوەی نەزۆکدا بەسەر دەبەین، کە جگە لە شکستی بەردەوام بە هیچ ئەنجامێکی ترمان ناگەیەنێ با ئەو شتەیش بەدەست بێنین کە بۆی دەکۆشین... ئەمە ئەگەر بەدەستیشی بێنین.

هیچ شتێک نییە هێندەی تووڕەبوون و ڕق لای مرۆڤ ئاسان بن کاتێ هێزی جەستەیی وەک باشترین خەسڵەتە مرۆییەکان وێنا دەکرێ و تۆڵەکردنەوە و خوائۆخەی لەلای شیرین دەکرێ و یەکبین دەیڵێتەوە کە ماف لە ڕێی سڕینەوەی بەرامبەرەوە نەبێ بەدەست نایەت، لە ڕێی کوشتن یاخۆ تێکشکاندنی یان گەیاندنی بە دۆخێک ئێمە بەدەستییەوە دەمانناڵاند. لێرەشەوە چارەسەرکردنی ستەم بەئامرازە توندوتیژانە لەناوبەرەکان سەر دەکێشێ بۆ گێژاوی توندوتیژی.

ئاخۆ بەدیلی ئەمە چاوپۆشینە لە ستەم؟

دیارە ئامرازی تر هەن جگە لە توندوتیژی بۆ گەیشتن بۆ دۆخێکی دادپەروەرانەتر و نەهێشتنی ئەو نادادییەی بەرامبەر کەسانێک کراوە بەبێ ئەوەی دەستدرێژی بکرێتە سەر کەسانی تر و بەبێ ئەوەی ستەمبارەکە ببێتە "ستەمکار" و ڕۆڵەکان جێگۆڕکێ بکەن و "مێژوو خۆی دووبارە بکاتەوە".

ئەزموونی گەلان لە بواری بەدەستهێنانەوەی مافی خۆیان لە ژیان و

ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی بەبێ بەرەنگاریکردنی توندوتیژی بە توندوتیژییەکی تر کە ئەنجامەکەی سەرهەڵدانی حاڵەتی نوێی ستەمە، زۆر و زەوەند و پڕ لە نموونەیە. خۆ ئەگەر ئەو توندوتیژییە نەبووە مایەی هەڵگرتنی ستەمەکە، ئەوا دۆخەکە خراپتر دەکا و ناسۆریی پتر بەدوای خۆیدا دێنێ، هەروەها بەهۆی ئەو ترس و کاردانەوەیەی لای دەسەڵاتداران دروستی دەکا، سەرکوتکردنەکە سەختتر دەکا.

کاتێ باس لە بێمانایی ڕووبەڕووبوونەوەی ستەم بە توندوتیژی دەکەین، مەبەستمان ئەوە نییە کە بەدیلەکەی پێکەوەژیانە لەگەڵ ئەم ستەمە لە روانگەی "ئامادەکردنی گوپەکەی ترەوە" بۆ لێدانی، بگرە مەبەست ڕووبەڕووبوونەوەی راستەقینە و دیراسەکراوە لە ڕێی کۆبوونەوەی چەوساوان و راگەیاندنی رەتکردنەوەیان بۆ ئەو حاڵەتە و بەرنامەڕێژییان بۆ نەهێشتنی و هێنانەکایەی ئازادی و دادپەروەری بۆ هەمووان دێتە دی. ئەمەش روو نادا تا خەڵک هەست بەوە نەکەن کە دەبێ بایەخ بە دۆخی ژیانی خۆیان بدەن و بۆ گێڕانەوەی مافە زەوتکراوەکانیان چاکی مەردانەی لێ بکەن بە لادا.

"بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک" لەگەڵ هەزاران کەس لە لبنان دیدار و چاوپێکەوتنی هەبووە، لە سەرجەم ئەو دیدارانەدا کۆمەڵێک پرسیار و تێبینیی بنەڕەتی دووبارە دەبوونەوە:

رەنگە کاری ناتوندوتیژانە لە ململانە ناوەخۆییەکاندا بەکەڵک بێ، بەڵام ئاخۆ لە ململانە نەتەوەییەکان لە دژی دەستدرێژیکارانی دەرەکی هیچ ئەنجامێکی دەبێ؟

ئەگەر دوژمن توندوتیژیی بەکار هێنا، چۆن دەکرێ بەناتوندوتیژی وەڵام بدرێتەوە؟

رەنگە ناتوندوتیژی لە وڵاتانی دیموکراسیدا کە رێز لە مافەکانی مرۆڤ

دەگیرێ، بەکەڵک بێ بەڵام لە وڵاتانی دیکتاتۆریدا بێ کەڵکە.

چۆن دەکرێ ناتوندوتیژی لەگەڵ کەسانی وەک هیتلەر بەکار بێ؟

هەموو ئەوانەی پێڕەوییان لە خەباتی ناتوندوتیژانە کرد کوژراون لەوانە گاندی و مارتن لۆسەر کینگ و مەسیح و... هتد. ئەم پرسیارانە دەخوازن ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە روون بکرێنەوە، وەرگێڕانی کتێبەکانی ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە بۆ ئەو مەبەستەیە.

لەو کتێبەدا جین شارپ ١٩٨ ڕێگەی بۆ کاری ناتوندوتیژانە خستووەتە روو کە هەموویان لە ئەزموونی زیندووی مێژوو تا ساڵی ١٩٧٣ کە کتێبەکەی تێدا دەرچووە، وەرگیراون.

ئەو ئەزموونانەی لەم کتێبەدا باس کراون دەری دەخا ڕێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە فرە جۆرن، هەروەک باس لە کاریگەریی کاری ناتوندوتیژانە لە هەلومەرجە جیاوازەکاندا پێشان دەدا.

هەروەها روونی دەکاتەوە کاری ناتوندوتیژانە کاریگەرانە بۆ بەدیهێنانی ئامانجی جۆرەوجۆری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و هی تر بەکار هاتووە.

هەروەها تەنیا پێوەست نییە بەپرسە ناوەخۆیییەکانی وەک داواکارییە کۆمەڵایەتییە ئابوورییەکان و مافە مەدەنییەکان لە بەرامبەر جیاکاریی رەگەزی، بگرە پرسە نەتەوەیییەکانیش دەگرێتەوە وەک ئیمپریالیزم و داگیرکردنی دەرەکی.

هەروەها دەردەکەوێ کاری ناتوندوتیژانە لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕێژیمگەلی دیموکراسی و هەروەها نادیموکراسیشدا بەکار هاتووە، بەتایبەتی ڕێژیمی نازی کە هیتلەر دایمەزراند.

پەیامی بنچینەیی ئەم کتێبە برێتییە لەمەی خوارەوە:

کاتێ ستەم روو دەدا ئێمە لە بەردەم دوو بژارەدا نین کە سێیەمین نەبێ: توندوتیژی یان ملکەچکردن. رێگەیەکی سێیەمیش هەیە کە برێتییە لە بژارەی بەرگریکردنی مەدەنیی ناتوندوتیژانە.

کتێبی رێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە بەشی دووەمن لە سیانەی "سیاسەتی کاری ناتوندوتیژانە" کە لە سێ بەش پێک دێ:

بەشی یەکەم Power and struggle

بەشی دووەم Methods of non violent action

بەشی سێیەم Dynamics of non violent action

بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک بەشی یەکەمی لە کتێبێکدا وەرگێڕدرا بەناونیشانی یاخیبوونی مەدەنی.

بەشی دووەم بزووتنەوە بەپێی ئەو پۆلبەندییە دانەر دایناوە وەریدەگێرێ کە، ئەویش لە رێگەی چوار کتێبەوە کە هەموویان لەژێر ناونیشانی "لە ئەزموونەکانی گەلان لە رووبەڕووبوونەوەی مەدەنیدا"ن.

کتێبی یەکەم: کارەکانی نارەزایی و قایلکردن.

کتێبی دووەم: هاوکارینەکردنی ئابووری.

کتێبی سێیەم: هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی و سیاسی.

کتێبی چوارەم: شێوەکانی دەستوەردانی راستەوخۆ.

"بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک" پێی باش بوو ئەم بیرۆکانە بۆ سەر زمانی عەرەبی بگوێزێتەوە، ئەمە خوایە بەهۆیەوە بەرچاومان رووناک ببێتەوە و بتوانین لە گێژاوی توندوتیژیی بکوژ بچینە دەرەوە، کە وای لێ کردووین لە دەریای نەهامەتی و بێئومێدی و ترس و داڕووخاندا نغرۆ ببین.

بزووتنەوەی مافەکانی خەڵک

## پێشەکی

چل و یەک ڕێگەکەی دەستووەردانی ناتوندوتیژانە لەوەدا لە نارەزایی و قایلکردن و هاوکارینەکردن جیاوازە کە دەست دەخاتە ناو دۆخ-کێشەکە. ئەو ڕێگەیانە بەهەردوو شێوەی ئەرێنی و نەرێنی کار دەکەن، چونکە لە توانایدایە شێوە باوەکانی ڕەفتار، پرۆژە، پێوەندی، یاخۆ دامەزراوانەی جێپەسند نین بخاتە لەرزە یان تەنانەت تێک بشکێنێ، هەروەک دەتوانێ شێوە ڕەفتاری نوێ، یان پرۆژە پێوەندی یاخۆ دامەزراوەی باشتر دابمەزرێنێ.

هەندێ لەو ڕێگەیانە ئەنجامگەلی یەکەم و هەندێکیشیان ئەوانەی دووەمیان لێ دەکەوێتەوە.

بە بەراورد بە ڕێگەکانی نارەزایی و قایلکردن و هاوکارینەکردن، ڕێگەکانی دەستووەردانی ناتوندوتیژانە گژبەری (تحدی)یەکی زێدە هەنووکەیی و ڕاستەوخۆ نیشان دەدا. لە بارێکدا سەرکەوتوو بێ ئەنجامەکانی خێراترن، چونکە دژبەر (خصم)ەکەی بە ئاستەم دەتوانێ بۆ ماوەیەکی درێژتر بەرگەی ئاسەوار و کاریگەرییەکانی بگرێ. با دەستوەردان لە ڕێی پەناگیری (اعتصام) لەناو چێشتخانەیەک کە جیاوازیی ڕەگەزی دەکا بەنموونە وەرگرین، ئەو دەستوەردانە کاریگەرییەکەی ڕاستەوخۆتر و زیاتر دەبێ لەوەی بەمەبەستی بەرگرتن لە جیاوازیی ڕەگەزی، بەکاربەران بایکۆتی مادە خۆراکییەکان بکەن. بەڵام ئەوە کە شێوازەکانی دەستوەردان روونتر و ڕاستەوخۆترە، مەرج نییە ئەنجامەکانی سەرکەوتووتر و خێراتر بێ، بەتایبەت لە پێوەندیدا بەجۆری دەستوەردانەکەوە. ڕەنگە سەرکوتکردنی

دڵڕەقانە و خێرا ئەنجامی یەکەم بێ، بەڵام مەرج نییە ئەوە ببێتە مایەی شکستهێنان.

لە زۆربەی حاڵەتەکاندا، لەوانەیە دەستوەردانی ناتوندوتیژانە سەربکێشێ بۆ گۆڕینی میکانیزمی جموجۆڵە ناتوندوتیژانەکە، بەو واتایەی رەنگە دژبەرەکە بڕوا بەوە نەهێنێ کە پێویستە رەفتاری خۆی بگۆڕێ. هەرچی هەندێ لەو شێوازانەیە، بەتایبەت دەستوەردانی دەروونی، (جگە لە سەرکوتکردن کە زۆرجار دەبێتە هۆی ئازاردانی ئەوانی تر، وەک لە بواری دەستوەردانی جەستەییدا)، رەنگە بۆچوونی دژبەرەکە بگۆڕێ، یان لانی کەم وای لێ بکا متمانەی بە راستیی بۆچوونەکانی رابردووی کەم ببێتەوە.

چالاکە ناتوندوتیژەکان لەو بڕوایەدان رێگەکانی دەستوەردانی ناتوندوتیژانە لە هەموو رێگەکانی جموجۆڵ زیاتر پشت بەدەستپێشخەری دەبەستێ، لەبەرئەوەی بۆ هەردوو ئامانجگەلی بەرگریکارانە و هێرشبەرانە پەنای بۆ دەبرێ: بەرگریکارانە، بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشی رەقیبەکەی، هێرشبەرانەیش لە پێناو گواستنەوەی کێشەکە بۆ یاریگەی بەرامبەر تەنانەت بەبێ روودانی هەر ئاڵۆسکاندن (استفزاز)ێکیش لەلایەن ئەو دژبەرەوە. ئەم شێوازانە تەنیا کاردانەوەی بەرگریکارانە نین بۆ کارێک کە ئەو -دژبەرە- پێی هەڵدەستێ.

دەستوەردانی ناتوندوتیژانە چەندان جۆری هەیە، لەم بەشەدا بەم شێوەیە پۆلبەند کراون: دەروونی، جەستەیی، کۆمەڵایەتی، ئابووری و سیاسی.

بەڵام جۆری دەستوەردانەکە رەنگە جیاواز بێ لەو کاریگەرییانەی رەنگە لێی بکەوێتەوە. بەو واتایەی رەنگە دەستوەردانێکی کۆمەڵایەتی کاریگەرییەکی سیاسیی هەبێ. هەروەها رەنگە دەستوەردانێکی جەستەیی ئەنجامگەلێکی کۆمەڵایەتیی هەبێ.

رێگەکانی جموجۆڵی ناتوندوتیژانە هەموو لەوەدا لێک دەچن کە

کـاریگەرییـەکی دەروونیـیـان هەیە، بەڵام دەسـتـوەردانـێکی دەروونـی ئەو رێگەیانە لەخۆ دەگرێ و کە رەگەزە دەروونییـەکە بەسەر شێوەی دەربڕیندا زاڵە.

بێگومـان ئـەم دابەشکردنـە تا رادەیەک رەمـەکـیـیـە، پۆلینکردنی چەند رێگەیەکی دیاریکراو لە دۆخـێکی مـەیدانیی دیاریکراودا دەکـرێ. هەروەک مـەرج نیـیـە هەمـوو پەنـابردنێک واتای دەسـتـوەردان بگەیەنێ. رەنگە جـمـوجـۆڵەکـە سنووردار، یـان لاواز، یان دیاریکراو بێ لە کـاتەکـە، یان لە ژمـارەی ئەوانەی پێی هەڵدەستن، یان لـە ئـامـانجـەکـەیدا تا ئـەو رادەیەی ناتوانێ ببـێتـە دەسـتـوەردانێکی بەرهەست، بگرە لە جـێی ئەوە ببـێتـە نارەزاییی دەربڕینێکی ناتوندوتیژانە یاخۆ هەوڵێکی قایلکردن.

ئێستەیش باسی دەستوەردانی دەروونی دەکەین.

## دەستوەردانی دەروونی

چوار ڕێگەکەی دەستوەردانی دەروونی لە رووی هەڵوێست بەرامبەر ئەو کەس یان گرووپەی دژی دەکرێ، جیاوازن. خاڵی هاوبەشیان ئەوەیە لە هەموویاندا دەستوەردانەکە تەنیا لەسەر ئاستی دەروونی (سایکۆلۆجی) دەبێ.

١- خۆدانە بەر ئازاری رەگەزە سروشتییەکان

یەکێک لە شێوەکانی دەستوەردانی دەروونی برێتییە لەوەی کەسێک لە رێی رەگەزە سروشتییەکانەوە جەستەی خۆی تووشی ئێش و ئازار و تەنگاوی بکا، وەک ئەوەی ئەو کەسە خۆویستانە خۆی بداتە بەر تیشکی هەتاو یاخۆ خۆی تووشی سووکایەتی و سزادان بکا بەمەبەستی دروستکردنی پاڵەپەستۆی دەروونی یان عاتیفی لەسەر ئەوانی تر، تا وایان لێ بکا رەفتاریان بگۆڕن، یان کارێکی دیاریکراو بکەن.

یەکێکی تر لە رواڵەتەکانی خۆتەنگاوکردن لە ڕێی کاری ناتوندوتیژانەوە، زیانگەیاندنە بەموڵک و سامانی تایبەتی خۆی.

دادوەرێکی چینی لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەمدا بۆ چارەسەرکردنی بەشەڕهاتنی بەردەوامی دوو برا پەنای بردە بەر خۆسزادان بە خۆدانە بەر قرچەی هەتاو. دادوەر"لو" پێی گوتن "ئەگەر دوو برا نەتوانن تەبا بن، ئەوە ئەمە گۆڕانێکی گەورەیە لە پێوەندییە مرۆییەکاندا، من باوک و دایکی ئەم گەلەم، کەواتە من تاوانبارم کە نەمتوانیوە باش فێرتان بکەم". ئینجا لە بەردەم تیشکی سووتێنەری خۆردا چۆکی دادا و دانیشت. بەوە هەردوو برا ناکۆکەکە دڵیان نەرم بوو و گریان، لەوە بەدوا باشترین پێوەندییان هەبوو.

پرۆفــیــســۆر ولگرام ئەبرهاد دەڵی" دادوەر لو دەیتــوانی ســزای توندی هەردوولا بدا کە ڕێساکانی کۆنفۆشیۆسیان لە خۆشەویستیی برایانەدا پێشێل کردبوو، ئەو سزایانەش بەلای دادوەرانی ئەو سەردەمەوە شتێکی ئاسایی بوو. هیچ دادوەرێک هەوڵی نەدەدا بزانێ کامیان ڕاست و کامیان هەڵەیە. بەڵام ڕەفتارەکەی قازی "لو" هەردووکیانی شەرمەزار کرد و توانی ڕەفتاریان ڕاست بکاتەوە و گێژاوی توندوتیژی رابگرێ.

ترۆتسکی کە ئەو کاتە منداڵێک بووە لە کێڵگەکەی باوکیدا دەگێڕێتەوە، لە هەرێمی خرسن لە رووسیای ئیمپراتۆری لە ساڵی ١٨٨٠ ژمارەیەک وەرزێر کە بەشێوەیەکی کاتی لە کێڵگە کشتوکاڵییەکاندا کاریان دەکرد، بۆ دەربڕینی ناڕەزایی لە خواردنی خراپ، کارێکی لەو جۆرەیان کرد. ترۆتسکی دەڵێ: وەرزێرەکان کێڵگەکانیان بەجێ هێشت و لە دەشتاییەکدا کۆبوونەوە، لەسەر زەوی بەدەمدا پاڵ کەوتن و قاچە لاوازەکانیان بەرز کردەوە و لە چاوەڕوانیی ئەوەدا چی روو دەدا، لەو کاتەدا باوکم کاڵەک و ماسیی وشککراوەی دانێ و ئەوانیش بەدەم گۆرانی وتنەوە گەڕانەوە سەر کار.

لە هاوینی ١٩٧٢ ژمارەیەک لە گیراوانی ئینگلیز و ئەمەریکایی ناڕەزاییان دەربڕی، ئەویش بە مانەوە بۆ ماوەیەکی زۆر لە سەربانی گرتووخانەکە یان تەنانەت لەسەر کۆگاکانی ئاو و ژیانی خۆیانیان دەخستە مەترسی. ئەوە لە گرتووخانەی فیدراڵی لە شاری دانبوری - کونکتیکتیش رووی دا.

٢- ڕۆژووگرتن

زۆرجار وەک ڕێگەیەک لە ڕێگەکانی دەستوەردانی دەروونی پەنا بۆ ڕۆژووگرتن دەبرێ. مانگرتن لە هەندێ یان لە هەموو خواردنەکان لەبەر چەند هۆیەک پەنای بۆ دەبرێ، لەوانە تەندروستی، ئاین، سزادان خۆپاککردنەوە یان بۆ بەدیهێنانی ئامانجگەلێکی کۆمەڵایەتی و سیاسی، کە ئەمەی دواییان بابەتی بایەخپێدانی ئێمەیە:

ڕۆژووگرتن جگە لەوەی ڕەنگە تەنیا ناڕەزاییی دەربڕینێکی مەعنەوی بێ، لێرەدا سێ جۆر لە ڕۆژوو باس دەکەین: ڕۆژوو بەمەبەستی پاڵەپەستۆی مەعنەوی، مانگرتن لە خواردن و ڕۆژووگرتنی ناتوندوتیژانە کە گاندی لە هەندێ بۆنەدا پێڕەویی دەکرد.

أ– ڕۆژووگرتن بەمەبەستی پاڵەپەستۆی مەعنەوی:

ئەم جۆرە ڕۆژووە هەندێ خەسڵەتی هاوبەشی لەگەڵ دوو جۆرەکەی تر هەیە و بەتەواوی نابێتە مایەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی دەستوەردانی ناتوندوتیژانە، هەروەها جێی ناڕەزایی (احتجاج) و قایلکردن (اقناع)یش ناگرێتەوە. ڕۆژووگرتن بەمەبەستی پاڵەپەستۆی مەعنەوی، زیاتر هەوڵێکە بۆ دروستکردنی کاریگەرییەکی مەعنەوی لەسەر ئەوانی تر بۆ بەدیهێنانی ئامانجێک، ئەگەرچی وەک مانگرتن لە خواردن هەڵگری سیفەتی پابەند و ناچارکردنی نییە، هەروەها وەک ڕۆژووگرتنی ناتوندوتیژانەش هەڵگری سیفەتی قایلکردن نییە. زۆر کەس دەڵێن ڕۆئاوا لە ڕۆژوو تێ ناگەن، بەڵام ئێمە چەندان ڕووداو دەزانین کە لە ڕۆئاوا ڕوویان داوە و لە هەندێ حاڵەتدا پێش لە چالاکییەکە ڕێگەی ڕۆژووگرتن لای چالاکەکان نەزانراو بووە، کەچی ئامانجەکان تا رادەیەکی چاوەڕواننەکراو ئەرێنی بوون.

بۆ نموونە لە ساڵانی ١٩٦٠ و ١٩٦١دا لایەنگرانی داماڵینی چەکی ناوکی و ئاشتیخوازان لە ئینگلتەرا لە کاتی هەڵمەتی چەک داماڵیندا دژ بەمجۆرە ناڕەزاییییە بوون لەو روانگەوە کە گەلی ئینگلیزی لە ڕۆژووگرتن تێ ناگا، بەڵام کاتێ لە ١٩٦٢ بۆ پاڵپشتیکردن لە بزووتنەوەی داماڵینی یەکلایەنەی چەکی ناوکی، هەروەها لەو ساڵە و ساڵی ١٩٦٣دا بۆ پاڵپشتیکردنی هەڵمەتی بەخشین لە پێناو قوربانییانی برسێتییەکاندا، پێڕەوی لە ڕۆژووگرتن کرا، ژمارەی حاڵەتەکانی مانگرتن لە خۆراک بەشێوەیەکی خێرا زیادی کرد و توانی تێگەیشتن و هاوسۆزیی جەماوەر بەدەست بێنێ.

نموونەکـان لەســەر ڕۆژووگـرتن بـە ئامـانجی پاڵەپەســتـۆی مـەعنەوی جۆرەوجۆرن. قەشە پاتریک لەگەڵ شا "تربان ئێف ئەڵستـەر" ئەم ڕێگەیەی بەکار هێنا تا وای لێ بکا لەگەڵ کۆیلـەکانـی بەبەزەیی بێ. هەروەها هەمان ڕێگە لە یەکێک لە شـارەکاندا دژ بە بێبـاوەڕی (هەرتەقـە) بەکار هـێنرا بۆ ئەوەی وا لە خەڵک بکەن ببنە مەسیحی.

نیـشـتـەجـێگەرە ئەمـەریکاییـیـەکـان لە چەندان بۆنەدا پەنـایان بۆ ڕۆژوو بـردووە، لەوانـە دانـانی ڕۆژی یـەکـی حـــوزەیران وەک ڕۆژی ڕۆژووگـــرتـن و لەخـۆبووردەیی و نوێژکردن، ئـەویش وەک نـاڕەزایی لە دژی ڕێککەوتننامـەی بۆستن لـە ٢٤ی ئـایـاری ١٧٧٤. ئامـــانج لەو کـــارە لاڵانەوە بـوو لە خـــوای مـیـهـرەبان کە بەهانایانەوە بێت و بـەر بەلەناوبردنی مـافـە مـەدەنیـیـەکـانی ئەمــەریکاییــیــەکـان و شــەڕی نـاوەخـۆ بگرێ. پاش دوو ڕۆژ فـەرمـانڕەوا ئەندامانی ئەنجـوومەنی بانگ کرد بۆ کۆبوونەوە و بەبڕیاری شـا و پەرلەمانی ئینگلتـەرا ئـەنجـوومــەنی راوێژکـاری هەڵوەشــاندەوە، بـەوەیش ڕێگەی لە ڕوودانی کردەوەی دەستدرێژیکارانەی نوێ گرت.

لە هاوینی ١٧٧٤ لە ڕود ئیـلاند لە پێناو باشـبـوونی خـراپیی بارودۆخی گشتیی وڵات ڕۆژی نوێژکردن و ڕۆژووگرتن لە دوورگەکە ڕاگیرا.

لە ١٦ی شـوباتـی ١٧٧٥ ئەنجـوومـەنی پیـرانی مـاسـاشـوسـتس لە کۆبوونەوەیەکیدا لە کامبرێدج ڕۆژی نوێژکردن و ڕۆژووگرتنی ڕاگەیاند و داوای لە خەڵک کرد لە پێناو شا جۆرجی سێیەمدا نوێژ بکەن، بۆ ئەوەی بەوە نیـشـانی بدەن کە ملمـلانەکـە لەگـەڵ خـودی شـادا نییـە، بگرە لەگـەڵ حکوومەتەکەیدایە.

لە نیـسـانی ١٩٦٢ ژمـارەیەک فـرەنسـایی لە پێناو ئاشـتی لـە جـەزائیـر ڕۆژوویان گرت، هەروەها لویس لۆکانی بانگخـوازی ئاشتیش لە حوزەیرانی هەمـان سـاڵ بۆ بەدەسـتـهێنانی دانپێدانانێکی یاسـایی بەبانگخـوازانی بایکۆتکردنی جەنگ هەمان شتی کرد.

دانیلۆ دۆلچی لە کاتی کارکردنیدا لە پێناو زاڵبوون بەسەر هەژاری لە سەقلیە، پەنای بۆ ڕۆژووگرتنی تاکەکەسی و بەکۆمەڵ برد. کاتێ منداڵێکیش بەهۆی بەدخۆراکییەوە لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٢ گیانی لەدەست دا، دۆلچی بڕیاری دا بۆ ڕاکێشانی سەرنج بۆ بێکاری و نەهامەتییەکانی شاری ترابیتۆ ڕۆژوو بگرێ و ڕەتی کردەوە نان بخوا تا پارەی پێویستی بۆ نەهێشتنی برسێتی کۆ کردەوە.

لە ٣٠ی کانوونی دووەمی ١٩٥٦ دۆلچی بەسەرۆکایەتیی هەزار ماسیگری بێکار ڕۆژووگرتنێکی بەکۆمەڵی لە کەنار دەریا بۆ ماوەی ٤٢ سەعات جێبەجێ کرد، تا سەرنج بۆ دۆخی ئەو ڕاوچییانە رابکێشێ. پۆلیس بڵاوەی پێ کردن.. لە ١٦ی کانوونی دووەمی ١٩٦٦یش بۆ ناڕەزایی دەربڕین لە دژی کارە مافیاییەکان ماوەی هەفتەیەک ڕۆژووگرتنی جێبەجێ کرد.

بوودییەکانیش ساڵی ١٩٦٠ لە ململانە ناتوندوتیژانەکانیان لە باشووری ڤێتنام ڕۆژوویان دەگرت، کە هەندێ جار کارەکە بە تاکەکەسی و هەندێ جار لە شێوەی گرووپ گرووپدا و هەندێ جاری تریش هەزاران کەس پێکەوە دەکرا. لە هەندێ بۆنەی دیاریکراودا بوودییە بەساڵاچووەکانیش بەشدارییان کرد. "تریش نات هان" دەڵێ "ئامانجی ڕۆژووگرتن، نزاکردن و پاککردنەوەی دڵ و بەهێزکردنی ویستە، یاخۆ ورووژاندنی بایەخدان و هاوسۆزییە لە دڵی خەڵکدا".

ب- مانگرتن لە خواردن

مانگرتن لە خواردن جۆری دووەمی ڕۆژووگرتنە، رازینەبوونە بە خواردن بەمەبەستی ناچارکردنی بەرامبەر بۆ جێبەجێکردنی هەندێ داواکاری بەبێ کۆششێکی ڕاستەقینە بۆ گۆڕینی بۆچوونی یاخۆ گۆڕینی "ئەوەی لە دڵیدایە". لەم بوارەدا مانگرتن لە خواردن لە "ڕۆژووگرتنی ناتوندوتیژانە" جیاوازە کە گاندی جێبەجێی کرد، وەک دواتر دەبینین.

مانگرتن لە خواردن هەندێ جار بۆ ماوەیەکی دیاریکراو و هەندێ جاریش بۆ ماوەی دیارینەکراو، یان تەنانەت تا مردن دەبێ ئەگەر داواکارییەکان جێبەجێ نەکران. ئەو گیراوانەی هەست دەکەن هیچ ئامرازێکی سەرکەوتوویان بۆ دەربڕینی نارەزایی لەبەردەستدا نییە جگە لەم رێگەیە، پەنای بۆ دەبەن. نموونەیش لەو رووەوە زۆر و زەوەند و هەمەجۆرە.

بەپێی یاسای ئێرلەندای کۆن ئەو کەسەی دووچاری ستەم یان سووکایەتی دەبێ، پێویستە راستەوخۆ سزای ستەمکارەکە بدا و چاوی لە هیچ سەودا و رێککەوتنێک نەبێ. سزاکەیش دەستبەسەرداگرتنی هەندێ ماڵ و سامانی دیاریکراوە وەک مەڕوماڵات و هی تر.

... سکاڵاکار لە بەرامبەر سکاڵالێکراو رۆژوو دەگرێ، ئەم پرۆسەیە پێش لە جێبەجێکردنی سزاکە پێویست بوو لە بارێکدا سکاڵالێکراو لەسەر ئاستی چین یاخۆ پلەدا لەسەروو سکاڵاکارەکەوە بوایە. سکاڵاکار بەبێ خواردن لە بەردەرگەی سکاڵالێکراودا دەوەستا. زۆرجار خاوەن ماڵەکە بەر لە کۆتایی پرۆسەکە خۆی بەدەستەوە دەدا. بەڵام ئەگەر سکاڵاکار پاش بەڵێندان بەهەڵگرتنی ستەمەکەی سەری هەر رۆژووەکەی نەشکاند، ئەوا هەموو مافەکانی دەسووتێ. هەندێ لە بڕگەکان ئەوەیان لێ دەخوێنرێتەوە کە پێویستە تا ئەو کاتەی سکاڵاکار مانی لە خواردن گرتووە سکاڵالێکراویش هیچ نەخوا. ئەوەی وا نەکا شایستەی دادپەروەری نییە نە لەلایەن خوا و نە لەلایەن مرۆڤەوە (یاسای بەریتانیا، بەشی یەکەم لاپەڕە ١١٣). لەو بارەشدا لەگەڵ بایکۆتکردنێکی سەرتاسەریی کۆمەڵایەتی رووبەڕوو دەبێتەوە.

هیندیەکان -وەک شیریدها رانی باسی دەکا- بەم شێوەیە پەناگیری و مانگرتن لە خواردن ئەنجام دەدەن:

لە سەدەکانی ناوەڕاستدا کابرای سووخۆر ئەگەر نەیتوانیایە لە کاتی خۆیدا پارەکەی بگێڕێتەوە، لە بەردەم دەرگەی قەرزارەکەدا دایدەکوتا و دەمی لە خواردن نەدەدا تا پارەکەی بەتەواوی وەردەگرتەوە. ئەو دیمەنە وای

دەکرد کەسانی فزووڵی لەو جێیە خڕ ببنەوە، بەم شێوەیەش کابرای قەرزار هەوڵی دەدا بۆ رزگاربوون لەو شەرمەزارییە قەرزەکەی سەری بداتەوە.

شایەرەکانی بەر دیوانی شاهانەی هیندیش هەمان کسمیان هەبوو، کاتێک پاشاکەیان ئامادە نەدەبوو دابەزێتە گۆڕەپانی جەنگ بۆ شەڕکردن، لە بەردەم قاپی کۆشکدا دادەنیشتن و مانیان لە خواردن دەگرت. لە زۆربەی جارەکاندا پادشا بەدەمیانەوە دەهات.

لە رووسیاش ژمارەیەکی زۆر پرۆسەی مانگرتن لە خواردن دەخوێنینەوە. گیراوانی سان بتسبۆرگ لە هاوینی ١٨٧٥دا بۆ ماوەیەکی درێژ مانیان لە خواردن گرت. پاش مردنی ژمارەیەکیان، لە تۆڵەی ئەوەدا سەرۆک دەزگای هەواڵگری کوژرا. لە هەمان بەندیخانەدا شۆڕشگێڕی ناسراو سیرگای نیشایڤ پاش چوار ساڵ مانەوە لە بەندیخانەی تاکەکەسیدا، لە کۆتای ساڵی ١٨٧٧دا مانی لە خواردن گرت لە پێناو دابینکردنی کتێبی نوێ بۆ کتێبخانەکەی بەندیخانەکەی.

پیتەر کرۆبۆتکین دەیگێڕێتەوە، لە تەمووزی ١٨٧٨ شەش گیراو وەک نارەزایی لە بەرامبەر بارودۆخی نالەباری بەندیخانەکەیان، تا مردن مانیان لە خواردن گرت.

پاش چەند هەوڵێکی سەرنەکەوتوو بۆ خواردن پێدانیان لە رێی دەرزییەوە، بەرپرسە رەسمییەکان بەڵێنیان دا رێگەی هەندێ گەشتیان پێ بدرێ و زنجیر لە دەست و پێی نەخۆشەکانیان بکرێتەوە. بەڵێنەکانیان جێبەجێ نەکران. بەڵام پاشتر دوای مردنی هەندێ لە مانگرتووان و شێتبوونی دووانیان، گیراوەکان مافی بڵاوکردنەوەی تەختەیان لە حەوشەی بەندیخانەکەدا بەدەست هێنا.

پیتەر کروبۆتکین دەڵێ گیراوەکانی ناو قەڵای " پوترس و پۆڵس" لە ساڵی ١٨٧٩ و ١٨٨٠دا مۆڵەتی ئەوەیان پێ درا دوو هەفتە جارێک خێزانەکانیان

ببین، ئەویش لە ئەنجامی ئەو مانگرتن لە خواردنەی کە پێنج شەش رۆژی خایاند و مانگرتووان تێیدا بەرەنگاریی خواردن پێدانیان بە دەرزی دەکرد.

ترۆتسکی لە کاتی دەستبەسەرکردنی لە بەندیخانەی خرسن لە ساڵی ١٨٩٨، گیراوە سیاسییەکانی تری قایل کرد مان لە خواردن بگرن، ئەویش وەک نارەزایی بەرامبەر پێشنیازێکی پۆلیس بۆ کەسوکارەکانیان کە گیراوەکان ئازاد دەکەن ئەگەر توانییان لە هەر چالاکییەکی سیاسی دووریان بخەنەوە، کە ئەوە بەلای ترۆتسکییەوە " سووکایەتی بوو بۆ شەرەفی شۆڕشگێڕان".

دواتریش لە ساڵی ١٩٢٢ دوو هەزار ئەندامی حزبی مانشەڤیک دەستگیر کران و هەڕەشەی دوورخستنەوەیان بۆ ناوچە دوورەدەستەکانی رووسیا لێ کرا. هەندێکیان مانیان لە خواردن گرت، بەو هۆیەوە رێگە بەژمارەیەکیان درا وڵات بەجێ بێڵن. بەڵام ئەنجامەکان لە هەوڵێکی تری هاوشێوەدا لە پایزی ١٩٣٦ جیاواز دەرچوو. بەگوتەی بدریس بودولاک کە شایەتحاڵ بووە و لە ساڵی ١٩٥١دا شایەتیی داوە، ژمارەیەکی زۆر لە گیراوە ترۆتسکییەکان لە گرتووخانەی فوکورتا، بەبەشداریی چەند گرووپێکی تری سیاسی، کە ژمارەیان دەگەیشتە ٤٠٠ کەس مانیان لە خواردن گرت. مانگرتووان بەیاننامەیەکیان ئاراستەی پۆلیس کرد و تێیدا رێژیمیان ڕیسوا کرد و بە فاشییەت وەسفیان کرد و داواکارییەکانیان خستە روو.

ئەگەرچی زۆر لە گیراوانی تر لەگەڵیان هاوسۆز بوون، بەڵام ژمارەی مانگرتووان زیادی نەکرد، بگرە رووی لە کزی کرد. پاش نێزیکەی دوو مانگ زۆربەیان وایان لێ هات نەیانتوانی بەرەنگاری خۆراکپێدان بە دەرزی بگرن و لە کۆتاییدا تەنیا ٤٠ کەسیان مانەوە کە لە برسا مردن. ساڵی ١٩٣٧ لێژنەیەکی تایبەت لە مۆسکۆوە گەیشت و سەرکردەکانی جموجۆڵەکە راگیران و ژمارەیەکی تریش دواتر بۆ گرتووخانەی کارە قورسەکان دوور خرانەوە. لە کۆتای مانگی شوباتی ١٩٣٨ ژمارەی گیراوەکان لە ٧٠٠ کەس

نێـزیک بووەوە و لە شـەوی ٨-٩ی ئایارەوە لەداردانـی بەکۆمـەڵ دەسـتی پێ کرد و دواتریش درێژەی کێشا.

بزووتنەوەی نیشتمانیی ئایرلەندایی نوێیش شێوازی مانگرتن لە خواردنی بەکـار هێناوە، لـە ئەیلوولی ١٩١٧ دوو گـیـراوی ئەو بزووتنەوەیە کـە تۆمـاس ئاش و ئۆسـتن سـتـاک بوون مـانیـان لە خـواردن گرت، تـا وەک دوو گـیـراوی سیـاسـی مـامـەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، یان ئازاد بکرێن. بەرپرسـانی بەندیخـانە بەزۆر خـواردنیـان دانـێ، بەڵام تۆمـاس ئاش تووشـی داڕووخـان هـات و پاش پێنج سەعات لە گواستنەوەی بۆ نەخۆشخانە گیانی لەدەست دا.

بەریتـانیاییـیەکان ڕێوشـوێنی تریان بۆ مامـەڵەکردن لەگـەڵ مـانگرتووان لە خواردن پێڕەو کرد، لەوانە ڕێوشـوێنێک کە پێی دەگوترێ " پرۆسـەی مشک و پشـیلە" کـە بەتایبـەت لەگەڵ ئەو ئافـرەتە ئینگلیـزانـە بەکار هات کـە داوای مافی دەنگدانیان بۆ ئافرەت دەکرد و بۆ ئەو مـەبەسـتە پەنایان بۆ مانگرتن لە خـواردن دەبرد. پرۆسـەکەش بریتییـە لەوەی ئەو مـانگرتووەی زۆر لاواز دەبێ ئازاد بکرێ و کـاتـێ هێـزی وەبەردا هاتەوە بگیـرێتـەوە. لە سـاڵی ١٩٢٠ەوە هیچ قوربانییەک لە مانگرتن نەکەوتووەتەوە.

لە ٥ی نیسانی ١٩٢٠ کە دەیکردە ٢ی فوسح، ١٠٠ چالاکی ئێرلەندایی کە لە گـرتووخـانەی مـاونتگوی گـاول گـیـرابوون، مـانیـان لە خـواردن گـرت و داوایان کرد وەک گیراوی جەنگ مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ، یان ئازاد بکرێن. بونارلاو سـەرۆکی ئەنجوومەنی گشتی (عموم) و لۆرد بریفی سیل هـەڵوێستی ڕەسمیـی بەریتانیایان لە بەرامبـەر ئەو گژبەرییە دەربڕی بەوەی "شـتێکی بێ مـانایە ئەو پیـاوانە ئازاد بکرێن هـەر لەبەرئەوەی رازی نین نان بخـۆن". بەڵام لە ئێرلەندا پاڵپشـتی بۆ ئەندامـانی حزبی کـاری ئێرلەندایی زیادی کرد و لە ١٣ نیسـان بۆ پاڵپـشـتیکردنی ئەو گیراوانە داوای مـانگرتنی گشـتی کـرا. دەسـەڵاتدارانـی کـاسـۆلیکی رایان گـەیاند "پێویسـتـە سـەرنجی هـەمـوولا بۆ نەهامـەتیـیـەکـانی ناو گـرتووخـانەی مـاونتگوی رابکێشـرێ". پاش ١٠ ڕۆژ

حکوومەت بەبێ هیچ مەرجێک گیراوەکانی ئازاد کرد. بەڵام ماک سوینی سەرۆکی شارەوانیی کورک تیرنس بوو بەقوربانی ئەو هەنگاوە، کە پاش ٧٤ ڕۆژ ڕۆژووگرتن گیانی لەدەست دا.

لە مانگی تشرینی یەکەمی ١٩٤٤ ژمارەیەک ئەمەریکاییی دژە جەنگ کە لە گرتووخانەی فیدراڵی لویس بۆرک گیرابوون، مانگرتنێکی "گەڕۆک"یان لە خواردن ڕاگەیاند، ئەویش بەوەی پێنج پیاو بۆ ماوەیەکی دیاریکراوی ڕانەگەیەنراو مان لە خواردن بگرن، پاش ئەوە پێنجی تر جێیان بگرنەوە.

لە مانگی ئایاری ١٩٥٨ نێزیکەی ٣٠ هەزار ئافرەتی لەشفرۆش مانگرتنێکی بەکۆمەڵیان لە خواردن ڕاگەیاند، ئەویش پاش ئەوەی بەپێی یاسایەک کە بوونی خانەکانی لەشفرۆشی قەدەغە دەکا، شوێنەکانیان داخرا.

لە مانگی ئابی ١٩٥٩ بەرپرسی کۆگەی یەکێک لە کارگەکانی نیودەلهی، بۆ دەربڕینی ناڕەزایی بەرامبەر کەمیی مووچەکەی و سەختیی کارەکەی، لە بەردەم ڤێلای خاوەنکارەکەیدا مانی لە خواردن گرت تا مردن.

ج- ڕۆژووگرتنی ناتوندوتیژانە

جۆر سێیەمی ڕۆژووگرتن ڕۆژووگرتنی ناتوندوتیژانەیە کە گاندی کاری پێدەکرد و بەوە ڕۆژووگرتن لە پێناو ئامانجەلێکی کۆمەڵایەتی، لە مانگرتن لە خواردن کە سیفەتی پابەندکەری هەیە، جیا کردەوە. لە وەڵامی ئەو قسەیەش کە دەڵێ ئەو ڕۆژووەی ئەو دەیگرێ ئەو سیفەتەی نییە، گاندی جەختی کرد ئامانجی ئەو قایلکردن و گۆڕینە.

بەبڕوای گاندی ڕۆژووگرتنی ناتوندوتیژانە ویژدانی ئەو کەسە دەبزوێنێ کە بەخراپی ڕەفتار دەکا، جا ئاخۆ تاکەکەسێک بێ یان گرووپێک یاخۆ ملیۆنان کەس. ئەوەیش ئازارچێشتنێکی خۆویستانەیە لەو کاتە پەنای بۆ دەبرێ کە هەموو ڕێگە ناتوندوتیژانەکانی تر شکستیان هێنابێ. ڕەنگە

ماوەیەک بخایەنێ، یان لەبارێکدا ئامانجەکە نەیەتە دی، تا مردنیش درێژە بکێشێ.

گاندی پێی وایە دەبێ چوارچێوەیەک بۆ بەکارهێنانی ئەم جۆرەی دوایی دابنرێ و دژ بەهەموو کەس بەکار نەهێنرێ، بۆ نموونە نابێ دژ بەو دژبەرە بەکار بێ کە بە ئێمە نامۆ بێ و لە دۆستانمان نەبێ. گاندی بڕوای وا بوو ئەوەی هەڵەکە دەکا و ئەوەی ڕۆژووی ناتوندوتیژانە دەگرێ دەبێ لە یەکتر نێزیک بن و لە سۆزێکی دووسەرەدا هاوبەشی یەکتر بکەن، ئەوەیش بەلایەوە گرینگە تا ئازارەکە پاساوی هەبێ و قایلکردن و گۆڕان ڕوو بدەن.

بەڵام لە هەندێ بارودۆخی تایبەتدا دەکرێ ئەم جۆرە لە ڕۆژوو لەگەڵ کەسانی تریش پێڕەو بکرێ، بەتایبەت ئەگەر ئەو سەرکوتکردنەی بەرامبەرەکە ئەنجامی دەدا دەرگەی بە ڕووی شێوازەکانی تردا داخستبێ. بۆ نموونە ئەو گیراوانەی ڕووبەڕووی مامەڵەی نامرۆڤانە دەبنەوە دەتوانن ڕۆژوو بگرن بۆ گۆڕینی ئەو جۆرە مامەڵەکردنە، بەڵام بەبڕوای گاندی ناتوانن ڕۆژوو بگرن بۆ ئەوەی پاڵەپەستۆ دروست بکەن تا ئازاد بکرێن. هەروەها دەبێ ئەو هەڵەیەی ئەو کەس/ گرووپەی لە ڕێی ڕۆژووگرتنەوە پاڵەپەستۆی دەخەینە سەر کردوویەتی، هەڵەیەکی گەورە و زۆر ئازارگەیێن بێ.

گاندی هەروەها بڕوای وابوو پێویستە پێش لە دەستکردن بە ڕۆژووگرتنی ناتوندوتیژانە، ئامادەکارییەکی ڕۆحیی جیدیی بۆ بکرێ و ڕۆژووگرتن تا مردن تەنیا ئەو کاتە پەنای بۆ دەبرێ کە هەموو جۆرەکانی بەرگریکردنی ناتوندوتیژانە شکست دێنن.

لە نموونەکانی پەنابردنی گاندی بۆ ڕۆژووگرتنی ناتوندوتیژانە، ڕۆژووگرتنی بوو لە کاتی مانگرتنی کرێکاران لە شاری ئەحمەد ئاباد لە هەردوو مانگی شوبات و ئاداری ١٩١٨، لە پێناو پاڵپشتیکردنی کرێکارە مانگرتووەکان کە خەریک بوو لە بڕیاری مانگرتنەکەیاندا لاوازی ڕووی تێ دەکردن. دواین ڕۆژووگرتنیشی لە دەلهی لە کانوونی یەکەمی ١٩٤٨ لە پێناو

یەکەتیی هیندۆس و موسڵمانەکان، کە کاری ئاژاوەگێڕی پەرەی سەندبوو، باشترین نیشانەیە لەسەر ئەو بایەخەی گاندی بەمجۆرە رێگەیانەی دەدا.

ئەو دەیویست بەو کارەی بەها بۆ ژیانی سەرجەم هیندییەکان بگێڕێتەوە و هەستی برایەتی لە نێوان هیندۆس و موسڵمانەکان برەو پێ بدا.

٣- لەدادگەدانی پێچەوانە

رێگەیەکی ترە لە رێگەکانی دەستوەردانی دەروونی، تێیدا ئەو بارودۆخ و رەفتارانەی لە کاتی لەدادگەدانی سکاڵالێکراواندا بەهۆکاری سیاسی یان ئاینی یان هی تر پێڕەو دەکرێ، لە رێی جێگۆڕکێکردنی رۆڵی داواکار و بەرگری بەشێوەیەکی رەمزی و کاریگەر (معبر) پێچەوانە دەکرێتەوە، تێیدا تۆمەتباران دەبنە سکاڵاکار و لەدادگەدانەکە دەبێتە خۆپێشاندانێک لە دژی حکوومەت و لەلایەن سکاڵالێکراوانەوە بەکار دێ بۆ بڵاوکردنەوەی بیروڕاکانیان و سەرکۆنە و تۆمەتبارکردنی رێژیم. ئەمە پێی دەڵێین لەدادگەدانی پێچەوانە.

ئەم پێچەوانەکردنەوەی رۆڵە لە بارودۆخی سیاسیی جیاوازدا بەکار هاتووە. لە رووسیا، لە هەموو دادگەییکردنە شۆڕشگێڕان ساڵی ١٨٧٧، تۆمەتباران دەیانتوانی بەشێوەک رەفتار بکەن کە ببێتە مایەی راکێشانی سۆز و پاڵپشتیی جەماوەر. یەکەم لەدادگەدانی خۆپێشاندەران لە سان بیترسبۆرگ، هاوسۆزییەکی زۆری بۆ ئەوانە هێنایە کایە. لە دووەم لەدادگەداندا کە تایبەت بوو بە "گرووپی پەنجا" لە مانگی ئادار لە مۆسکۆ، چاودێران تۆمەتبارانیان بە شەهیدە مەسیحییە بەراییەکان چواند.

لە هەردوو ساڵی ١٨٧٧ و ١٨٧٨ لە سان پترسبۆرگ لەدادگەدانی ١٩٣ ئەندامی بزووتنەوەی "رووکردنە گەل"ی شۆڕشگێڕ، بووە مایەی یەکرێزییەکی میلیی گرینگ لە دژی چاودێری توندی رەسمی. بەشێک لەم یەکەتییە بەهۆی گوتارێکی "میشکین"ەوە بەدی هات، کە یەکێک بوو لە

تۆمەتباران و تێیدا باسی فیکر و بەرنامەی ئیشتراکیەتی کرد. لە گوتارێکی تردا مێشکین سەرکۆنەی خودی دەستەی دادگەکەی کرد و بە گاڵتەجارییەکی بێ کەڵکی لەقەڵەم دا کە زیاتر لە ماڵەکانی لەشفرۆشی مایەی ڕیسواییە. کرفشنسکیی مێژوونووس دواتر نووسی "پاش ئەم وتانە، لەدادگەدانەکە هەڵوەشایەوە".

گاندی لە کاتی لەدادگەدانیدا، ئەگەرچی داوای دەکرد تاوانبار بکرێ، ئەو هەستەی دروست کرد کە تاوانی ئەو تەنیا ئەوەیە ئەو کارە دەکا کە دروستە. لە کاتی لەدادگەدانی لە ساڵی ١٩٢٢ بەهۆی نووسینی سێ وتاری هاندەر لە ڕۆژنامەکەی "الهند الفتاە"، گاندی داوای لە دادوەرەکە کرد لە نێوان ئەو دووانەدا یەکێک هەڵبژێرێ: دەستکێشانەوە لە پۆستەکەی ئەگەر باوەڕی بەرێژیم هەیە، یان سزادانی بەتوندترین شێوە و گوتی "شەرەفمەندانەیە کە مرۆڤ لابەندیی خۆی بۆ حکوومەتێک ڕانەگەیەنێ کە زیاتر لە هەر ڕێژیمێکی پێشوو بووەتە مایەی ئازار بۆ هیند".

هەروەها ئەڵمانیاییەکانیش کە لە کاتی جەنگی "روهەر"دا لەلایەن هێزەکانی داگیرکەرەوە دادگەیی دەکران، لەدادگەدانەکەیان قۆستەوە بۆ دەرخستنی ناشەرعیبوونی لکاندنی روهەر لەلایەن فەرەنساییی و بەلجیکییەکانەوە.[٣٤] پاش کودەتا سەرنەکەوتووەکەی ساڵی ١٩٢٣ هیتلەر خۆی بەشی زۆری دادگەییەکەی بەڕێوە دەبرد، یەکەمین دادگەییەش بوو کە دەنگی ئەوی گەیاندە دەرەوەی سنووری بڤاریا، مێژوونووسەکەی دەڵێ "لە دواین گوتاریدا بەتەواوی دادگەکەی کۆنترۆڵ کرد".

لەدادگەدانی بەناوبانگی ریشتاگیش لە ئەڵمانیای نازی لە ١٩٣٣، یەکێک لە تۆمەتباران کە شیوعیی بولگاری جۆرجی دیمیتران بوو کە بەرگریی لە خۆی دەکرد، "گورینگ"ی خستە بەر لێپرسینەوە و توانی بەوە ئەستۆپاکی بۆ خۆی و سێ لە هاوڕێیانی لەلایەن دادگەوە بەدەست بێنێ.

نموونەی تر لەسەر لەدادگەدانی پێچەوانە کاتێ دەبێ کێشەکە ئاراستەیەکی سیاسی و ئەخلاقیی هەبێ و کاتێ تۆمەتباران دەتوانن جڵەوی دەستپێشخەری لە دادگەییکەرەکانیان بسەنن. ئەوەیش نیشانەی کاریگەریی دەستوەردانی دەروونییە، تەنانەت کاتێ تۆمەتبار هیچ ئامرازێکی تری لە بەردەستدا نییە.

٤- تەنگاوکردنی ناتوندوتیژانە

تەنگاوکردنی ناتوندوتیژانە تەنگاوکردنێکی دەروونییە لە ڕێی پاڵەپەستۆ خستنەسەری تاکەکەسی و بەکۆمەڵ لەسەر کەسێک یاخۆ زیاتر لەوانەی پێوەندییان بەبابەتی کێشەکەوە هەیە. یەکێک لە ئامرازەکانی بریتییە لە "بەدواکەوتن" بەوەی بەو کەسەوە بنووسێیت و لێی جیا نەبیتەوە. یەکێکی تریان بریتییە لە شێوازی "سەرزەنشتکردنی تەنزئامێز" ئەویش بەبانگکردنی ئەو نەیارە و تۆمەتبارکردنی.

تەنگاوکردنی ناتوندوتیژانە ئامرازە گشتییەکانی پێوەندیکردنیش بەکار دێنێ وەک پۆستەرات و راگەیاندنی رۆژنامەوانی، ئامانجیشی ناچارکردنی ئەو کەسەیە بۆ راگرتنی ئەو رەفتارەی بابەتی کێشەکەیە، ئەم شێوازانە ئامرازێک نین بۆ گۆڕینی بیر و بۆچوون و باوەڕی ئەوی تر.

کارلتون مابی لە لێکۆڵینەوەی لە بەرهەڵستکاریکردنی ناتوندوتیژانەی کۆیلایەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکان، ئەم ڕێگەی ناونا تەنگاوکردنی ناتوندوتیژانە.

وردەکاریی ئەم شێوازەیش لەلایەن شارل ویبلەوە شی کرایەوە کە ئەمین سندووقی کۆمەڵەی (Nonresistance Society) هەروەها پشکدار (مساهم) بوو لە رۆژنامەی لیبرایتەردا. ئەو کاتە ئامانج بەرەنگاربوونەوەی کۆیلەگران بوو لە ویلایەتەکانی باکور کە بۆ گرتنەوەی کۆیلە هەڵهاتووەکان و گێڕانەوەیان بۆ خاوەنەکانیان لە ویلایەتەکانی باشوور بەکار دەهێنران.

پێشنیازەکە لەلایەن لیژنەی ئەهلیی بۆستنەوە تاوتوێ کرا و رەزامەندی لەسەر زۆربەی درا و لەو رۆژنامەیەدا هەروەها لە هەردوو ساڵی ١٨٥٠ و ١٨٥١ لە چەند رۆژنامەیەکی تر دژە کۆیلایەتیدا بڵاو کرایەوە، ئەمەیش دەقی راسپاردەکەیە:

کاتێ رفێنەران دەگەنە هەر شارێک، پۆستەر لە شوێنە گشتییەکان هەڵدەواسرێ تێیدا ناوی ئەو کەسانە و وەسفیان و ئەو کارەی لە پێناویدا هاتوون روون دەکرایەوە. هەروەها خاوەن هۆتێلەکان قایل دەکران کە وەک کەسانی خاوەن پیشەی ناپاکی وەک باخەڵبڕ و جەردە و ئەسپ دزان سەیری ئەوان بکەن، پێشوازی لەو کەسانە نەکەن و بایەخیان پێ نەدەن.

ئەگەر ئەمەیش سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا، هەندێ لە ئەندامانی لیژنە ئەهلییەکە لە هەمان ئەو جێیە کۆ دەبنەوە کە رفێنەرەکان تێیاندا دەمێننەوە، هەمیشە -بۆ بێزارکردنیان-بەدوایانەوە دەبن و لە کاتی نانخواردندا لە بەرامبەریان دادەنیشن. دوو کەسی بێ چەک شەو و رۆژ چاودێریی دەرگەی شوێنەکە دەکەن و رفێنەرەکە بۆ هەر کوێ بچێ بەدوایەوەن و بە راوچیی کۆیلەکان بانگی دەکەن. هەروەها بەشوێنییەوە دەبن کاتێ دەچێتە هەر فرۆشگە، نووسینگە، گۆڕەپان یاخۆ هەر شوێنێکی تری گشتی. لە دەرەوە چاوەڕوانی دەکەن تا کاتێ هاتە دەرەوە شوێنی دەکەونەوە، ئەگەر یاریدەرێکیشی هەبوو شوێنی ئەویش دەکەون. ئەگەر چووە دەرەوەی شار بەشوێنیدا دەچن، یاوەریی دەکەن و بەسەرنشینانی تر دەڵێن کە ئەوە "راوچیی کۆیلەیە". دەبێ ئەو کەسە یەک سات نەبینێتەوە تێیدا چێژ لەوە ببینێ کە کارێکی باش دەکا یان دەتوانێ بە نهێنی کار بکا. پێویستە بزانێ ئەو لەلایەن کەسانێکەوە گەمارۆ دراوە کە رقیان لە ئامانجەکانیەتی و سوورن لەسەر ئەوەی کارەکەی شکست پێ بێنن.

مابی دەڵێ ئەم رێگەیە لە ساڵی ١٨٥٠ پێڕەو کرا بۆ پاراستنی ئەو کۆیلانەی لە باکورەوە هەڵاتبوون[٣٩]، وەک لە فیلادلفیا رووی دا کاتێ خاتوو

ولسون توانی شوێنی کۆیلە هەڵاتووەکەی بزانێ. ج. میلەر ماکیم کە یەکێک بوو لە چالاکە ناتوندوتیژەکان بەرپرسی نووسینگەی کۆمەڵەی بەنسلڤانیای نەیاری کۆیلایەتی بوو. هەواڵی بیست کە خاتوو ولسون پیاو بەکرێ دەگرێ بۆ گرتنەوەی کۆیلە هەڵاتووەکەی. مایکم وای کرد یەکێک لە نەیارانی کۆیلایەتیی خۆی وەک کۆیلەگر نیشان بدا، خاتوو ولسون بەکرێی گرت و ناوی کۆیلەکەی دایە، ئەویش چوو هەواڵەکەی دایە کۆیلەکە و ئاگەداری کردەوە و یارمەتیی دا خۆی بشارێتەوە. هەروەها چەند لافیتەیەکی دروست کرد کە لەسەریان نووسرابوو "ئاگات لە کۆیلەگران بێ" و لە شوێنە جیاجیاکانی شاردا هەڵی واسی، هەروەها ناوی خاتوو ولسون و کۆیلەکەیشیان لەسەر نووسرا. کاتێ خاتوو ولسون بەمەی زانی وازی لە هەوڵەکانی بۆ گرتنەوەی کۆیلەکەی هێنا و گەڕایەوە ماڵەکەی لە میریلاند.

لە بۆستنیش شارلز هۆبسن لە ڤێرجینیاوە هات تا کۆیلەکەی کە ناوی هنری لانگهورن بوو بگرێتەوە، پاش ئەوەی هۆبسن راگەیاندنێکی لە رۆژنامەدا لەو بارەوە بڵاو کردەوە، بەرهەڵستکارانی کۆیلایەتی بەهەواڵەکەیان زانی. چوون کۆمەڵێ لافیتەیان هەڵواسی کە وەسفی هۆبسن و شوێنی نیشتەجێبوون و نیازی هاتنیان تێدا باس کردبوو. هۆبسن بەمە زۆر تووڕە بوو و بەتەنیا گەڕایەوە ڤێرجینیا.

ئەم رێگەیە بە دەگمەنی کاری پێ کراوە، بۆیە ناتوانێ کاریگەرییەکەی بەتەواوی بزانرێ.

## دەستوەردانی جەستەیی

جۆرێکی ترە لە دەستوەردانی ناتوندوتیژانە، ئەویش بریتییە لە چوونی چەند کەسێک بۆ جێیەک کە لێیان قەدەغەیە و رازی نەبوون بەچۆڵکردنی.

١- پەناگیری

پەناگیران هەندێ دامەزراوەی دیاریکراو داگیر دەکەن و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یان دیارینەکراو، جارێک یان لە ڕێی زنجیرەیەک پەناگیرەوە لەسەر کورسییە بەتاڵەکان و تەنانەت لەسەر زەویش دادەنیشن، ئەویش بۆ کۆسپ بخەنە بەردەم بەڕێوەچوونی سروشتییانەی کار و چالاکییەکان. ئامانجیش هێنانە کایەی دۆخێکی نوێیە بۆ کەسانێک کە لەو شوێنانە دوور خراونەتەوە، یان بۆ نارەزایی لە بابەتێک کە پێوەندیی ڕاستەوخۆی بەو دامەزراوە داگیرکراوانەوە نییە. ئەم رێگەیە لە کاتی جموجۆڵەکان لە پێناو مافە مەدەنییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا بەزۆری پەنای بۆ دەبرا.

بەڵام ئەم بیرۆکەیە زۆر لەوە کۆنترە. مابی باس لەوە دەکا لە ساڵی ١٨٣٨ "بزووتنەوەی ئافرەتانی بەرهەڵستی کۆیلایەتی" ستراتیجیەتێکی تێروتەواوی بەکار هێنا کە پەناگیریشی تێدا بوو، بەڵام بەدواداچونی ورد و زانستیی بۆ نەکرا.

لە شوباتی ١٨٤١ لە کۆبوونەوەیەکی کۆمەڵەی ماساشوستس بۆ بەگژداچوونەوەی کۆیلایەتی، ستیڤن فۆستەر کە خەباتکارێکی ناتوندوتیژ بوو، پاش ئەوەی لە ئامرازە سیاسییە ئاساییەکان بێزار بوو، پێشنیازێکی خستە ڕوو کە بەبنچینەی بنەمای پەناگیری و ئامرازە هاوشێوەکانی

دادەنرێ و دەڵێ "داوا لە خەباتکارانی سپی پێست دەکەین کە بۆ هەڵوەشاندنەوەی جیاوازیی رەگەزی، لە ئەو هەموو جێیانە ئامادە بن کە لە رەشپێستەکان قەدەغەن، جا چ کنێس بێ، کەنیسە بێ، هەر ئامرازێکی گواستنەوەی گشتی بێ، ئەمە باشترین و سەرکەوتووترین رێگەیە بۆ هەڵوەشاندنەوەی قەدەغەکردنی رەشپێستەکان"

نەیارانی ئامرازە ناتوندوتیژانەکان لەناو کۆمەڵەکەدا لەبارەی ئەم پێشنیازانەوە ناکۆکییان تێ کەوت، تەنانەت ویلیەم لوید گاریسۆن خۆیشی نارەزاییی دەربڕی لەگەڵ ئەوەی بەشداریی هەندێ پەناگیریشی کردبوو، هەر بۆیە پێشنیازەکە شکستی هێنا.

لەگەڵ ئەوەشدا ئەم پرەنسیپە چەندان جار جێبەجێ کراوە، وەک لە دواوە دەبینین.

دواتر لە نێوان سالانی ١٨٦٩ و ١٩٧٠ جۆرێکی تر لە پەناگیری لە شیکاگۆ جێبەجێ کرا، پاش ئەوەی رەشپێستەکان نەیانتوانی جیاوازیی رەگەزی لە یاساکان و فێرکردندا هەڵبوەشێننەوە، دەبوو منداڵەکانیان بۆ خوێندن بچنە ئەو قوتابخانانەی کە بە "قوتابخانەکانی رەشپێستەکان"، ناو دەبران، لەو کاتەدا خێزانەکان و منداڵەکانیان جۆرێکی نوێی پەناگیرییان پێڕەو کرد و منداڵەکانیان نارد بۆ نێزیکترین قوتابخانە لە ماڵەکانیان. جا لە بارێکدا جیاوازیی رەگەزی یاسا بوو، ئەو رێگەیە بووە مایەی یاخیبوون.

لەگەڵ ئەوەی مامۆستاکان قوتابییە رەشەکانیان نەکردە ژوورەوە، یان وانەیان پێ نەگوتنەوە و ئەرکی ماڵەوەیان بەسەردا نەدان، منداڵەکان "رۆژانە وێڕای ئەو دوژمنکارییەی لەوە دەکەوتەوە، هەر دەچوونە قوتابخانەکە و لە شوێنێکدا دادەنیشتن".

ئیدارەی قوتابخانەکان هەوڵیان دا فرتوفێڵ بکەن، ئەویش بەقبوولکردنی ئەوانەی تەنیا یەک باپیرەیان رەشپێستە، بەلام رەشپێستەکان خۆیان

بەسەر نووسینگەکانی ئیدارەکان و نووسینگەی حاکمی ویلایەتەکەیاندا دەدا، بەم شێوەیە بنەمای "قوتابخانەی رەش" هەڵوەشێنرایەوە.

ساڵی ١٩٣٨ هیندییە "تیبیوا"کان لە داگیرگە (محمیە)ی "کاس لایک" لە مینیسوتا لە رێی سەرکردەکانیانەوە نارەزاییان دژی بڕیارێکی جۆن کولیە بەرپرسی کاروباری هیندی بە گواستنەوەی نووسینگەی کاروباری هیندی لە داگیرگەکەوە بۆ شاری دولوف دەربڕی. سەرکردەکان گوتیان ئەم کارە لەگەڵ سیاسەتی نوێی وڵاتە یەکگرتووەکاندا لە بواری مسۆگەرکردنی حوکمی زاتیی هیندییەکان ناکۆکە. بەڵام پلانی گواستنەوەی نووسینگەکان هەر بەردەوام بوو. لەو کاتەدا سەدان هیندی بەجلوبەرگی کلاسیکییەوە بەناو نووسینگەکاندا دەهاتن و دەچوون و بە دەوری بیناکەدا بەدەم ئاوازی تەپڵلێدانەوە سەمایان دەکرد. ئەنجا کۆمەڵێک ئافرەت هاتن و چوونە نووسینگەکان. پیاوەکانیش هاتنە ژوورەوە و شوێنەکەیان پڕ کرد و ئەوانەیشی مابوونەوە لە دەرەوە ریزێکی درێژیان پێک هێنا.

کولیە سوور بوو لەسەر بڕیارەکەی، بەڵام هارولد ئیکس وەزیری ناوەخۆ فەرمانی دا راپرسییەک لەناو هۆزەکەدا لەو بابەتەدا بکرێ و راشی گەیاند بە ئەنجامەکەوە پابەند دەبێ.

لە ساڵی ١٩٦٠، پاش شەش ساڵ هەوڵی بێ ئاکام بۆ قبوولکردنیان لە قوتابخانەی "دان" لە کارۆلینای باکور، ژمارەیەک لە هیندییە ئەمەریکاییەکان لە "کروتانز" پەناگیرییان کرد. لە سەرەتای ساڵی خوێندنی ١٩٦٠–١٩٦١، نۆ قوتابی هەوڵیان دا لەو قوتابخانەیە وەربگیرێن، بەڵام رەت کرانەوە و پێیان راگەیەنرا کە بچن بۆ قوتابخانەی تایبەت بە هیندییەکان کە ٧٠ میل لە شوێنی نیشتەجێبوونیانەوە دوور بوو. لە ٣١ی ئاب حەوت قوتابیی هیندی بە هاوەڵیی دوو پیاو بۆ ماوەی سێ رۆژ لە قوتابخانەی "دان" پەناگیرییان کرد. لە رۆژی سێیەمدا حەوت قوتابی و پێنج پیاو دەستگیر کران. هیندییەکان پاش ئەوەی لە پایزی ١٩٦١ بەڵێنیان پێ درا

قوتابخانەیەکیان لە شاری "دان" بۆ بکرێتەوە جموجۆڵەکەیان راگرت.

لە مـانگی حـوزەیرانی ۱۹٦۱ ئیـدارەی قـوتـابخـانـەی هـارتنت رای گـەیاند ساڵی داهاتوو ۲۰ هیندی لە قوتابخانەی دان وەردەگیرێن.

لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەمەبەستی هەڵوەشاندنەوەی جیاوازیی رەگەزی لە چێـشـتـخـانـەکـاندا بەشـێـوەیـەکی بەرفـراوان پەنا بـۆ پەناگـیـری دەبرا. پەناگیرەکان ژمارەیەکی زۆر کورسیی بەتاڵیان گرتبوو و رەتیان دەکردەوە شـوێنـەکـانیـان چۆڵ بکەن تا ئەو کـاتـەی وەک یەک خـزمـەتـی کـڕیارە رەشەکانیش دەکەن. چێشتخانەکان دادەخران و پەناگیرەکانیش دەستگیر دەکران.

هەروەها "کـۆنگرەی یـەکسـانیی رەگـەزی"ش لـە ویلایەتەکـانی باکـور لە سـاڵانـی ۱۹٤۰ و ۱۹٥۰دا ئەم رێگەیەی پەسند کـرد، لە سـاڵی ۱۹٦۰ لە باشووریش بەسەرکردایەتیی قوتابیانی پەیمانگەی کارولینا لە گرینسبۆرۆ و کارۆلینای باکور جێبەجێ کرا. کـەمێک دوای ئەوە قـوتابیـانی پەیمانگە و ئامادەییـیـەکان لە باشـوور بـەبەردەوامی پەناگیرییـان لەو چێشـتـخـانانەدا دەکرد کە سیاسەتی جیاکاریی رەگەزییان پێڕەو دەکرد. بەدرێژاییی حەوت مـانگ زیاتر لە ۷۰ هەزار رەش و سپی بەشدارییـان لە پەناگیریی جیاوازدا کرد و زیاتر لە ۳٦۰۰ کەس قۆڵبەست کران. لە ۱۱ کانوونی یەکەمی ۱۹٦۱ دادگـەیەکی باڵای ئەمـەریکا گـرتنی ئەو رەشـپـێـسـتـانـەی قـەدەغـە کرد کـە بەمەبەستی بەدەستهێنانی یەکسانی پەناگیرییان دەکرد.

دەکـرێ پەناگـیـری لە هـەندێ حـاڵەتی تریشـدا پەنای بـۆ ببـرێ. لە ۳ی کـانوونی یەکـەمی ۱۹٦٤ زیاتر لە ۸۰۱ خـۆپێـشـاندەر کە پاڵپشـتـییـان لە بزووتنەوەی "دەربڕینـی ئازاد" لە زانکۆی بیرکلی دەکرد، گیران پاش ئەوەی بۆ پاڵپشتیکردنی داواکاریی ئازادیی کاری سیاسـی پەناگیرییان کرد.

هەروەها لـە مـانگی تشـرینی دووەمی ۱۹٦٦ بـە بانگەوازی ئەنجـوومـەنی

قوتابیان، پەناگیرییەکی قوتابیان لە تەلاری ئیدارەی پەیمانگەی شاری نیویۆرک بەڕێوە چوو بۆ داواکردنی گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ بەرفراوانکردنی بەشداریی قوتابیان لە بڕیارە ئیدارییەکانی پەیمانگەکەدا.

لە حوزەیرانی ١٩٦٣ پەناگیرییەکی شەوانە لە بارەگەی لێژنەی شاری بۆستن بەڕێوە چوو، بۆ نارەزایی دەربڕین لە دژی دانەنانی زۆربەی ئەندامانی لێژنەکە بە بوونی جیاکاریی رەگەزی لە سیستمی قوتابخانەکەدا.

ساڵی ١٩٦٤ چەند نوێنەرێکی حزبی ئازادیی دیموکراسی، کە زۆربەیان رەشپێست بوون، داوای ژمارەیەک کورسییان کرد لە کورسییەکانی نێردەی حزبی دیموکراسی لە کۆبوونەوەی حزبی دیموکراسیی نیشتمانیدا. کاتێ داواکەیان جێبەجێ نەکرا، بەپاڵپشتیی چەند نوێنەرێکی تری ویلایەتەکانی تر لە کاتی دانیشتنەکاندا چوونە ناو هۆڵی کۆبوونەوەکە و لەسەر ئەو کورسییانەدا دانیشتن کە داوایان کردبوو. پاش چەند هەوڵێک بۆ گۆڕینی شوێنەکانیان بەزۆر، وازیان لێ هێنرا و ئەندامانی رەسمیی شاندەکە ناچار بوون جێی تر پەیدا بکەن.

جگە لە پەناگیرییەکانی قوتابیان لە زانکۆکان لە ساڵانی رابردوودا، چەندان پەناگیری لە نووسینگەکانی سەرۆک شارەوانییەکان و حاکمی ویلایەتەکاندا جێبەجێ کرا، بەڵام بەتوندی سەرکوتە کران لەبەرئەوەی بە "پەکخستنی خودی میکانیزمی حوکمڕانی" لە قەڵەم دران.

دۆخێکی جیاواز لە ساڵی ١٩٦٤ دروست بوو. لە ١٩ی ئادار ٥٤ قوتابیی مەغریبی بۆ ماوەی ٢٤ سەعات مانگرتنیان لە خواردن راگەیاند لەناو باڵوێزخانەی مەغریبدا بۆ نارەزایی دەربڕین لە دژی بڕیارەکانی لەداردان و سزا قورسەکان دژ بە بەرهەڵستکاران لە مەغریب. لەسەر داوای دەسەڵاتدارانی مەغریبی دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتی لە تەلاری باڵوێزخانەکە وەدەریان نان.

٢- پەناگیری بەوەستان

مەبەست لە پەناگیری بە وەستان ئەوەیە ئەوانەی چالاکییەکە دەکەن لە بەردەم دەروازە، یاخۆ نووسینگە یان هەر شێکی تردا دەوەستن تا مافی چوونە ژوورەوە یان دیمانە یان هەر شتێکی تریان پێ دەدرێ کە لێیان قەدەغە کراوە. ئەم رێگەیە بە تایبەت لەلایەن "خەباتکاران لە پێناو مافە مەدەنییەکان" لە ولاتە یەکگرتووەکانەوە لە پێناو دەستبەسەرکردنی خزمەتگوزاریی یەکسان بۆ هەموو کڕیارەکان لە شوێنە بازرگانییەکاندا ئەنجام دەدرا. بۆ نموونە لە بواری مافی چوونە ناو هۆڵەکانی سینەما و مەلەوانگەکاندا. کاتێ زنجییەکی رەشپێست پلیتی چوونە ژوورەوەی نەدەدرایە، هەموو چالاکەکان، بەو کەسە خۆشیەوە، پشوودرێژانە لە بەردەم نووسینگەی چوونە ژوورەوەدا کۆ دەبوونەوە و پێیان دادەگرت کە ئەو شوێنە بەجێ ناهێڵن تا مامەڵەیەکی دادپەروەرانەیان لەگەڵدا نەکرێ، دوای ماوەیەک گرووپەکە دەگیران یان شوێنەکە دادەخرا. ئەم کارە بەردەوام دەبوو تا سیاسەتەکە دەگۆڕا و رێگە بە هەمووان دەدرا بچنە ژوورەوە.

پەناگیری بە وەستان لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری سەماگەکان لە نیوجێرسی جێبەجێ کرا بۆ کۆتاهێنان بە جیاوازیی رەگەزی لە مەلەوانگەکاندا.

ئەندامانی" گرووپی یەکسانیی نێوان نەژادەکان" بە هێمنی لە بەردەم پەنجەرەی پلیتفرۆشەکە بۆ چوونە ناو مەلەوانگەکە دەوەستان، تەنانەت پاش رێگەپێنەدانیش بە چوونە ژوورەوە هەر دەمانەوە.

وێڕای لێدانیان لەلایەن پۆلیس و پاسەوانەکانەوە و دەستبەسەرکردنی ناو بەناویان، هەمـــوو رۆژ و بەدرێژاییی مـــانگی هاوین لەو کـــارە بەردەوام دەبوون[٥٨]. هەواڵەکانی ئەم جـمـوجـۆڵە لە رۆژنامـەکـاندا رۆڵی هەبوو لە هەموارکردنی یاسای مەدەنی لە نیوجێرسی.

شێوەیەکی تر لە شێوەکانی پەناگیری بە وەستان، لە ساڵی ١٨٣٧ لە

کەنیسەکان پێڕەو کرا کە زنجییەکان کورسیی تایبەتیان هەبوو. ئەو کاتە کۆواری "کولورد ئەمێریکان" نووسی: پێویستە رەشپێستەکان کە قەدەغەیە لێیان لەو جێیەی دەیانەوێ دابنیشن "لە راڕەوی نێوان کورسییەکاندا دابنیشن و بەبێدەنگی نوێژ بکەن تا قاچەکانیان شەکەت دەبن، پێویستە چەوسێنەرەکانتان هەست بەشەرمەزاری بکەن و دەست لە بیر و بۆچوونە پێشوەختەکانیان هەڵگرن.

٣-پەناگیری لە هۆیەکانی گواستنەوەدا

پەناگیری لە هۆیەکانی گواستنەوەدا کە لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەناوی "گەشتی ئازادی" ناسراوە، جۆرێکە لە جۆرەکانی پەناگیری لە ئامرازە گشتییەکانی گواستنەوەدا. لە ساڵی ١٩٦٠ لە وڵاتە یەکگرتووەکان بە زۆری لە دژی جیاوازیی رەگەزی لەناو پاسەکاندا پێڕەو کرا.

بەپێی ئەم رێگەیە دەخوازێ رەشپێست و سپیپێستەکان لەو بەشانەی پاسەکەدا بمێننەوە کە بۆ ئەوان تەرخان نەکراوە. ئەم کارانە هەندێ جار لەگەڵ یاساکانی کۆمپانیای گواستنەوە و یاساکانی ویلایەتەکەدا نەدەگونجا. پاش هەڵوەشاندنەوەی یاساکە ئەو جۆرە پەناگیرییە بەمەبەستی جێبەجێکردنی بڕیارەکە درێژی پێ دەدرا.

لە ساڵی ١٨٤١ لە کاتی دەستکردن بەپێڕەوکردنی ئەم جۆرە پەناگیرییە بۆ بەرەنگاریکردنی جیاوازیی رەگەزی لە هۆیەکانی گواستنەوە لە نیوئینگلاند، جیاکاری دژ بەکەمینەی رەشپێست لەو ویلایەتە زۆر توند بوو. لە رەشپێستەکان قەدەغە بوو سواری پاسەکان بن، یان دەخرانە شوێنە دانەخراوەکانی پاسەکان. لە کەشتییە هەڵمییەکانیشدا ژووری تایبەتیان نەدەدرایە، یان لەگەڵ مەڕوماڵات رێگەیان پێ دەدرا بە سواری سەفەر بکەن.

یاساکانی کۆمپانیاکانی هێڵی ئاسنیش لای خۆیانەوە رۆڵیان هەبوو لە هاندانی جیاکاری دژ بە رەشپێستە "ئازاد"ەکان، بەوەی رێگەیان بە

کۆیلەکان دەدا لەگەڵ "گەورە" باشوورییەکانیاندا گەشت بکەن. گاریسۆن و خەباتکارە دژە توندوتیژییەکانی ئەندامی بزووتنەوەکەی رابەرایەتیی هەڵمەتی دژ بەم جیاکاریەیان دەکرد، ئەمە جگە لە جۆن کۆلنز و فریدریک دۆگلاس، کە بوو بەپارێزەرێکی بەناوبانگ لە بواری هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتیدا.

لە هەردوو مانگی حوزەیران و تەمووزی ١٨٤١ و لە کاتی سەردانی دایڤید راگلز بۆ ماساشوستس، کە زنجییەکی نیوچە کوێر بوو لە نیویۆرک و کەسێکی چالاک بوو لە ململانە لە پێناو مافەکانی گەلەکەیدا، نموونەیەکی لە پەناگیری لەناو هۆیەکانی گواستنەوەدا پێشکێش کرد. راگلز کە بە کەشتییەکی هەڵمی لە گەشتێکدا بوو بۆ بۆنانتوکت، سوور بوو لەسەر کڕینی پلیتی نمرە یەک و رازی نەبوو لە پاسێکی سەر بەهێڵی ئاسنیی نیوبدفۆرد کە تایبەت بوو بەسپیپێست دابەزێ. لە هەردوو حاڵەتەکەدا تووشی لێدان هات. رەفتارە ناتوندوتیژانەکەی رێگەی ئەوەی لێ نەگرت پەنا بۆ دادگە ببا. پێداگرییەکەی لەسەر یەکسانی لە خزمەتگوزارییەکاندا لەسەر ئەم رێسایە دامەزرابوو: "مادام من بەرگری لە بنەماکانی یەکسانی لە ئازادیدا دەکەم، کەواتە ئەرکی سەرشانمە ئەوەی مژدەی پێ دەدەم جێبەجێی بکەم و لە هەموو کاتێکدا داوای مافەکانی خۆم بکەم".

پاش دیدارێکی بەرهەڵستکاری کە زنجییەکان لە نیوبدفۆرد بە سەرۆکایەتیی دوگلاس پێ هەستان، گارسبون و دوگلاس و نێزیکەی ٤٠ رەشپێست و سپیپێست سواری کەشتییەکی هەڵمی بوون، کاتێ کاپتنەکە رازی نەبوو بکەوێتە رێ تا رەشپێستەکان دانەبەزن، هەندێکیان دابەزین، کاپتنەکە پاشتر قایل بوو بەمانەوەی ئەوانی تر. مابی دەڵێ: " کاتێ کەشتییەکە جووڵا، تیمی خەباتکەرەکان کۆ بوونەوە و نارەزاییان لە دژی سیاسەتی کۆمپانیاکەی گواستنەوە و جیاوازیی رەگەزیی دەربڕی".

ئەم جۆرە پەناگیرییە چەندان جار لە شەمەندەفەرەکاندا لە نیوئینگلاند لە ساڵی ١٨٤١ کرا. سپیپێستەکان لە فارگۆنەکانی سەر بەزنجییەکاندا پەناگیر دەبوون، زنجییەکانیش لە فارگۆنەکانی سپیپێستەکاندا. پەناگیرە رەشپێستەکان ڕووبەڕووی لێدان دەبوونەوە. جیمس بافوم کە یەکێک بوو لە بەشدارانی پەناگیرییەکە دەڵێ "ئەم کار و کاردانەوانە ئاسۆیەکی لە بەردەم ئەم کێشە رەوایەدا کردەوە. بۆ نموونە لە شاری ڤین، تەنانەت لە شاری سالم کە جیاکاریی رەگەزیی تێیدا لەوپەڕی توندیدایە، خەڵک بە تووڕەییەوە لەبارەی ئەو مامەڵە ئابڕووبەرانەیەی لەگەڵ پەناگیرییەکان دەکرا پرسیاریان دەکرد".

بایکۆتی شەمەندەفەرەکان لە ماساشوستس کرا. مابی دەنووسێ: ئەگەر ئەو ڕووداوە دڵتەزێنانە نەبوونایە کە لە کاتی پەناگیرییەکاندا ڕوویان دەدا، تەنانەت لەلایەن شۆفێرەکانەوە، دواتر نەدەتوانرا بایکۆت بکرێ".

ئەم بایکۆتکردنە بەدرێژاییی ساڵێکی تەواو لە نیسانی ١٨٤٢ لەلایەن بزووتنەوە دژە رەگەزییەکانەوە پاڵپشتیی بەهێز دەکرا.

هاوکاتبوونی ئەم ڕێگە ناتوندوتیژییە گوشارهێنانە هەروەها بوونی ئەگەری بەهێز بۆ ئەنجامدانی گۆڕانکاری لە یاساکاندا دژ بەجیاکاریی رەگەزی، ڕۆڵیان هەبوو لە پاڵەپەستۆ خستنە سەر هەردوو کۆمپانیاکەی هێڵی ئاسن بۆ کۆتاهێنان بەجیاکاری. پەناگیرە رەشەکان دەیانگوت تەنیا بۆ ئەوە دەچوونە ئەو فارگۆنانەی لێیان قەدەغە بوون، تا لێیان بدرێ و فڕێ بدرێنە دەرەوە. فریدریک دۆگلاس ساڵی ١٨٤٩ گوتی "ئەم کارانە سنوورێکیان بۆ جیاکاریی رەگەزی لە شەمەندەفەرەکاندا دانا، چونکە کۆمپانیاکان هەست بەشەرمەزاری دەکەن".

پاش چەند ساڵێک ئەم جۆرە لە ئەسپ و عارەبانەکانیشدا لە شاری نیویۆرک و فیلادلفیا پێڕەو کرا. ساڵانی ١٨٥٤ و ١٨٥٥ چەند زنجییەک

دادگــەیی کــران بەهــۆی ئەوەی مکورِ بوون لەســـەر ئەوەی هـاوشــێــوەی سپییەکان سـواری ئەسپ و عارەبانە بن، ئەمە لە سـاڵی ١٨٥٨ لە فیلادلفیا رووی دا کـاتێ شـاعیری رەشـپێسـتی ناسـراو و نەیاری جیاکاریی رەگەزی فرنیس وتکنز سوور بوو لەسەر ئەوەی سواری ئەسپ و عارەبانەیەک ببێ کە لە رەشپێستەکان قـەدەغە بوو. لە کاتی جەنگیشدا بزنسمانێکی رەشـپێست و ژنەکـەی سـوور بوون لەسـەر ئەوەی لەناو عـارەبانەکـەدا دابنیـشن نەک لە سـەرەوەی، سـەرەنجـام کـابرای شـوفـێـر ئەسـپـەکـانـی کـردەوە و وازی لە عارەبانەکە هێنا.

پاش شـەڕی ناوەخۆ، لە سـاڵی ١٨٧١ پەناگیرییـەک لە شـاری لویسڤیل لە ویلایەتی کنتاکی بەڕێوە چوو، کـە کۆیلە تازە ئـازادبووەکان پێی هەسـتـان. مـەسـەلەکە لە مـانگی کـانوونـی دووەم دەسـتی پێ کرد کـاتێ رۆبەرت فـۆکس پارەی پلیتەکەی دا و سـوور بوو لەسـەر ئەوەی لە بەشـی تایبەت بە سـپییەکان دابنیشـێ و رازی نەبوو شـوێنەکەی چۆڵ بکا، بۆیە لە عارەبانەکە فڕێ درایە دەرەوە. فـۆکس سکاڵایـەکی بۆ بەردەم دادگـەیەکی فـیـدراڵی بەرز کـردەوە و بردییەوە، بەڵام کۆمپانیای گواستنەوە ناوەخۆییەکە شتەکەی فەرامۆش کرد و لەسـەر جیـاکـاری بەردەوام بوو و رازی نەبوو بکەوێتـە رێ تـا زنجـییـەکان دانـەبـەزن. پاش راوێژکـــردن بـە بـەرپـرســـانـی فـــیـــدراڵی و پارێزەرە سپیپێستەکان، سەرکردەکانی زنجییەکان پەناگیرییەکی سـەرتاسـەریان لە هۆیەکانی گواسـتنەوەدا ئەنجام دا. لە مانگی ئایار لاوێکی رەشپێست کە لە شوێنێکی تایبەت بە سپییەکان دانیشتبوو لەلایەن کۆمەڵێ سپیپێستەوە لێی درا، ئەنجـا دەسـتگیــریش کـرا و بـرایە دادگـەی شـارەکـە و دادوەرەکـە هۆشـداریی دا لە ئەنجـامـدانی پەناگـیـریی نوێ. بەڵام هەڵمـەتی پەنـاگـیـری بەردەوام بوو و وای لێ هات شۆفێرەکان ئۆتۆمۆبێلەکانیان بەجێ دەهێشت. رەشـپـێسـتـەکانیش لە وەڵامی ئەوەدا خـۆیان لێیـان دەخوڕین، لەو کـاتەدا توندوتیـژیی سـپـیـیـەکان دەسـتی پێ کـرد و سـەرەتای کـاری ئاژاوەگـێـڕیی

نەژادی لە ئاسۆوە دەرکەوت. ڕۆژنامەکانی کنتاکی و زۆر لە سەرکردەکانی سپیپێستەکان سەرکۆنەی ئەو کەشوهەوایەیان کرد. تەنانەت جۆن هارلان کاندیدی کۆمارییەکان بۆ پۆستی حاکم، وێڕای ئەوەی پێشتر لە خاوەن کۆیلەکان بووە، نەیاریی خۆی بۆ جیاکاری ڕاگەیاند. ئەم ڕووداوانە لەسەر ئاستی نیشتمانی بوونە جێی سەرنج: دەنگۆی ئەوە بڵاو بووەوە کە سەرۆک گرانت ڕەنگە سەربازانی فیدراڵی ڕەوانە بکا، پۆلیسی فیدراڵی و یەکێک لە پارێزەرانی حکوومەتیش پاڵپشتیی زنجییە ڕەشپێستەکانیان دەکرد. کۆمپانیاکان ئالآی سپییان بەرز کردەوە و شارەکە بەتەواوی لە جیاکاری لەناو هۆیەکانی گواستنەوە پاک بووەوە.

لە ساڵی ١٩٤٦ دادگەی باڵا یاسایەکی دەرکرد کە جیاکاریی ڕەگەزی لە هۆیەکانی گواستنەوەی نێوان ویلایەتەکاندا قەدەغە کرد. جۆرج هاوەرز و بایار ڕستن لە ساڵی ١٩٤٧ یەکەم "گەشتی ئازادی"یان ئەنجام دا کە ژمارەیەکی زۆر پاسیان تێدا بەکار هێنا و کەڵکی لەو مافە وەرگرت کە یاسا نوێیەکە پێی بەخشیبوو.

شەپۆلی "ئازادیی گواستنەوە" لە ساڵی ١٩٦١ لەژێر چاودێریی "کۆنگرەی یەکسانیی نەژادی"دا کە گرووپێکی دژە توندوتیژی بوو کە جایمس فارمەر سەرۆکایەتیی دەکرد، بەهێزەوە دەستی پێ کرد. ئەوە بوو لە ٤ ئایار دەستەیەکی تێکەڵ لە واشنتۆنی پایەتەختەوە بەرەو ئورلیانز سەفەریان کرد و تووشی زنجیرەیەکی درێژ گرتن و کاری توندوتیژی بوو و گەشتەکە لە ٢٨ ئایار لە شاری جاکسۆن - میسیسیبی وەستا، پەناگیری لەناو گرتووخانەکان ئەنجام درا. لە یەکی تشرینی دووەمەوە دەبوو ئەو پاسانەی لە نێوان ویلایەتەکاندا هاتوچۆیان دەکرد ئەم لافیتەیە هەڵبواسن: "شێوەی دانیشتن لەم پاسەدا پێوەندیی نە بەنەژاد، نە بەرەنگ نە بەباوەڕ نە بەبنەچەوە نییە، ئەمەیش بە فەرمانی لێژنەی بازرگانیی نێوان ویلایەتەکان".

ساڵی دوای ئەوە، ئەم وشانە لەسەر پلیتەکانی گواستنەوە و لە هەموو وێستگەکانی گواستنەوەشدا نووسرا.

٤- پەناگیری لە مەلەوانگە گشتییەکاندا

ئەمەیش رێگەیە بۆ بەرەنگاریکردنی جیاوازیی رەگەزی لە بەکارهێنانی مەلەوانگە گشتییەکاندا کە پێویستی بە کڕینی پلیت نییە. ئەنجامدەرانی جموجۆڵەکە بەئاسانی دەچوونە ئەو ناوچانەی لێیان قەدەغە بوو، بەچاوپۆشین لە بەربەستە نەریتی یان یاساییەکە، بەشێوەیەکی سروشتی رەفتاریان دەکرد و کەنار دەریا و ئاوەکەیان بەکار دەهێنا. دەستەیەکی تێکەڵ لە رەشپێست و سپیپێستەکان لە ١٦ی تەمووز تا کۆتاییی هاوینی ١٩٦٠ لە کەناری باشووری شیکاگۆ پەناگیرییان کرد. توانرا ئەم پرەنسیپە لە چەند ناوچەیەکی تری قەدەغەکراو کە بە شووره یاخۆ پەرژین نەپارێزرابوون، جێبەجێ بکرێ.

٥- پەناگیریی جووڵاو

برێتییە لەوەی پەناگیران لە شوێنێک کۆ دەبنەوە کە دەلالەتێکی رەمزیی هەیە، یان پێوەندیی بەمانگرتنەکەوە هەیە، بۆ نموونە نووسینگەکانی دژبەرەکە و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو تێیدا دەمێننەوە. بەڵام بەپێچەوانەی پەناگیریی ئاسایی، پەناگیران لە جووڵەیەکی بەردەوامدان: لەناو بیناکەدا دێن و دەچن و بۆیان هەیە لە کاتی پەناگرتنەکەدا دەر و ماڵ بکەن. ئەم رێگەیە وەسف کراوە بەوەی لە توانایدایە ئامانجەکانی ڕووبەڕووبوونەوە و دەستوەردانی راستەوخۆ بەدی بێنێ و پەناگیران تێیدا دووچاری کەمترین سەرکوتکردن دەبنەوە. بوونی ژمارەیەکی زۆر پەناگیری هاتوچۆکەر دەبێتە بەربەست لە بەردەم کارە سروشتییەکانی ناو بیناکەدا.

ئەم رێگەیە لە مانگی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ لەلایەن رەشپێستەکان و

لایەنگرانیانەوە لە زانکۆی "تافتس" جێبەجێ کرا، کە ڕێگە بە ڕەشەکان نەدەدرا لە پڕۆژەی دروستکردنی بینایەکی تایبەت بەزانکۆکەدا لە شاری مەدفۆرت-ماساشوستس کار بکەن. پاش ئەوەی هێزەکانی پۆلیس بیناکەیان داگیر کرد، "کۆمەڵەی ئەفریقیایی - ئەمەریکایی" لە ڕۆژی هەینی ٧ی تشرینی دووەم و ڕۆژی دووشەم ١٠ی مانگ پەناگیرییەکی جووڵاوی لەناو بینای ئیدارەی زانکۆکەدا ئەنجام دا.

٤٠٠ قوتابی، ٥٠ ڕەش و ٣٥٠ سپی، هەروەها ژمارەیەک لە ئەندامانی ئەنجوومەنی کۆلێج، سەعات نۆی بەیانی لە بەردەم بیناکەدا کۆ بوونەوە بۆ ئەنجامدانی پەناگیرییەکی جووڵاو. بوونە چوار تیمی یەکسان، ئەرکی هەریەکەیان هەوڵدان بوو لەگەڵ یەکێک لە چوار بەڕێوەبەرەکەی زانکۆکە. بەرپرسانی زانکۆکە ڕێگەیان بەم جموجۆڵە دا و هیچ پۆلیسێکیش لە ناو یان دەرەوەی بیناکەدا نەبینرا. قوتابییەکان بەهێمنی نووسینگەکانی ئیدارەیان داگیر کرد. سەعات نۆ و نیوی بەیانی کۆبوونەوەیەک بەسترا کە نێزیکەی ٣٠٠ قوتابی تێیدا بەشدار بوون. گوێیان لە سەرۆکی زانکۆ گرت کە لە وتارێکی نیو سەعاتیدا هەڵوێستی زانکۆکەی ڕوون کردەوە.

قوتابییەکان نیو سەعات بەر لە کۆتایی دەوام ژوور و بیناکەیان بەجێ هێشت. لە کاتی پەناگیرییەکەدا کارکردن لە تەواوی بیناکەدا ڕاوەستا.

٦- پەناگیری-نوێژ

لەم جۆرە چالاکییەدا کۆمەڵە کەسێک دەچن یان هەوڵ دەدەن بچنە ناو کەنیسەیەک بۆ بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمە ئاینییەکاندا، کە بەپێی نەریت یاخۆ یاسا قەدەغەیە لێیان. ئەگەر ڕێگەشیان پێ درابێ و شوێنێکیان بۆ دیاری کرابێ، ئەوان لە جێی کەسانی تردا دادەنیشن.

ساڵی ١٨٤٨ فریدریک دۆگلاس داوای لە سەرجەم زنجییەکان کرد نەچنە ئەو کەنیسانەی بۆ ڕەشەکان تەرخان کراوە و بچنە کەنیسەکانی سپییەکان،

ئەویش لە ڕێی "پەناگیریی نوێژ"ەوە وەک ماکبی ناوی نا. دۆگلاس گوتی "پێویستە زنجییەکان بەبێ دوودڵی بچنە کەنیسە و دابنیشن و ڕێگە بە کاهین و شەماسەکان بدەن بەزۆر رایان کێشنە دەرەوە، لەبەرئەوەی ئەو کارە دەرفەت بۆ چارەسەرکردنی یەکجارەکیی کێشەی جیاکاری بەشێوەیەکی ئەرێنی دەڕەخسێنێ".

ئەم جموجوڵە بەکۆمەڵ بەرێوە نەچوو. بەڵام هەواڵی چەندان حاڵەتی تاکەکەسی لە فیلادلفیا و ویلایەتی نیویۆرک و چەند ناوچەیەکی نیوئینگلاندەوە بڵاو بووەوە. کاردانەوەکان هەمیشە دۆستانە نەبوون: بۆ وێنە لە شاری راندۆلف-ماساشوستس لە دەوروبەری ساڵی ١٨٥٣ ماڵباتێکی رەشپێست کورسییەکی لە کەنیسەیەکی مەعمەدانیی تایبەت بە سپیپێستەکان بەکرێ گرت، دواتر بینی کورسییەکە لە جێگەکەی لابراوە، ئەندامانی ماڵباتەکەیش لەسەر زەوی دانیشتن. رۆژی یەکشەمی داهاتوو بینیان ئەو تەختە پلێتانەی زەویی کەنیسەکە لەو جێیەی پێشتر لێی دانیشتبوون، لابراون.

هەروەها لویس تابان بەرهەڵستی جیاکاریی رەگەزیی سپیپێست، لە کاتی سەردانی بۆ کەنیسەی مارلبۆرۆ لە ویلایەتی نیویۆرک لە ساڵی ١٨٣٧ لەگەڵ رەشپێستەکان قوربانییەکەی خوارد. کاهینی کەنیسەکە سەرەتا شێتگیر بوو بەڵام دواتر ملی کەچ کرد و هەموو نانیان خوارد.

لە ساڵی ١٨٣٨ کاهینێکی سپیپێست لە کاتی وتاردانیدا لە کەنیسەی نیوارک لە ویلایەتی نیوجێرسی، لە سەکۆی وتاردان هێنرایە خوارەوە بەهۆی ئەوەی ڕێگەی بە ئافرەتێکی رەشپێست دابوو بێتە ناو کەنیسەکە و لە تەنیشت ژنەکەی دابنیشێ.

سیس گایتس تاکە کۆنگرێسمانی نەیاری جیاکاریی رەگەزیش لە ساڵی ١٨٤٠ داوای لە یەکێک لە خەباتکارە رەشپێستەکان کرد لە کەنیسەی

جـینیـسی له تەنیـشـتی دابنیـشـێ. ڕۆژی دوای ئەوە ڕۆژنامـەی ناوەخـۆیـی ویلایەتـەکە ئەو کـارەی بەئـابڕووچوون لەقـەڵەم دا و تۆمـەتبـاری کـرد بەوەی "هەندێ مـادە تێکەڵ دەکـا کـە بـەیەک ناخۆن". بـەڵام ئەمـە نەبـووە لەمپـەر لە بەردەم هەڵبژاردنەوەی گایتس بە ئەندامی کۆنگرێس.

سـاڵی ١٨٤٠ سـەرکـۆنەی لاوێکـی سـەر بەگـرووپی کـویکرزی ئـاینی کـرا لەبەرئەوەی لـە کـەنیـسـەدا لە تەنیـشت ڕەشـپـێسـتـەکان لەو جـێیـەی بۆیان تەرخان کرابوو دانیشـتبـوو. گرووپەکەی ئەو کـارەیان بە سووکایەتیکردن بە هاوڕێکانی لـەقـەڵەم دا کـە بڕیاریان دابـوو هەندێ کورسی بۆ سـپـیـیـەکان و هەندێکی تر بۆ ڕەشـەکان تەرخان بکرێ.

هەروەهـا هەردوو خــوشـک ئـەنجلینا و ســـارە گــریمکە کـــە تازە بـەتازە چووبوونە ناو گرووپی کویکەرز سـوور بوون لەسـەر دانیشـتن لەگـەڵ ئافـرەتە ڕەشپێسـتـەکان لە خانەی کۆبوونەوەکان لە شاری فیـلادلفیا. هـەردوو خوشک لە وەڵامی سـەرزەنشـتکردنیان لـەلایەن گرووپەکـەیانەوە گـوتیـان: "مادام ئێوە خـوشکەکـانمان دەخــەنە دۆخێکی نالەبارەوە، بەئەرکـی خـۆمـانی دەزانین ئەو دۆخە لەگەڵیان بەش بکەین".

لە کـەنیـسـەیەکی زۆرینە سپی لە ڕۆد ئایلەند بەرپـرسـانی کـەنیـسـەکە ڕازی نەبوون بەکـرێدانی کـورسـیی ژنێکی سـپـیـپێـست نوێ بکەنـەوە لەبەرئەوەی داوای لە ئافـرەتێکی ڕەشـپێست کردبوو لە تەنیشـتی دابنیـشـێ، لە کـاتێکدا ئەو ئـافــرەتەیش ئەندامی هەمـــان کــەنیـــســـە بوو، هـەر بـۆیە ژنـەکـــە چوو کـورسـیـیـەکی تایبـەتی خـێـوەتگەکـەی هێنا و لە ڕاڕەوەکـەدا لە تەنیـشت کورسییەکەی پێشووی دانا و لەسەری دانیشت.

لە کاتی جموجـۆڵە گەورەکە لە پێناو مافـە مەدەنییەکان لـە ساڵی ١٩٦٠ و لە خـەباتیـاندا بۆ نەهێشتنی جیاکاری لە کەنیسـەکاندا لە باشـووری وڵاتە یەکگرتووەکان، ڕەشپێسـتـەکان لە بەردەم دەروازەی کـەنیسـەکاندا چۆکیـان

دادەدا، ئەوەیش بە پەناگیریی چۆکدادان ناسرا، وەک ئەوەی لە شوباتی ١٩٦١ لە شاری رۆک هیڵ لە کارۆلینای باشوور رووی دا و یەکەم پەناگیریی چۆکداداان لە بەردەم کەنیسەکانی سپییەکاندا ئەنجام درا، بەو هۆیەوە لە کۆی پێنج کەنیسە سێ کەنیسە رێگەیان بە چوونەژوورەوەی رەشەکان دا. هەروەها لە شاری بێرمنگهام-ئالاباما لە ١٤ی نیسان لە جەژنی فوسح زنجییەکان، پاش ئەوەی کاهینی کەنیسەکە رێگەی چوونەژوورەوەی پێ نەدان، لە ماوەی قودداسەکەدا لەسەر پلیکانەکانی کەنیسەکەدا نوێژیان کرد.

٧- شالاوە ناتوندوتیژانەکان

واتای ئەم رێگە ئەوەیە کەسانی خۆبەخش هەڵدەکوتنە سەر شوێنێکی خاوەن بایەخی رەمزی یاخۆ ستراتیجی و دەستی بەسەردا دەگرن. ئەم رێگەیە زۆرجار سەردەکێشێ بۆ یاخیبوونی مەدەنی و لەوێشەوە ئەگەری روودانی سەرکوتکردنێکی درِندانە لەلایەن پۆلیس و سوپاوە.

لە هیند، بۆ نموونە، لە کاتی خەباتە مەزنەکەدا لە هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا هیندییەکان نووسینگەکانی ئەنجوومەنی پیرانیان داگیر کرد، هەروەها چەند هەوڵێکی نارێکخراو بۆ داگیرکردنی تەلارەکانی حکوومەت دران. هەروەها هەڵمەتێک کرا بۆ دەستگرتن بەسەر کۆگەی گەورەی "خوێ"دا: بۆ ماوەی چەند هەفتەیەک، رۆژانە ژمارەیەک لە خۆبەخشەکان بەرێپێوان و ریزێکی رێک بەرەو کۆگەکە دەچوون و داوای خاوەندارییەتییان دەکرد. هەوڵدان بۆ دەستگرتن بەسەر ئەو خوێیەی لەوێ بوو بەشێک بوو لە پرۆسەی بەناوبانگ و بنەرِەتیی خوێ لە خەباتی هیندییەکان لەو کاتەدا. خۆبەخشەکان دووچاری سەرکوتکردنێکی توند بوونەوە.

لە بارێکدا خۆبەخشەکان لەو هەنگاوەیاندا پەنا بۆ توندوتیژی نابەن، ئامانجی شالاوەکانیشیان دەستبەسەرداگرتنی راستەقینە نەبوو، بگرە

گژبەریکردنی دەسەڵات و ڕێژیمی ئارا و کارپێکردنی میکانیزمێکی دەروونی بوو لە جموجۆڵی ناتوندوتیژانەدا.

لە قۆناغێکی زۆر پێشکەوتووی "یاخیبوون"ی ناتوندوتیژانەدا، حەشاماتێکی زۆر دەتوانن گەمارۆی شوێنێک بدەن و ڕێگە نەدەن دەسەڵاتداران دەستی بەسەردا بگرنەوە، بەتایبەت لە بارێکدا کە فەرمانی توند بۆ سەرکوتکردن یان دەستوەردانێکی بەهێز و چڕی پۆلیس لە ئارادا نەبێ.

ڕەنگە هەندێ جار شێوەیەکی دەستکاریکراو لەم ڕێگەیە بەکار بێ، بەوەی لە باتیی شوێن، دەست بەسەر هەندێ شمەکی دیاریکراودا دەگیرێ، وەک کە لە ١٨ی کانوونی دووەمی ١٧٧٠ لە بۆستن لە کۆلۆنیی ماساشوستس بای رووی دا، ئەویش لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ ٨ بازرگان کە بە ڕێککەوتننامەی هاوردەنەکردن قایل نەدەبوون. ئەو بازرگانانە رازی نەدەبوون ڕەفتارەکەیان بگۆڕن و ئەو شمەکانەی هاوردەیان کردبوو بیدەنە لێژنەی پشکنین. ئارسۆر شلیسنگەر نووسی: "زیاتر لە هەزار کەس لە ریزێکی ڕێکوپێک و شکۆداردا بەرەو کۆگە و ماڵەکانی ئەو پیاوانە چوون و لە ڕێی گوتەبێژێکیانەوە داوایان کرد ئەو شمەکانەی کۆگە کراون بدرێنە لێژنەی پشکنین. تەینا یەک بازرگان بە ئەرێنی وەڵامی دایەوە، ئەویش "کاری" بوو.

٨- شالاوە ئاسمانییە ناتوندوتیژانەکان

دەکرێ بەمەبەستی بەردانەوەی بڵاوکراوە یان دیاری یان خواردن بۆ خەڵک، لە ڕێی فڕۆکە یان باڵۆن یان هەر ئامرازێکی تری گواستنەوەی ئاسمانییەوە بچیتە ناو "کایەی ئاسمانی"ی دژبەرەوە، بەبێ ئەوەی پەنا بۆ توندوتیژی یان تێکشکاندن ببەیت (دیارە ئەرکە ئاسمانییەکان بۆ گەیاندنی پێداویستییەکان لە کاتی گەمارۆدا لەمە جیایە). شالاوی بەردانەوەی

بڵاوکـراوه کـاریگەرییـەکی گـەورەی دەروونیی هـەیە، وەک ئەوەی لـە کـۆتا قۆنـاغی کودەتای" کـاب" رووی دا. رۆژی سێشـەم ١٦ی ئادار له ئاسمـانی بەرلیندا فڕۆکـەیەکی حکوومـەتی ئەڵمـانیـا دەرکـەوت کـە بەرەو شـتـوتگارت دەچوو و لەلایەن کودەتاچییەکانەوه پاڵپشتی دەکرا بەمـەبەستی بەردانەوەی بڵاوکراوه و لەسەری نووسرابوو" بڕووخێ دیکتاتۆرییەتی سەربازی". عەقید گودسـپید دەڵێ "تەنانەت له گەڕەکه راقییەکانی بەرلینیشدا به هەڵەداوان رایان دەکرد بۆ پەیداکردنی بڵاوکراوەکە، پاش خـوێندنـەوەی بەدەنگی بەرز هەلهـەلەیان لێ دەدا، به رادەیەک ئەفـسـەرانی لێـژنەی چاودێری سـەر بەهاوپەیمانەکان چوونه بەردەم پەنجەرەکانیان له هوتێلەکەدا تا بزانن چی بووه.

زۆربەی جاران شـاڵاوه ئاسمـانییـه ناتوندوتیـژییـەکان هەندێ کردەوەی بچووکن له کاتی ملمـلانەیەکی توندوتیـژی فراواندا، کـه بارودۆخ لەبار نییـە، هەر بۆیه ئـەنجـامـێکی ئـەوتۆیان نـابێ. ئـەوه بوو له کـۆتاکـانی مـانگی حـوزەیرانی ١٩٦٥ فڕۆکـەکـانی وڵاته یەکگرتووەکان گـەمـه و جلوبەرگـیـان بەسـەر گوندەکانی نێزیک "هانۆی"دا بـەردایەوه، تا ئاماژه بدەنه دانیشتوان که وڵاته یەکگرتووەکان عەزمی جەزمە. هەروەها هەندێ فڕۆکەی تر بەسـەر پێگەکانی بەرەی رزگاریخوازانی میللی له باشوری ڤێتنامدا سووڕانەوه و له رێی بڵندگۆوه کـەشـوهـەوایەکی خـێزانییـان وەشـان دەکرد، تێـیدا دایکێکی ڤێتنامی دەڵێ "بگەڕێنەوه مـاڵەکانتـان". هەندێ بەرپرسی ئەمـەریکایی پێیان وایه ئەو کاره بووه مایەی ئەوەی زۆر له چەکدارانی ڤێتنامی شـوێنەکانیـان بەجێ بێـڵن و لـه گـۆڕەپانی شـەڕ هەڵبـێن. ئەوەیشـیـان ناو نـا" شـێـوه مرۆڤانەکەی تۆقاندن".

٩- پەلاماردانی ناتوندوتیژانه

پوختـەی ئەم رێگەیه ئەوەیه ژمـارەیەک خۆبەخـشی ناتوندوتیـژ بـەئاشکرا

دەچنە ناوچەیەکی قەدەغە، تا بە ڕێژیمی باڵادەست بڵێن کە دان نانێن بەدەستگرتنی بەسەر ئەو ناوچەیە، یاخۆ بەکارهێنانی بۆ ئامانجێکی دیاریکراو.

ئەم ڕێگەیە لە خانەی یاخیبوونی مەدەنیدا حسێب دەکرێ و بەتوندی سەرکوت دەکرێ. پەلامارданی ناتوندوتیژانەی ناوچەی" گوا"ی هیندی لە ساڵی ١٩٥٥، بۆ گژبەریکردنی مافی پورتوگالییەکان لە دەستگرتن بەسەر ئەو بەشە لە وڵاتی هیندیستان، بەناوبانگترین نموونەیە.

نموونەیەکی تر، هەوڵەکانی لایەنگرانی ئاشتییە بۆ چوونە ناوچەیەکی سەربازی لە نبراسکا لە ساڵی ١٩٥٠، هەروەها هەوڵی کۆمەڵێکی تر بۆ دەستگرتن بەسەر ناوچەیەکی تر لە هارنگتون-ئینگلتەرا بەمەبەستی بەکارهێنانی بۆ ئامانجگەلی ئاشتی.

هەوڵدانی لایەنگرانی ئاشتیش بۆ ڕاگرتنی ئەزموونی ناوکی فرەنسا لە کانوونی دووەمی ١٩٦٠ لە ویگن-باکوری ئەفریقیا، نموونەیەکی ترە، ئەویش کاتێ لایەنگرانی ئاشتی هەوڵیان دا بچنە ناوچە قەدەغەکە تا ڕێگەی ئەنجامدانی تەقینەوە ناوکییەکە لە فرەنساییەکان بگرن (ئەمیش پێی دەگوترێ خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانە). بەڵام نەیانتوانی بچنە ناوچەی تەقینەوەکە، بۆیە لە سنووری پەلامارданی ناتوندوتیژانەدا مایەوە. هەروەها لایەنگرانی ئاشتیی ئەمەریکایی هەوڵیان دا بەر بەئەنجامدانی ئەزموونە ناوکییەکان لە زەریای هێمندا بگرن، ئەویش بەچوونیان بۆ ناوچەی ئۆپەراسیۆنەکە لە هەردوو ساڵی ١٩٥٨ و ١٩٦٢.

١٠- خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانە

لەم ڕێگەیەدا چالاکان جەستەی خۆیان دەخەنە نێوان دژبەرەکە و ئامانجی کار یان چالاکییەکەی، هەندێ جار لە نێوان سەرباز و پۆلیس و ئەو خەڵکەی ڕووبەڕووی دەبنەوە. یان خۆیان دەدەنە بەر ئۆتۆمۆبێلێک،

بارهەڵگرێک یان تانکێک.

ئەم رێگەیە جیاوازە لە رێگەی (پەکخستنی ناتوندوتیژانە)، کە دواتر باسی دەکەین، بەوەی ئەم رێگەیە نابێتە بەربەستێکی سەرتاپایی و رێگر کە نەتوانرێ تێ پەڕێنرێ و لاببرێ، چونکە کەس و ئامێرەکان دەتوانن بەئاسانی بەسەر جەستەکاندا پێشڕەوی بکەن، بەڵام لە حاڵەتی پەکخستنی ناتوندوتیژانەدا وەک باسی دەکەین- ئەوە ناکرێ.

ئامانجی خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانە قایلکردنی کەسانی پێوەندارە، لە سەربازان و شۆفێران و هی تر، کە پێویستە ئەو کار و چالاکییەی بەلای ئەو گرووپەوە نائەخلاقی و ناڕەوایە رابگرن، یان لانی کەم لەو کارە پاشگەزیان بکەنەوە لەو روانگەی کارەکە بەلای ئەوانەی دەیانەوێ رای بگرن، دەبێتە مەترسی و ئازار.

لە بارێکدا ئامانج لەم رێگەیە سەپاندنی بەربەستێکی مرۆیی رێگر نییە، ژمارەی ئەوانەی لەم جۆرە جموجۆڵەدا بەشدارن گرینگ نییە، تاکە کەسێک یاخۆ گرووپێکی بچووک دەتوانن لەسەر رێی تانکێک یان شەمەندەفەرێکی پڕ لە کەرەستەی جەنگیدا پاڵ بکەون یان دابنشین، بەمەبەستی ئەوەی شۆفێرەکە نەیەتە پێشەوە نەوەک ببێتە مایەی بریندارکردن یاخۆ کوشتنی ئەوانەی دانیشتوون. دەریش کەوتووە کەمیی ژمارەی ئەوانەی بەم جموجۆڵە هەڵدەستن کاریگەریی دەروونی زیاتر دەکا.

براتفۆرد جیاوازی دەکا لە نێوان خۆتێوەردانی تاکەکەسی و خۆتێوەردانی بەکۆمەڵ. لە جۆری یەکەمدا کەسەکە بەشێوەیەکی نیوچە دڵنیا خۆی ڕووبەڕووی مردن یان برینداربوون دەکاتەوە، چونکە تەنیا کەسێک رەنگە شۆفێرەکە نەیبینێ، یان رەنگە پێی وابێ جیدی نییە لەوەی دەیکا. هەرچی جۆری دووەمە، ئەو مەترسییەی روو لە تاکەکەس دەکا زۆر لاوازە. بەڵام لیتل پێی وایە جۆری یەکەم کاریگەرترە.

ئەم نموونانەی خوارەوە لە سێ گرووپدا پۆلێن دەکرێن: دەستوەردانی پێوەست بەحاڵەتە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکان + دەستوەردانی پێوەست بەکارەکانی پۆلیس و سوپا + دەستوەردانی پێوەست بەوەستاندنی ئۆتۆمۆبێل و ئامێرەکان.

أ- حاڵەتە کۆمەڵایەتی و پیشەییەکان

ژمارەیەک لە خۆپێشاندەرانی دژ بەجیاکاریی رەگەزی لە ١٣ی ئایاری ١٩٦٤ بۆ رێگرتن لە یارییەکی جامی دیفیس لە نێوان تیپی نەرویج و تیپی باشووری ئەفریقیا کە یاریزانەکانی تەنیا لە سپیپێست پێک هاتبوون، لەسەر زەویی یاریگەی مادسیرود لە ئۆسلۆ دانیشتن.

لە کاتی هەڵمەتەکەی ساڵی ١٩٢٢ لە هیندستان، ژمارەیەک قوتابی بۆ رێگرتن لە تێپەڕبوونی هاورێکانیان لە هۆڵ و دالانەکانی زانکۆی کالکوتا دانیشتن. پاش ئەوەی داوایان لە قوتابییەکان کرد نەچنە هۆڵی وانەکان، رازی بوون لەلایەن قوتابییەکانەوە کە سوور بوون لەسەر ئەوەی بچنە ژوورەوە، پێشێل بکرێن.

هەمان رێگەیش لە خەباتی نیشتمانیی هیند لەلایەن ئافرەتانەوە بۆ قەدەغەکردنی فرۆشتنی مەی-ی ئینگلیزی پێڕەو کرا، هەروەها لەلایەن بانگەشەکارانی راگرتنی هاوکاری لەگەڵ ئینگلیز تا ئەوانەی لە کەرتی گشتیدا کاریان دەکرد و سەر بەحوکمی بەریتانیا بوون، قایل بکەن تا دەست لە وەزیفەکانیان هەڵگرن. دەڵێن ئافرەتە هیندییەکان ئەم شێوازەیان بۆ قایلکردنی مێردەکانیان بۆ مامەڵەنەکردن لەگەڵ رێژیم بەکار هێناوە.

ساڵی ١٩٥٧ کرێکارانی مانگرتوو لە شاری ریدنگ-بنسلڤانیا لەسەر زەوی لە بەردەم دەروازەی کارگەکەیان راکشان و کرێکارە مانەگرتووەکانیان سەرپشک کرد لە نێوان چوونە ناو کارگەکە بەسەر جەستەی ئەواندا و راگرتنی کارکردن و مانەوە لە دەرەوە.خەباتکاران لە

پێناو مافە مەدەنییەکان لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانەیان بەشێوەیەکی کاریگەر بەکار هێنا تا خاوەن کارەکان ناچار بکەن تا ژمارەیەکی زیاتر زنجی کار پێ بکەن.

لە ئایاری ساڵی ١٩٦٣ لە فیلادلفیا خەباتکارانی سەر بەهەردوو بزووتنەوەی "ئەنجوومەنی یەکسانیی رەگەزی" و "کۆمەڵەی پەرەسەندنی کەسە رەنگاورەنگەکان" رێگەیان لە چوونە ژوورەوەی کرێکارانی سپی گرت بۆ ناو وەرشەیەکی بیناکردن کە لە هەڵبژاردنی کرێکارەکانیدا جیاکاریی رەگەزی دەکا و ئەم رێگەیەیان ناو نا "گەمارۆی وەزیفی". رووبەڕووبوونەوەی توند لە نێوان کرێکارەکان و پەناگیرەکاندا رووی دا.

هەمان رێگە بەسەرکەوتوویی لە سان فرانسیسکۆیش تاقی کرایەوە بۆ قایلکردنی خاوەن هۆتێل و بازرگانانی ئۆتۆمۆبێل تا سەدان زنجی لەسەر کار دابمەزرێنن. ژمارەیەک لە پەناگیران حوکمی زیندانیکردنیان بۆ چەند ماوەیەکی درێژ بەسەردا سەپێنرا. هەروەها ئەم رێگەیە لە بەردەم بارەگەی سەرەکیی سەندیکای پیشەسازەکاندا لە شاری نیویۆرک پێڕەو کرا، لە ئەنجامدا گەیشتنە رێککەوتنێک بۆ کارپێکردنی رەشپێستەکان لە بواری کەرەستە تەندروستییەکان.

هەمان رێگە لەلایەن بانگەشەکارانی جیاکاریی رەگەزی بۆ قەدەغەکردنی یەکسانیی نێوان نەژادەکان لە باشووری وڵاتە یەکگرتووەکانیشەوە بەکار هێنرا: لە هاوینی ١٩٦٤، لە شاری گرینود-میسیسیپی، ئەندامانی خێزانێکی رەشپێست ویستیان بچنە قاوەخانەیەک، بینییان پارێزەرێک لەبەر دەرگە وەستاوە ناهێڵێ بچنە ژوورەوە. رۆژی دواتر هاتنەوە و وێنەیەکی یاسای مافە مەدەنییەکانیشیان لەگەڵ خۆیان هێنابوو، کەچی ئەمجارەیان خاتوونی خاوەنی قاوەخانەکە لە بەر دەرگەکەیدا بە قیژەقیژە کردنیە دەرەوە.

ب- کارەکانی پۆلیس و سوپا

شێوازی خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانە بۆ بەرگرتن لە کارەکانی پیاوانی پۆلیس و سوپایشدا پەنای بۆ براوە، نەخاسمە کاتێ دەیانەوێ کەسانێک بگرن یاخۆ لێیان بدەن. زۆرجار بۆ ڕێگرتن لە دەستگیرکردنی زنجییەکی تۆمەتبار بەوەی "کۆیلە"یەکی هەڵاتووە، پەنای بۆ براوە تا یارمەتیی ئەو کەسە بدرێ بۆ هەڵاتن.

ماکبی دەڵێ لە ساڵی ١٨٥١ لە بۆستن لە کاتی جێبەجێکرانی یاسای فیدراڵی لەبارەی کۆیلە هەڵاتووەکانەوە، کرێکارێکی رەشپێست لە قاوەخانەیەکدا دەستگیر کرا بەناوی ئەوەی کۆیلەیەکی هەڵاتووە و پەلکێشی دادگە کرا. نێزیکەی ٤٠ زنجی چوونە ناو هۆڵی دادگە و دەستیان بە پێکەنین و هاتوهاوار و ڕاکەڕاکە کرد لەناو هۆڵەکەدا تا تۆمەتبارەکە کەوتە نێوانیان و بەو شێوەیە بردیانە دەرەوە و توانی بچێ بۆ کەنەدا.

هەریەک لە دانیاڵ وبستەر وەزیری ئەو کاتەی دەرەوە و سیناتۆر هنری کلای رایان گەیاند پێویستە یاسا توندگیرتر بێ، بەڵام کۆمەڵەی ئەمەریکایی بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی پێداگریی کرد کە هیچ چەکێک لەو کارەدا بەکار نەهاتووە و کەسیش ئازاری پێ نەگەیشتووە. هەروەها گاریسۆن ئەو کارەی "هاوڕێ لاتەریکەکانی ئازادیی دادپەروەرانە"ی بە "ئازادکردنی ئاشتییانەی چەوساوەیەک لە دەستی چەوسێنەرەکانی" وەسف کرد.

لە بولگاریا لە سەرەتای بەهاری ١٩٤٣ پاش ئەوەی هەواڵی بوونی پلانێک بۆ گواستنەوەی جوولەکەکان بڵاو بووەوە، ژمارەیەک لە پیاوانی شۆڕشگێڕ لە شاری سۆفیا بانگەوازێکیان ئاراستەی خەڵک کرد بۆ پاراستنی جوولەکە: لە بەردەم ماڵی هاوسێ جوولەکەکانتاندا کۆ ببنەوە و ڕێگە مەدەن بەزۆر بیانبەن! منداڵەکان بشارنەوە و مەیاندەنە دەست جەلادەکانیان! لە گەڕەکە جوولەکەکاندا کۆ ببنەوە و پشتگیریی خۆتان بۆ جوولەکە

چەوساوەکان دەرببڕن"

لە کـۆتاییی مـانگی ئابی ١٩٦٢ و لە کـاتی کـێبـەرکـێی نێـوان گـرووپە جەزائیرییەکاندا، کە مەترسیی هەڵگیرسانی جەنگێکی ناوخۆیی لەو وڵاتە تازە سـەربەخـۆیە لێ دەکرا، لە چەندان حاڵەتدا دەبینین خەڵکە لاتەریکەکە بەجەستەیان ڕێگەکانیان دادەخست و گژبەریی سەربازەکانیان دەکرد کە چەک لە دژیان بەکـار بێنن تا بتـوانن بەسـەریاندا تێ پەڕن و بگەنە سەربازانی لایەنی بەرامبەر. هەروەها لە ناوچەی بوغاری لە باشووری جەزائیری پایەتەخت، خەڵکەکە لە نێوان هێزەکانی بن بێللا و هێزەکانی ئۆپۆزسیۆندا دەوەستان و دژ بەهەر شێوەیەک لە شێوەکانی شەڕ خۆپێشاندانیان کرد و "ژمارەیەکی زۆریان لەسەر زەوی راکشان".

لە حوزەیرانی ١٩٦٥ بەرهەڵستکارە بوودییەکان ڕووبەڕووی سەربازەکان بوونەوە کە لە گەڕانیان بەدوای بەرگریکارانی بووديدا هەوڵیان دەدا بچنە ناو یەکێک لە پەرستگەکان و بەوەستانیان لەوێ، توانییان ڕێگەی چوونە ژوورەوەیان لێ بگرن.

ج- وەستاندنی ئۆتۆمۆبێل و ئالیات

خـۆتێـوەردانی ناتوندوتیـژانە هەروەها لە بواری ڕێگرتن لە چوونی ئۆتۆمـۆبێل و بارهەڵگر و شەمەندەفەردا کە هەندێ شتیان هەڵگرتووە و ئەنجامدەرانی جموجۆڵەکە رازی نابن رادەست بکرێن، پێڕەو دەکرێ، وەک کەرەستەی بیناسازی یان تەنانەت تانک. لە ١١ی شوباتی ١٩٦٣ قوتابییان لە بەردەم پەیمانگەی شاهانە لە نایروبی، کینیا وەستان بۆ ڕاکێشانی سەرنج بۆ ئەو بارودۆخە مەترسیدارەی بەهۆی ڕێکنەخستنی شەقامەکەوە تووشی قوتابیان دەبێ لە کاتی پەڕینەوەدا.

لە وڵاتە یەکگرتووەکـان و بەریتـانیـا زۆرجـار ئافـرەتان لەگـەڵ لە ئۆتۆمۆبێلەکاندا لەگەڵ منداڵەکانیان دەوەستان ڕێگەکەیان دەبڕی، ئەویش

وەک پاڵپەستۆیەک بۆ دانانی هێما و ئامرازەکانی سەلامەتی لەوانە هێما تیشکییەکان کە منداڵان و خەڵکیش بپارێزن.

ئەم رێگەیە دەکرێ بۆ ئامانجی جۆرەوجۆر و هاوکات لەگەڵ رێگەی تر بەکار بێ. بۆ نموونە لە گلاسکۆ-ئینگلتەرا لە ساڵی ١٩٦٣ بەهۆی مەترسییەکانی کەناڵی شارەکەوە بایکۆتی قوتابخانەی گلاسکۆ کرا. لە هەمان کاتدا ٥٠ دایک بەجەستەی خۆیان و منداڵەکانیان و ئۆتۆمۆبێلی منداڵەکان، پردی کەناڵەکەیان لە بەردەم رێبواراندا داخست.

هەروەها لە بالرمۆ-سەقلییە لە ساڵی ١٩٦٣ کرێکارێکی بیناسازی بەدروستکردنی بە جەستەی خۆی و چوار منداڵەکەی بەربەستێکی مرۆیی دروست کرد و یەکێک لە شەقامە قەرەباڵغەکانی قەپات کرد، ئەویش وەک نارەزایی لە دژی ئەو بێکارییەی تێیدا دەژیا و گوتی ئەو بۆ دەستکەوتنی کار مانی گرتووە.

لە بۆمبای-هیندستان لە کاتی هەڵمەتەکەی ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا "بابو گانو" بۆ رێلێگرتنی، لەسەر رێی لۆرییەکدا راکشا کە جلوبەرگی بار کردبوو و ملکەچی بریاری بایکۆتکردنەکە بوو، لە ئەنجامدا لۆرییەکە شێلای و گیانی لەدەست دا. نموونەیش لەسەر هەوڵی راگرتنی دروستکردنی بینا زۆرن.

لە ئابی ١٩٥٨ چوار کەس هەوڵیان دا رێگە لە چوونە ژوورەوەی چەند بارهەڵگرێک بگرن کە کەرەستەی سەربازییان تێدا بوو بۆ ناو بنکەیەکی مووشەک لە نێزیک شاری شایان-ویومنگ، لەو هەوڵەدا یەکێکیان بەسەختی بریندار بوو.

نموونەیەکی تر لە ئینگلتەرا: لە کانوونی یەکەمی ١٩٥٨ لە بنکەی مووشەکەکان لە نێزیک شاری سوافهام، خەباتکارانی ناتوندوتیژ لە دوو بۆنەی جیاوازدا لە بەردەم و دواوەی کەرەستەکانەوە راکشان و

کرێکارەکانیان سەرپشک کرد لە نێوان راگرتنی کار یان بوونە مایەی بریندارکردنی خۆپێشاندەران یاخۆ کوشتنیان. بریندار‌بوونی سەخت رووی نەدا، کارکردن بۆ ماوەیەک وەستا، رۆژی دواتر چەندان وتار لە رۆژنامەکان بڵاو بوونەوە کە پاڵپشتییان لەو هەنگاوە کرد.

ساڵی ١٩٥٨ لە هەوڵیاندا بۆ رێگرتن لە کارەکانی پرۆژەیەکی دەسەڵاتدارانی ویلایەتی نیویۆرک بۆ گۆڕینی زیاتر لە ٥ ملیۆن مەتر دووجا زەوی، کە نیشتمانی سروشتیی هۆزی "توسکارورواس" بوو، بۆ کۆگەی ئاو، ئەندامانی هۆزەکە لە چەند بۆنەیەکی جیاوازدا پرۆسەی "خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانە"یان جێبەجێ کرد. لافیتەیان بەرز دەکردەوە کە لەسەری نووسرابوو "وریابە، تێپەڕین قەدەغەیە، ناوچەیەکی پارێزراوی هیندییە"، یان "ئاخۆ دەبێ هەرچی هەمانە بیبەن؟". لە بەردەم بارهەڵگر و رووپێوەکاندا دەوەستان یان لەبەرامبەریاندا لەسەر زەوی پاڵ دەکەوتن. پۆلیس بەتۆمەتی گردبوونەوەی نارەوا و هەڵسوکەوتی دژ بەیاسا، سێ کەسی لێ گرتن. هەروەها رووبەڕووبوونەوە لە نێوان پۆلیس لەلایەک و ئافرەت و منداڵانی هیندی لەلایەکی تر رووی دا، بەڵام جموجۆڵەکە بەبێ توندوتیژی بەردەوام بوو.

لە مانگی ئایاری هەمان ساڵدا، رووپێوەکان جارێکی تر هەوڵیان دا بچنەوە ئەو ناوچەیە، هیندییەکان بۆ بەرگرتن لە کارەکانی رووپێوکاری بە رووی کەرەستەکانیاندا وەستانەوە. دواتر کە ئالیاتەکە بۆ بڕینی شوێنەکە گەیشتنە ئەوێ، کرێکارانی سەر بە دانیشتوانە رەسەنەکە رازی نەبوون کار بکەن و جارێکی تر کارەکان وەستان. لەم کاتەدا "گروسمان"ی پارێزەری هیندییەکانیش سەرقاڵی شەڕە یاسییەکە بوو.

ئیدمۆند ویلسۆن نووسی "خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانەی هیندییەکان و و بەرگریی بەڕێز گروسمان لە بەرژەوەندییەکانیان، هێزی دەسەڵاتدارانی کز کرد و کاریگەریی گەورەی لەسەر رای گشتی هەبوو". ساڵی ١٩٥٩

هیندییـەکـان کـێـشـەکـەیان بردەوە کـاتێ لیژنەی فـیـدراڵی ڕێگەی بەدەسەڵاتدارانی نیویۆرک نەدا لەو ناوچە پارێزراوە هیندییەدا پڕۆژە ئەنجام بدەن.

لە کلیـفلند-ئۆهایۆ لە ٧ی نیـسـانی ١٩٦٤ لە کـاتی هـەوڵدانی خۆپێشاندەران بۆ ڕاگرتنی کارەکانی دروستکردنی قوتابخانەیەکی نوێ لە ناوچەیەکی ڕەشـپـێـسـتـەکـان، کـە مـەبەست لە پڕۆژەکە ئەوە بوو چیی تر نەهێڵن ڕەشپێستەکان بچنە قوتابخانەی سپییەکان و بەوەیش جیاکاریی ڕەگەزی پتەو بکرێ، قەشەی پرۆتستـانتی پروس کلاندەر خۆی هـاویشتە بەردەم گرێدەرێک کە خەریک بوو بەسەر جەستەی سێ پێشاندەردا بڕوا کە لەسەر زەوی ڕاکشابوون. شۆفێرەکە پیاوە ئاینییەکەی نەبینی کە تەمەنی ٢٧ ساڵ بوو و کردی بەژێرەوە. بەدوای ئەوەدا توندوتیژی ڕووی دا.

لە کاتی داگیرکاریی نازیدا لە شارێکی بچووک لە شارەکانی سلۆڤاکیا، کۆمەڵێ لاو لەسەر هێڵی ئاسنەکە ڕاکشان بەمەبەستی ڕێگرتن لە کەوتنە ڕێی شەمەندەفەرەکە کە جوولەکەکانی بۆ گرتووخانەکان دەگواستەوە.

ساڵی ١٩٥٣ ڕووسیا تانکەکانی لە شاری جینا-ئەڵمانیای ڕۆهەڵات بەکار هێنا بەمەبەستی بڵاوەپێکردنی حەشاماتێکی ٢٥ هەزار کەسی کە داوای ئازادکردنی ٨ خۆپێشاندەریان دەکرد کە لە کاتی خۆپێشاندانەکەی حوزەیراندا گیرابوون.

ستیفان برانت نووسی "حەشاماتەکە ڕای نەبوون بڵاوە بکەن. ئافرەتێک لەسەر زەوی دانیشت و شۆفێری تانکەکەی ناچاری وەستان کرد".

بەم ڕێگەیە و بەدانانی ئۆتۆمۆبێلەکان لە ناوەندی شەقامەکاندا، توانییان بۆ ماوەی نیو سەعات سەربازانی ڕووسیا بوەستێنن، تا بتوانن بەشێوەیەکی کاتی بکشێنەوە. بەڵام لە کۆتاییدا سەربازەکان توانییان لە ڕێی تەقەکردن بەسەریاندا خەڵکەکە بڵاوە پێ بکەن.

١١- پەکخستنی ناتوندوتیژانە

ئەم ڕێگەیە هاوشێوەی خۆتێوەردانە، بەڵام لەوەدا جیاوازە کە جەستەکان تەنیا وەک ئامرازێکی دەستوەردانی دەروونی بەکار نایەن، بگرە دەبنە بەربەستێکی مادیش.

ئەم بەربەستە بەشەرییە کاتێ پەنای بۆ دەبرێ کە ژمارەیەکی زۆری خەڵک بەشداری دەکەن، یان کاتێ ئەنجامدەرانی لە جێبەکدا بن ڕێگە بگرن لە بەردەوامبوونی کارەکە یان پێشڕەوی ئامێرەکان یان پۆلیس و سوپا، تەنانەت لە کاتی بریندارکردنی خۆپێشاندەرانیش، یاخۆ کوشتنیاندا.

وەک ڕێگەکەی پێشوو، ئەگەری گرتن یان بریندار‌بوون، یان کوژران لە ئارادایە.

وا باشە ئەم جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیە زۆر درێژە نەکێشێ، مەگەر:

١- ژمارەی بەشداران زۆر زۆر بن و بۆ ماوەیەکی درێژ لەو حاڵەدا بەردەوام بن و ئەو کەسانە دەسەڵاتیان بەسەر کەسەکان و ئەو چەک و کەرەستانەدا بشکێ کە ڕەنگە دژبەرەکە بەکاریان بێنێ و نیازی ئەوەی هەبێ.

٢- دژبەرەکە نیازی کوشتنی بەشدارانی هەبێ، جا ئەنجامەکە هەرچی بێ.

٣- ئەگەر بەرپرسانی پرۆسەکان، یان پیاوانی پۆلیس یان سەربازەکان لایەنگری خۆپیشاندەرەکان بن، یان لە کاتی ڕووبەڕووبوونەوەکەدا وایان لێ هاتبێ.

٤- ئەگەر نارەزاییی جەماوەر لە دژی ئەو ستەمەی بووەتە مایەی ئەو جموجۆڵە، یان بەهۆی سەرکوتکردنی خۆپێشاندەرانەوە هێندە بەهێز بێ، وای لە دژبەرەکە کردبێ دەستبەرداری سەرکوتکردنی بووبێ، یان دوای خستبێ.

له نێوان هەردوو ساڵی ١٨٥٠ و ١٨٥٢ له وڵاته یەکگرتووەکانی ئەمەریکا چەندان پێشنیاز له بواری پێڕەوکردنی "پەکخستنی ناتوندوتیژانه"دا بۆ پاراستنی کۆیله هەڵاتووەکان خرانه روو. بۆ نموونه "کۆمەڵەی رود ئایلاند بۆ بەگژداچوونەوەی کۆیلایەتی" بڕیاری دا له بارێکدا نەتوانرا حەشارگەیەکی ئارام بۆ ئەو کۆیلەیەی یاداشتی گرتنی هەیه بدۆزرێتەوە، یاخۆ یارمەتی بدرێ تا هەڵبێ، "پێویسته خەڵکێکی زۆر لەوانەی (لیژنەی ئاشتی) پێک دێنن له دەوری بن، تا له گرتن بیپارێزن". ویندل فلیپس پێشنیازی کرد کاتێ یەکێک له هەڵاتووان، له هۆڵی دادگه بوو "پێویسته سەدان هەزار خەڵک بەشێوەیەکی ناتوندوتیژانه گەمارۆی شوێنەکه بدەن تا بەر بگرن له گێڕانەوەی بۆ باشوور و رای بگەیەنن که دەسەڵاتداران دەبێ بەسەر سەری ئێمەدا بڕۆن تا بتوانن کۆیلەکه دەربکەن و بیگێڕنەوە".

رۆژنامەی ناشیونال ئەنتیسلایڤری ستاندارد نووسی" کۆمەڵێک خەڵکی بێوەی که ئامادەن قوربانی به ژیانیان بدەن، دەتوانن کۆیلەیەکی هەڵاتوو بپارێزن تەنانەت له بەرامبەر هێزه چەکدارەکانیشدا. کارەکه کەسانێکی ناچەکداری دەوێ، که سوور بن لەسەر ئەوەی بەسەر جەستەی ئەواندا نەبێ، نابێ هیچ کۆیلەیەک پەلکێش بکرێ. دوور نییه دۆخەکە، ئەگەر درێژه بکێشێ، سەر بکێشێ بۆ شۆڕش. ئەمه نەجیبترین شته که رەنگه له دنیادا رووب دا. ناتوانرێ وێنای ئەوه بکرێ هاووڵاتییانی- سەربازی چەک بەشان، دەتوانن هێرش بکەنه سەر هاووڵاتییان که وەستاون و به ئارامی و لێبڕانەوه گژبەریی مەرگ دەکەن، له ترسی ئەوەی مرۆڤێک له نێوانیاندا ببرێ و بکرێ به کۆیله".

هەمیشه ئاسان نییه جیاوازی بکرێ له نێوان "خۆتێوەردانی ناتوندوتیژانه" و "پەکخستنی ناتوندوتیژانه"ی وەک لەم حاڵەتانەی خوارەوەدا دەیبینین.

له کۆتاکانی مانگی کانوونی یەکەمی ١٩٥٦ له هەنگاریا، کاتێ پۆلیس و دوو بارهەڵگری سەر بەسوپای مەجەری هاتن بۆ گرتنی سێ کەس له ئەندامانی ئەنجوومەنی کرێکارانی کارگەکە، ٧٠٠ ژن و پیاوی لاتەریک دەروازەکانی کارگەی چنینی دانوبیایان داخست.. له کۆتادا هێزه چەکدارەکان بەبێ تەواوکردنی ئەرکەکەیان شوێنەکەیان بەجێ هێشت.

له ساڵی ١٩٥٦ له شاری سوناکاوای ژاپۆن ده هەزار کەس شوێنێکیان داگیر کرد کە تەرخان کرابوو بۆ دروستکردنی بنکەیەکی ئاسمانیی ئەمەریکایی. پاش چەند رۆژێک له پەناگیری، هەموو پرۆژەکانی دروستکردنی بنکەکە هەڵوەشێنرانەوە.

له برۆلکین–نیویۆرک له ٢٢ی تەمووزی ١٩٦٣ نێزیکەی ١٢٥٠ کەس هەستان بەراگرتنی وەرشەکانی بینای سەر بەدامەزراوە گشتییەکان له هەموو لایەکی شارەکەدا، تا ژمارەیەکی زیاتر زنجی و بۆرتوریکییەکان بخرێنە سەر کار. زیاتر له ٢٠٠ پەناگیر دەستگیر کران، له ناویاندا زیاتر له ١٠ کاهین و بەرپرسی کەنیسە.

پیتەر کیهس له رۆژنامەی" نیویۆرک تایمز"دا نووسی "بەدرێژاییی ٨ سەعات چەندان شەپۆل له زنجی و سپیپێستە لایەنگرەکان پاڵپاڵێنیان بوو بۆ دانیشتن یاخۆ پاڵکەوتن لەسەر زەوی بەرامبەر ئەو ئامێرانەی بەرەو وەرشەکە دەچوون. ئۆتۆمۆبێلەکانی پۆلیس دەیانی لێ هەڵدەگرتن".

له پایزی ١٩٦٣ لایەنگرانی جیاکاریی رەگەزی ترسی ئەوەیان هەبوو بەهۆی رێزنەگرتنی برِیارێکی دادگە لەبارەی هەڵوەشاندنەوەی جیاکاریی رەگەزی له زانکۆی میسیسیپی، پۆلیسی فیدراڵی رووسیا "بارنت"ی حاکم بگرێ.

واسکۆ نووسی "هەزارانیان له چواردەوری ماڵی حاکمەکە لەسەر زەوی دانیشتن، تا جەستەیان بخەنە نێوان ئەو و هێزەکانی ئاسایش".

١٢- داگیرکردنی ناتوندوتیژانه

داگـیـرکـردنی ناتوندوتیـژانه پاش "پەلامـاردانێکی توندوتیـژانه" یاخـۆ" دەستبەسـەرداگرتنێکی توندوتیژانه" سـەرهەڵدەدا، یان لەلایەن کەسـانێکەوە دەبێ کە فەرمـانیان پێ کراوە زەوییەکەیان یان خـانووەکەیان چۆڵ بکەن. ئەم جۆرە چالاکییـە رەنگە ببێتـە مایەی یاساشکێنی. قەشـە ئەمبروز لە سـاڵی ٣٨٥ز لە هەفتەی فوسحدا ئەم رێگەیەی سـەرکەوتووانە تاقی کردەوە، کاتێ گژبەریی فـەرمـانەکانی حکوومـەتی ئیـمـپراتۆرییـەتی رۆمـانی بـۆ چۆڵکردنی یەکێ لە گەورەترین کەنیسـەکانی میـلانۆ کـرد. وێڕای ئەوەی سـەربازەکان گەمـارۆی کەنیسـەیان دابوو و ئەمـبروز لە بەردەم مـەترسیی ئەگەری گرتن یاخۆ مردندا بوو. کەچی پەناگیرییەکەی پێنج رۆژی لەسەریەکی خـایاند. لە کۆتاییدا سـەربازەکـان کشـانەوە و پلانی چۆڵکردنەکـە دوا خـرا. قـەشـەکە دەنووسێ "کاتێ سەربازەکان فەرمانەکەیان بیست، رایان کرد بۆ کەنیسەکە تا ماچی ئاشتی بەدەست بێنن".

سـاڵی ١٩٢٨ لە هینـدسـتـان، لە کـاتێ هەڵمـەتەکـەی باردولیـدا، ئەو جووتیارانەی باجیان نەدەدا رازی نەبوون زەوییەکانیان بەجێ بێڵن، کێڵایان و کشتوکاڵیان تێدا کرد و سوور بوون لەسەر ئەوەی زەوییەکە زەویی خۆیانە و بە چاوپۆشین لە باری یاسایی زەوییەکە یان باری یاسایی خۆیان، مافی ئەوەیان هەیە بۆ مەبەستی بنیاتنەر بەکاری بێنن.

لە ئابی ١٩٥٧ ئەندامـانی هۆزی مـوهاوکی هینـدیی - ئەمـەریکایی لە کـەنارەکـانی کـەنداوی شـوهاری نێـزیک نیـویۆرک کـۆ بوونەوە، گـوتیـان دەسـەڵاتداران لە مـاڵەکـانیـان وەدەریان ناون تـا رێگەی سـان لۆرێنسی دەریایی دروست بکەن و ئەو زەوییـەی ئێـسـتـە داگـیـری دەکـەن بەپێی رێککەوتنێک کـە لە سـاڵی ١٧٠٠ ئیـمـزا کـراوە، مـوڵکی هۆزی مـوهاوکـە. ژمارەیەک کوخیـان دروست کرد و رایان گەیاند دان بە هیـچ رێوشـوێنێکدا

نانێن بۆ دەرکردنیان، هەروەها دانوستاندن لەگەڵ هیچ بەرپرسێکی ناوخۆیی یان تەنانەت نوێنەری ویلایەتەکەشدا ناکەن. لەبەرئەوەی ئەوان نەتەوەن، تەنیا مامەڵە لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵدا دەکەن.

بەڵام ورووژێنەرترین داگیرکردنی ناتوندوتیژانە، داگیرکردنی دوورگەی کاتزار بوو لەلایەن هیندییە ئەمەریکاییەکانەوە. لە ١٩ی تشرینی دووەمی ١٩٦٩ ژمارەیەک هیندیی - ئەمەریکایی بەمەلە لە ئاوی سانفرانسیسکۆوە خۆیان گەیاندە کەنداوی ناوبراو، کە گرتووخانە بەناوبانگەکەی حەوت ساڵ بوو داخرابوو. پاش ١١ رۆژ سەد کەسی تریش هاتنە ریزیان. هیندییەکان داوایان کرد دەست بەسەر ئەو شوێنە چۆڵکراوەدا بگرن، ئەویش بەپێی چەند رێککەوتننامەیەکی کۆن کە ئەو ناوچە چۆڵکراوانەی دەکەونە ناو زەوییەکانیانەوە، دەداتە دانیشتووە رەسەنەکانی ناوچەکە. هیندییەکان دەیانویست شوێنەکە بکەنە سەنتەرێکی رۆشنبیری بۆ هیندییە ئەمەریکاییەکان. بەبەردەوامبوونیان لەسەر داگیرکردنی دوورگەکە پێداگیریان لەسەر داواکەیان دەکرد.

دەسەڵاتداران ئاو و کارەبایان لێ برین، بەڵام هیندییەکان بەسوودوەرگرتن لە دوو مەولیدەی کۆن کە لە دوورگەکەدا بوون کاروباری خۆیانیان بەڕێوە دەبرد و ئاویشیان بە عارەبانە و تەنەکە دەهێنا. جەماوەر لە هیندی و غەیرە هیندییەکان پشتیوانییان کردن و خواردن و جلوبورگ و داوودەرمانیان دەدانێ. قوتابخانەیەکی بچووک لە دوورکەگەدا دروست کرا و زۆر خێزان "بەرد"ەکەیان کردەماڵی خۆیان.

بابەتەکە بوو بەجێ سەرنجی بزووتنەوەی هیندی و مایەی شانازی لەو روانگەوە کە جموجوڵێکی سەرکەوتووانەیە بۆ دەربڕینی نارەزایی لەسەر دەستێوەردانی نەگونجاوی حکوومەتی وڵاتە یەکگرتووەکان لە کاروباری هیندییە ئەمەریکاییەکان. هیندییەکان تا ١٤ی حوزەیرانی ١٩٧١ لە

دوورگەکەدا مانەوە، کاتێ هێزە ئەمنییەکان دواین کاروانی خەڵکەکەیان گواستەوە.

لە ئابی ١٩٦٨ لە چیکۆسلۆڤاکیا، یاسادانەر و بەرپرسانی حکوومی لە نووسینگەکانی خۆیاندا بەپێی توانا کاری ئاسایی خۆیانیان دەکرد وێڕای بوونی هێزە رووسییەکان لە بەردەم باڵەخانە حکوومەتییەکاندا.

رۆژنامەی پولیتیکا لە ٢٤ی ئابدا نووسی: دەروازەکانی بینای سەرەکیی حکوومەت گەمارۆ دراون و تانکەکان لە هەموو لایەکەوە بەرەو بیناکە پێشرەوی دەکەن. سەربازەکان لە باخچەی بچووکی کلارۆف بۆ تەقەکردن ئامادەن، بەڵام حکوومەت کار دەکا. ٢٢ وەزیر کۆ بوونەتەوە گفتوگۆ دەکەن، بڕیار دەردەکەن، چالاکییەکانیان بە پەرلەمان رادەگەیەنن و لە پێوەندیدان بەسەرکردایەتیی نوێی حزبەوە.

هەمان رۆژنامە باسی لەوە کردووە خولی ٢٦مینی نائاساییی ئەنجوومەنی نوێنەرانی چوار رۆژە بەردەوامە:

تەلاری کۆمەڵەی گشتیی چوار رۆژە لەلایەن هێزە بیانییەکانەوە گەمارۆ دراوە. بەڵام پەرلەمانتاران دەرنەچوون، حاڵەتی جێبەندییان بەسەر خۆیاندا سەپاندووە. زیاتر لە ٢٠٠ پەرلەمانتار لەوێن کە زۆرینەی دوو لەسەر سێی ئەندامان پێک دێنن. لە شەوی یەکەمدا پەرلەمانتارەکانمان لەسەر زەوی خەوتن، شەوانی دواتر جلوبەرگ و پێخەفیان بۆ ئافرەتەکان پەیدا کرد. لە شەودا دەنگی تەقە پەنجەرەکان دەزرینگێنێتەوە. بڕێکی گونجاو لە خۆراکی پاشەکەوت لە چێشتخانەکەدا هەیە.

نە ئەو چەکانەی لەژێر پەنجەرەکاندا کۆ دەکرێنەوە و نە هەڕەشەی گرتن، پەرلەمانتاران ناچاری خۆبەدەستەوەدان ناکا. خولەکە کراوە دەبێ تا چارەسەرێک بۆ پرسی دەستڕێژییەکە دادەنرێ.

## دەستوەردانی کۆمەڵایەتی

لە پۆلبەندی ڕێگەکانی دەستوەردانی ناتوندوتیژانەدا دەستوەردانی ڕاستەوخۆ لە بواری هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکاندا، گرووپی سێیەمە. جگە لەم حەوت ڕێگەیە، دەبینین ڕێگەی تری وەک پەناگیری و هی تریش سەر دەکێشن بۆ دەستوەردانی کۆمەڵایەتی ئەگەرچی مۆرکی دەستوەردانی جەستەیی بەسەریدا زاڵە، هەر بۆیە لێرەدا لە کۆمەڵەیەکی نوێدا ریزبەندی کراوە.

١- هێنانە کایەی وێنەی کۆمەڵایەتیی نوێ

لە بارێکدا یاخیبوونی کۆمەڵایەتی بریتییە لە هاوکارینەکردنی کۆمەڵایەتی، بەوەی ملکەچ نەبیت بۆ داوونەریت و ڕێسا و ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکان، ڕێگەیەکی تر بۆ دەستوەردانی کۆمەڵایەتیش هەیە، کە بریتییە لە شوێنکەوتنی چەند هەڵسوکەوتێکی نوێ کە ڕەنگە ڕۆڵی ئەرێنییان هەبێ لە هێنانە کایەی وێنەی نوێی کۆمەڵایەتی.

ئەمە دەکرێ لە هەندێ ڕەفتاری عەفەویی چەند کەس یان گرووپێکدا دەربکەوێ، یان ڕەنگە کارێکی دیراسەکراو بێ لە چوارچێوەی ئۆپۆزسیۆنێکی ڕێکخراودا. ئەمەیش وێنەی کۆمەڵایەتیی زۆر و جۆرەوجۆر دەگرێتەوە. بە ئاسانی لەمە تێ دەگەین کاتێ جۆرە هەڵسوکەوتێک وا دەکا ڕق و نایەکسانی و سڕینەوەی ئەوی تر، بگۆڕێ بەجۆرێکی نوێ لە پێوەندیی کۆمەڵایەتی، کە ڕێزگرتن و یەکسانی بەسەریدا زاڵ بێ.

ساڵی ١٨٣٠ ئەو ئەمەریکاییانەی داوای هەڵوەشاندنەوەی جیاکاریی

ڕەگەزییان دەکرد، لەگەڵ ڕەشپێستە بێزراو و دابڕێنراوەکان تێکەڵ دەبوون، هەندێ جار بەعەفەوی و بەبێ مەبەست، هەندێ جاریش لە چوارچێوەی جموجۆڵێکی پلاندار و دیراسەکراودا.

مابی دەڵێ "کۆمەڵەی ئەمەریکایی بۆ ئافرەتانی نەیاری کۆیلایەتی" بڕیارێکی پەسند کرد کە سارە گریمکە پێشنیازی کرد، ئەمە دەقەکەیەتی: "ئەرکی داواکارانی هەڵوەشاندنەوەی جیاکاریی ڕەگەزییە خۆیان لەگەڵ ئەو ئەمەریکاییە چەوساوانەدا یەکسان بکەن، ئەویش لە ڕێی دانیشتن لەگەڵیان لە پەرستگەکان و دەرکەوتن لەگەڵیان لە شەقامەکانمان و پێدانی شوێنەکانی خۆمان پێیان لە پاس و شەمەندەفەرەکاندا. سەردانکردنیان لە ماڵەکانیان و هاندانیان بۆ سەردانکردنمان و پێشوازیکردنیان وەک کە پێشوازی لە هاوولاتییە سپیپێستەکان دەکەین".

هەندێ لە داواکارانی هەڵوەشاندنەوەی جیاکاریی ڕەگەزی بەمە ڕازی نەبوون، جا چ لە ترسی ئەوە بووبێ کە ئەوە ببێتە مایەی سەرهەڵدانی شەپۆلێکی توندوتیژی دژ بەوان یان دژ بە ڕەشەکان، یان بەهۆی ئەو قەناعەتەوە بووبێ کە پێی وایە دەبێ "کۆیلایەتی" لە "جیاکاریی ڕەگەزی" جیا بکرێتەوە. پرسی تێکەڵیکردن لەگەڵ کەسانی ڕەنگاوڕەنگ کێشەیەکی ئاڵۆز بوو، بەرادەیەک خەریک بوو مەترسی بۆ یەکپارچەیی "کۆمەڵەی دژ بە جیاکاریی ڕەگەزی" دروست دەکرد.

لە بۆستن و فیلادلفیا و نیویۆرک، ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی کۆمەڵەکە پرۆسەیەکی، " شان بەشان ڕۆیشتن"یان ئەنجام دا- وەک ماکبی ناوی نا- و بەسادەیی و دەست لەناو دەست لەگەڵ کەسانی ڕەشپێست و زیاتر لە ڕەگەزەکەی تر، دەڕۆیشتن. ئەم کارە خەڵکی تووڕە دەکرد، ساڵی ١٨٣٩ سەرۆکی شارەوانیی فیلادلفیا داوای لە"لوکریسیا موت" کرد ئەو کارە نەکا چونکە سووکایەتییە بەسپیپێستەکان، لەبەرئەوەی مەترسیی سەرهەڵدانی

پشێوی دژ بەرەشپێستەکان لە ئارادا بوو، بەڵام گوێی نەدایە.

هەروەها دوکتۆر هنری بودچ پاش لێبوونەوە لە کۆبوونەوەیەک، داوای لە فریدریک دۆگلاس (کە چالاکێکی رەشپێست بوو) کرد بۆ نانی ئێوارە لەگەڵی بچێتەوە بۆ ماڵەوەیان لە شەقامی واشنتۆن، لەگەڵ ئەوەی دەشترسا یەکێک لە هاوڕێکانی ببینێ. دۆگلاس دواتر گوتی ئەوە یەکەم جار بووە پیاوێکی سپیی وەک مرۆڤ مامەڵەی لەگەڵدا بکا.

ساڵی ١٨٤٩ دۆگلاس لە کۆواری نورس ستاردا کە خۆی دەری دەکرد نووسی "باشترین رێگە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ناڕەوایی، ئەوەیە وا ڕەفتار بکەی کە بوونی نییە و بە چاوپۆشین لە جیاوازییەکانی رواڵەتی دەرەکیمان تێکەڵ بەیەکتر ببین. ئەم رێگەیەمان بۆ خۆمان کێشاوە و سوورین لەسەر ئەوەی وێڕای هەموو مەترسییەکان لەسەری بچین".

ساڵی ١٨٤٠ لە کاتی ئێوارەخوانی ساڵانەی "کۆمەڵەی ئەمەریکایی بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی" کە بەتێکەڵاویی رەشپێست و سپیپێستانی دژ بە جیاکاری بەڕێوە چوو، سپیپێستەکان دەستیان دایە ئاژاوەگێڕی. بەڵام هەمان بۆنە لە ساڵانی ١٨٤٧-١٨٤٨ بە ئارامی بەڕێوە چوو.

هەروەها لە کاتی کۆبوونەوەی کۆمەڵەی "کویکرز"، ئیسحاق کوپەر ئەندامی کۆمەڵەکە داوای لە هەردوو میوانەکەی دایڤید ماپس و هاوسەرەکەی کرد، کە لە ئەندامە زنجییەکان بوون، لەسەر مێزەکەی ئەو دابنیشن و بەمیوانەکانی تری راگەیاند، ئەوانەی پێیان خۆش نییە بچنە ریزی زنجییەکان، پێویستە چاوەڕوان بن تا دەستەی یەکەم لە نانخواردن دەبنەوە، بەڵام کەس وای نەکرد.

چەندان خەباتکاری دژ بەجیاکاریی رەگەزی لە ماڵەکانیاندا میوانداریی خەباتکارانی سەر بەنەژادەکانی تریان کردووە کاتێ ئەوانە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر، یان لەناو ویلایەتەکانی ئەمەریکادا گوزەریان دەکرد، بەڵام

شتەکان هەموو جار بەسەلامەتی تێ نەدەپەڕین: بۆ نموونە لە ساڵی ١٨٤٣ لە شاری بندلتون - ئیندیانا ژمارەیەک سپیپێستی ڕەگەزپەرست پزیشکێکیان شاربەدەر کرد کە لە میوانداریی فریدریک دۆگلاسدا بوو.

تەنانەت لەناو ئەو کۆمەڵانەیشدا کە داوای هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتییان دەکرد، یەکسانیی کۆمەڵایەتیی نێوان نەژادەکان پەسند نەبوو: بۆ نموونە ولیام شانینگی مژدەدەری ئاینی ئامۆژگاری دەکرد ڕەشپێستەکان لەو کۆمەڵانەدا وەرنەگیرێن، کار بەم ئامۆژگارییە نەکرا، بەڵام زنجییەکان هەستیان دەکرد بەتەواوی پەسندکراو نین، بەتایبەت لە نێوان ساڵانی ١٨٤٠-١٨٥٠دا.

هەروەها تێکەڵیی ژن و ژنخوازیش ڕووی دەدا کە بووە مایەی هێنانە کایەی وێنەی نوێی کۆمەڵایەتی و شکاندنی حەرامکراوە ڕیشەداکوتاوەکان لە دەروونەکاندا، هەروەک هەندێکیان لە ڕووی یاساییەوە ناشەرعی بوون، وەک لە ویلایەتی ماساشوستس، تا لە ساڵی ١٨٤٣ ئەو یاسایە هەڵوەشایەوە. هاوسەرەکان زۆرجار دووچاری پاڵەپەستۆ و ڕێوشوێنی جیاواز دەبوون. وەک ئەوەی دووچاری دوورخرانەوە لە شوێنی نیشتەجێبوونیان، دابرینی کۆمەڵایەتی، دەستدرێژیی جەستەیی یاخۆ بێکاریی ناچاری دەبوون. لەگەڵ ئەوەیشدا، بەهۆی ئەوەی ژمارەی ئەو کۆیلە نێرینانەی بۆ کەنەدا هەڵدەهاتن لە ژمارەی مێیینەکان زیاتر بوون، ئەو لاوە ڕەشپێستانە کچانی سپیپێستیان دەهێنا، بەشێوەیەک لە کاتی شەڕی ناوخۆ لە ماوەی یەک ساڵدا ٦٠٪ی هاوسەرکارییەکانی شاری بۆستن تێکەڵ بوون.

هەر لە پەلوپۆکانی ئەم ڕێگەیە، پێداگرییە لەسەر یەکسانی لە شوێنە گشتییەکانی خواردەمەنیدا وەک چێشتخانەکان: ساڵی ١٨٣٧ شارلز ڕای و فیلیپ بیل خاوەن و بەڕێوەبەری کۆواری Colored Ame-ican بە کەشتییەکی

هەڵمی گەشتیان دەکرد. رازی نەبوون چا لە مەتبەخەکەدا بخۆنەوە و سوور بوون لەسەر ئەوەی لە ژووری خواردنەکەدا پێشکێشیان بکرێ، تەنانەت ئەگەر ناچار بن چاوەڕوان بکەن تا یەکەم جار ئەو فەرمانبەرانەی خزمەتی میوانە سپیپێستەکان دەکەن تەواو بن "نامانەوێ بەشداری لە داڕووخانی خۆمان و نەژادەکەماندا بکەین".

لەسەر کەشتییەکی هاوشێوەدا فریدریک دۆگلاس سوور بوو لەسەر ئەوەی لەگەڵ سەرنشینەکاندا نان بخوا، ئەگەرچی هەڕەشەی ئەوەیشی بەزۆر لە کەشتییەکە فڕێ دەدرێتە خوارەوە.

لەساڵی ١٨٥٧ ژمارەیەک لە نوێنەرانی سپیپێست بۆ کۆنگرەیەکی تایبەت بە هەڵوەشاندنەوەی جیاکاریی رەگەزی، رازی نەبوون بچنە ژووری نانخواردنی هۆتێلەکە تا هاوڕێ رەشپێستەکەشیان، ویلیام ویلز براون لەگەڵیان نەچێ. ئیدارەی هۆتێلەکە لە بڕیارەکەی پاشگەز بووەوە و هەمووان لە چێشتخانەکەدا وەکیەک مامەڵەیان لەگەڵدا کرا.

ئەم جۆرە چالاکییە ئەوەمان بیر دەخاتەوە کە لە هیندستان روو دەدا لە پێناو هەڵوەشاندنەوەی بیرۆکەی چینی بێزراوان (المنبوذین) و هێنانە کایەی یەکەتیی کۆمەڵایەتی. رۆڵەکانی سەر بە ئاین و چینە جیاوازەکان و چینی بێزراوەکان خوانی هاوبەشیان ساز دەکرد. لە ساڵی ١٩٣٠ گورا کە شۆڕشگێڕێکی کۆمەڵایەتیی مولحید و لایەنگری گاندی بوو، دەستی کرد بەسازکردنی ئاهەنگی چا کرد کە ژمارەیەکی زۆر خەڵک لە چین و ئاینە جیاوازەکانی هیندی لەخۆ دەگرت. هەر کەس خواردنی خۆی دەهێنا و لەوێ چێشت لێنان و ئامادەکردن و نانخواردن بەکۆمەڵ بەڕێوە دەچوو بەبێ لە بەرچاوگرتنی چین یان ئاین ئەگەرچی هیندۆسە وشکەبیرەکان ئەم جۆرە کارەیان حەرام دەکرد. هەروەها هەوڵێکی زۆر دەدرا تا ڕاڕاییی هیندۆسەکان بۆ خواردنی نانەکە لەگەڵ کەسانی پلە نزمتر لە خۆیان، دەڕەوێنرانەوە.

چەندان هاوسەرکاریی تێکەڵ دەکرا و وەک ڕێگەیەک بۆ هەڵوەشاندنەوەی بنەمای "بێزراوان"، هانی ئەو پرۆسەیە دەدرا. بۆ نموونە نەوەکانی گۆرا هاوسەرکارییان لەگەڵ کوڕان و کچانی سەر بەچینەکانی تردا، تەنانەت چینی بێزراوانیش، دەکرد.

٢- زێدەڕەویکردن لە داواکردنی خزمەتگوزاریدا

واتای ئەوەیە بەمەبەستی سستکردن یاخۆ بەتەواوی پەکخستنی کاری دامەزراوەکان، وەک دامەزراوە حکوومییەکان یاخۆ بازرگانییەکان یان دامەزراوەکانی خزمەتگوزاریی کۆمەڵایەتی، داوای خزمەتگوزاریی زیاتر لە توانای فەرمانبەران بکرێ. ئەم گوشارە، لەلایەن کڕیارەکان، فەرمانبەرانی دامەزراوەکە یاخۆ خەڵکی ترەوە بۆ ئامانجی جیاواز، لەوانە باشکردنی خزمەتگوزارییەکان و زیادکردنی ڕێژەی دامەزراندن لە کار و هەندێ ئامانجی تری سیاسی ئەنجام دەدرێ.

بۆ نموونە لە نەخۆشخانەی لۆس ئەنجلسی حکوومی، لە ساڵی ١٩٦٥ ئەو پزیشکانەی لە کەمیی مووچەکانیان ناڕازی بوون، ژمارەیەکی زۆر نەخۆشیان کردبووە ژوورەوە، بەوانەیشەوە کە پێویستیان بە چارەسەر نییە. ئەوە ناونرا پەناگیری-چارەسەرخوازی. ئامانجی پزیشکەکان بەهێزکردنی هەڵوێستی خۆیان بوو لە دانوستانەکانیاندا. لە ماوەی کەمتر لە ٤ ڕۆژدا نەخۆشخانە سیخناخ بوو لە نەخۆش. ئەم هەنگاوە ٢٥٠ ملیۆن دۆلاری ئەمەریکایی لەسەر شارەکە کەوت.

چالاکیەکی هاوشێوە لە ساڵی ١٩٦٧ لە شاری بۆستنیش ئەنجام درا و ناوی "پەناگیریی چارەسەرخوازی بەدرێژایی کات"ی لێنرا. ٤٥٠ پزیشک لە ١٦ی ئایاری ١٩٦٧ جموجوڵەکەیان دەست پێکرد. ئامانج لە پەناگیری-چارەسەرخوازییەکە دەربڕینێکی شانۆییانە بوو بۆ داواکاریی زیادکردنی

مووچەی ئەو پزیشکانەی لە نەخۆشخانەی فێرکاریی بۆستن کاریان دەکرد، کە لە هەفتەیەکدا ٦٠ دۆلار بوو.

پزیشکەکان هەستیان کرد مانگرتن لە کارکردن شکاندنی سوێندەکەیانە، بۆیە بڕیاریاندا شێوازێکی تر بگرنەبەر کە ناویان نا "پزیشکیی خۆپارێزیی نایاب" تا نەخۆشخانەکە پڕ ببێ لە نەخۆش. هەر نەخۆشێک ئەوپەڕی بایەخی پێدرا، ئەوەیش پزیشکەکانی ناچار دەکرد بەدرێژایی کات کار بکەن. دکتۆر فیلیپ کابر دەڵێ "بڕیار ئەوە بوو هەر کەس مافی هاتنەژوورەوەی هەبێ ڕێگەی پێبدرێ و ڕێگە بە چوونەدەرەوەی نەدرێ تا بەتەواوی چاک دەبێتەوە".

دوا نموونەی پەناگیری-چارەسەرخوازییەکە کە لە نەخۆشخانەی لۆس ئەنجلسی حکوومی جێبەجێ کرا، پێش هەژدە مانگ ئەنجام درا. پزیشکانی نەخۆشخانەی شاری بۆستن ڕۆژی شەممە جموجووڵەکەیان وەک ئەزموونێکی "ڕانەگەیەنراو" و بەخشکەیی، بە ئامادەبوونی ٨٧٤ نەخۆش لە نەخۆشخانەکەدا دەست پێکرد. ڕۆژی یەکشەم ژمارەکەیان بوو بە ٨٩٠ نەخۆش، دووشەم گەیشتە ٩٢٤، بەیانی سێشەم و پاش ڕاگەیاندنی چالاکییەکە نەخۆشخانەکە ٩٨٢ نەخۆشی تێدا بوو. یەکێک لە پزیشکەکان گوتی "کاتێ ژمارەکە دەگاتە ١٢٠٠ نەخۆش بشۆرەکە ناتوانێ کارەکەی بەتەواوی بکا و چێشتخانەکان ناتوانن لەکاتی دیاریکراودا خواردن دابین بکەن و تاقیگەکان دەبن بەژێر کارەوە، ئەوکاتە بەرپرسانی نەخۆشخانە گوێ بۆ داواکانمان دەگرن".

بەیانیی چوارشەم زیاتر لە هەزار نەخۆشخانە لەناو نەخۆشخانەکەدا هەبوو، پێنجشەم گەیشتە ١٠٧٥ کەس. پزیشک و فەرمانبەرانی نەخۆشخانە حکوومییەکانی تری بۆستن پشتیوانییان لەو جموجوڵەی پزیشکەکان کرد.

پاش نیوەڕۆی سێشەم ئیدارەی نەخۆشخانەکە دژە ڕێوشوێنی گرتەبەر و ڕای گەیاند نوێنی پێویستی نییە بۆ نەخۆشە نێرینەکان، ئەوەیش بە وەرگرتنی نەخۆشی نوێ لەلایەن پزیشکەکانەوە بەدرۆ خرایەوە. هەوڵی دووەمی ئیدارە قایلکردنی سەرۆکی بەشەکان بوو بە وەرنەگرتنی نەخۆشی نوێ، بەڵام ئەوان جەختیان لەوە کرد کە نەخۆشەکان پێویستیان بە چاودێریی باش هەیە.

دواین هەوڵیشی ئەوە بوو ڕایگەیاند توانای دەستکاریکردنی مووچەی نییە. ئێوارەی پێنجشەم ١٨ ئایار پاشگەز بووەوە و بەڵێنی دا زیادە داواکراوەکە خەرج بکا. هەمان شەو پزیشکەکان کۆتایان بە جموجووڵەکەیان هێنا. چاودێران گوتیان ئەوە "ڕێگەیەکی سەلامەت و بەکارە بۆ بەدیهێنانی داوای تایبەت بە زیادکردنی کرێ".

ئەم ڕێگەیە بە هەندێ دەستکاریکردنەوە ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن قوتابییانی ژاپۆنیشەوە جێبەجێ کرا. هەندێ زانکۆ کردبوویان بە نەریت زیاتر لە توانای خۆیان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان، قوتابییان وەردەگرت، ئەویش لەو ڕوانگەوە کە هەموو قوتابییەکان لە یەک کاتدا ناچنە هۆڵەکان. ئەو قوتابییانە بۆ دروستکردنی پاڵەپەستۆ لەسەر زانکۆکە هەڵمەتێکیان ڕێک خست و ناویان نا "ئامادەبوونی هاوبەش".

ئەم ڕێگەیە بەهەندێ دەستکاریکردنەوە ساڵی ١٩٥٤ لەلایەن قوتابییانی ژاپۆنیشەوە جێبەجێ کرا، هەندێ زانکۆ کردبوویان بەنەریت زیاتر لە توانای خۆیان بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانیان، قوتابییان وەردەگرت، ئەویش لەو ڕوانگەوە، کە هەموو قوتابییەکان لە یەک کاتدا ناچنە هۆڵەکان، ئەو قوتابییانە بۆ دروستکردنی پاڵەپەستۆ لەسەر زانکۆکە هەڵمەتێکیان ڕێک خست و ناویان نا "ئامادەبوونی هاوبەش".

٣- سرتەسرتکردن

مـەبەست لەم ڕێگە ئەوەیە کارەکـە بەپێی توانا خـاو بکرێتـەوە.. جیـاوازیی ئەمـە لەگـەڵ ڕێگە هاوشـێوەکانیدا ئەوەیە، کـە لەبریی فـەرمـانبـەران، لەلایەن کڕیاران و کـەسـانی سـوودمـەندەوە دەکرێ، ئەویش لەبـەر چەند ئامـانجێکی کۆمـەلایەتی و هـەروەها ئابووری و سیاسی.

ئەم ڕێگەیە لەلایەن کۆمەڵەی یەکسـانیی ڕەگەزییـەوە دژ بەبانکی ناوەندیی ئەمـەریکایی لە شـاری سـان دیگۆ جـێبـەجێ کرا، ژمـارەیەک لە ئەندامـانی کۆمەڵەکە ڕوویان کردە بانکەکە و بەڕێکردنی مامەڵەی هەر یەکێکیان لەبری ٣ خولەک، نیو سـەعاتی خایاند. ئامانجـیش کۆتاهێنان بوو بەجـیاکاریی ڕەگەزی لە پرۆسەی دامـەزراندنی فـەرمانبـەران لە بانکەکەدا. هەروەها بڕی سەدان دۆلار کرێیـان بەیەکەی بچووک بچووکی پارە لە جۆری سەنت و پێنج سەنتی دەدا.

٤- دەست تێوەردانی گوتارخوێنی

جۆرێکی تایبـەتە لە جۆرەکانی دەستوەردانی ناتوندوتیژانە، تێیدا کارەکانی کـۆبوونەوەیـەک یان قـوداسـێک ڕادەگـیـرێ، لـە پێنـاو دەربڕینی بیـر و بۆچوونێکی تایبـەت، کە پێوەندی بەبابەتی کۆبوونەوەکە یان هـەر بابەتێکی ترەوە هەیە. ئەم ڕێگەیـە بە یەکـێک لە ئامـرازەکـانی دەسـتـوەردانی کۆمـەلایەتیی لەقـەڵەم دەدرێ، لەگەڵ ئەوەی لایەنی دەروونی و جەسـتـەییشی هەیە.

جۆرج فـۆکس و چەند ئـەندامێکی تری کـۆمـەڵەی "کویکرز" ئـەم ڕێگەیەیان بەکـار هێنـا. لە ڕۆژنامـەی جـۆرج فـۆکس دەخـوێنینـەوە، کـە چۆن لە سـاڵی ١٦٤٩ چووەتە کڵێسای عەزرا لە نوتنگهام-ئینگلتەرا و لەکاتی قوداسەکەدا ئەم (گوتار)ەی دا:

کاتێ سەیری شارەکەم کرد دیمەنی کڵێساکەی تەزاندمی، چونکە بینیم تەنیا پەرستگەیەکە بۆ پێداهەڵگوتن، خوا پێی گوتم "دەبێ بچیتە ئەوێ و بەرووی نوێژکەران و خواکانیاندا هاوار بکەی". کاتێ گەیشتم، خەڵک وەک زەوییەکی وشکهەڵاتوو وەستابوون، کاهینەکەیش لەبەردەم سەربڕگەکەدا وەک ئەوەی بەشێک بێ لە زەوی، ئەنجا هەندێ لە گوتەکانی پوترسی خوێندەوە و گوتی "ئەم وشەی پێغەمبەرایەتییە دڵنیایەمان هەیە، هەر کەس بیبیستێ، کارێکی باش دەکا..". کاهینەکە هەروەها گوتی نووسینە پیرۆزەکان پێوەر و یاسان، دەبێ لە ڕێیانەوە بیروباوەڕ و ئاین و بۆچوونەکانیان پێڕەو بکەن... لەو کاتەدا، خوا هێزێکی مەزنی پێبەخشیم، تا خەریک بوو هاوار بکەم "نا، دەقەکان نا..". بەڵام پێم گوتن ئەوە گیانی پیرۆزە (الروح القدس)، کە لە ڕێیەوە قدیسەکان ئەو دەقانەیان بەخشیوە، کە لە ڕێیانەوە بیروباوەڕ و ئاین و بۆچوونەکان پێڕەو دەکرێن. لەو کاتەی من قسەم دەکرد، پیاوانی پۆلیس حازر بوون و پەلکێشیان کردم بۆ بەندیخانە..

ساڵی ١٦٥١ لە شاری کرانسویک–یۆرکشایەر، یەکێک لە هاوڕێکانی جۆرج فۆکس لەگەڵ خۆی بردی بۆ کلێسا تا پاش تەواوبوونی قوداسەکە لەگەڵ کاهینی کلێساکە قسە بکا.

فۆکس دەڵێ: کاهینەکە دەقێکی بۆ خەڵکەکە خوێندەوە کە دەڵێ "ئەی تینوو، بەسەربەستی وەرە بۆ لام، بەبێ پارە و بەبێ بەرامبەر". خوا دنەی دام تا پێی بڵێم "بوەستە ئەی ساختەچیی بەکرێگیراو، تۆ داوا لە خەڵک دەکەیت بەبێ بەرامبەر بەرەو ڕووت بێن لەکاتێکدا لەبەرامبەر ئامۆژگاریکردن و خوێندنەوەی کتێبە پیرۆزەکان بۆیان پارەیان لێوەردەگری. شەرم ناکەی؟" کاهینەکە حەپەسا و ڕۆیشت. جا دەرفەتم بۆ ڕەخسا بەئارەزووی خۆم قسە بۆ خەڵکەکە بکەم و بەرەو نیعمەتی خوا ئاراستەیان بکەم، کە فێریان دەکا و بەرەو ڕزگاری ڕابەرایەتییان دەکا.

فۆکس هەردەم ڕێورەسمی قوداسەکەی نەدەپچڕاند، بگرە چاوەڕوانی دەکرد، تا ڕێورەسمەکە تەواو دەبوو ئەنجا قسەی بۆ کاهین و نوێژکەران دەکرد، وەک کە لە ساڵی ١٦٥٢ لە شاری دونکاستەر کردی:

پاش ئەوەی کاهینەکە قوداسەکەی تەواو کرد، بەو شێوەیەی خوا داوای لێ کردبووم قسەم بۆ کاهینەکە و خەڵکەکە کرد، زۆر لێم تووڕە بوون و دەریان کردم و لەسەر پلیکانەکەوە فڕێیان دامە خوارەوە و پەلکێشی لای حاکم (عمدە) و دادوەرانیان کردم و هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردم ئەگەر بێتو جارێکی تر بچمە ناو ئەو شوێنە.

لەکاتی هەڵمەتی بەرەنگاریکردنی کۆیلایەتی لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا، چالاکانی هەڵمەتەکە خۆیان دەکرد بەناو ڕێورەسمی قوداسەکاندا بەمەبەستی ڕیسواکردنی لاوازیی بەرهەڵستکاریی جدیی کۆیلایەتی و سەرکۆنەی ڕازینەبوونی زۆر لە کڵێساکان بەپێشوازیکردنی کۆبوونەوەکانی تایبەت بەو بابەتە. ئەو دەڵێ:

ساڵی ١٨٤١، ڕۆژی یەکشەم، ستیفن س. فۆستەر، کە یەکێک بوو لە ئەندامانی گرووپی گاریسۆن، چووە ناو کڵێسای کۆنکۆرد-نیوهامشیر و لەکاتی قوداسەکەدا دەستی بەقسە کرد و کڵێسا، ناوبراوی بە پاڵپشتیکردنی کۆیلایەتی تۆمەتبار کرد، کاهینەکە داوای لە فۆستەر کرد بێدەنگ بێ، بەڵام ئەو گوێی نەدایە و لە قسەکردن بەردەوام بوو تا ژمارەیەک لە بڕوادارەکان پەلیان گرت و کردیانە دەرەوە. ماوەیەک پاش نیوەڕۆ گەڕایەوە بۆ کڵێسا و بەبێ وەرگرتنی مۆڵەت دەستی بەقسە کردەوە. ئەم جارە ژمارەیەک لە نوێژکەرەکان لەسەر پلیکانەکانەوە بەریان دایە خوارەوە و دواتر بەتۆمەتی ئاژاوەگێڕی لە شوێنەکانی خواپەرستیدا دەستگیر کرا.

خەباتکارەکان هەوڵیان دەدا دەست تێوەردانەکانیان بەپێی توانا گونجاو و پەسند بێ: فۆستەر و هاوڕێکانی قوداسەکەیان نەپچڕاند مەگەر ئەو

کاتەی بێئومێد بووین لە بەدەستهێنانی مۆڵەتی قسەکردن یان کۆبوونەوە لەناو کڵێساکەدا.

٥- شانۆی بەرگری

ڕێگەیەکی ترە لە ڕێگەکانی دەست تێوەردانی کۆمەڵایەتی، کە بریتییە لە کۆمەڵێ تێبینیی گاڵتەجاڕانە یان نواندنی ڕەخنەگرانە و شتی لەو شێوەیە.

ئەم ڕێگەیە لە کۆتای شەستەکاندا لە وڵاتە یەکگرتووەکان بەکار هێنرا. گاڵتەجاڕی لەڕێی گوتاردان و وانەبێژی یان سەرزەنشتکردنی گرووپ یاخۆ دامەزراوەیەکی دیاریکراوەوە دەبێ، ناوی شانۆی بەرگری هەروەها بۆ جۆرێک لە جۆرەکانی شانۆی عەفەویش بەکار دێ، کە لەسەر بابەتێکی سیاسییە.

جیری رابن، کە یەکێکە لە گرینگترین ئەو کەسانەی لە شەستەکاندا لە شانۆی شۆڕشگێڕانەدا کاری کردووە، دوو ڕووداو هەن کە ڕۆڵی تێیاندا بینیوە.

ساڵی ١٩٦٧ لەکاتی کۆبوونەوەی بڵاوکەرەوە زانکۆییەکان لە واشنتۆنی پایەتەخت بۆ تاوتوێکردنی پرسی کێشەی ڤێتنام، یەکێک لە بەشداران پێشنیازی کرد، هیچ هەڵوێستێک وەرنەگیرێ و گفتوگۆکان کۆتایان پێبێ. ڕەزامەندی لەسەر پێشنیازەکە درا. لەپڕ ڕووناکییەکان کوژێنرانەوە و لەسەر دیوارەکە چەند دیمەنێکی جەنگ پیشان درا، دیمەنی کوشتار و سووتاندنی گوندە ڤێتنامییەکان و گریانی ئافرەتان و منداڵانی سووتاو بەبۆمبی ناپاڵم. لەو کاتەدا هاوار بەرز بوویەوە "فیلمەکە ڕاگرن! فیلمەکە ڕاگرن!".

لە ڕێی بڵندگۆوە دەنگێک لە ژوورەکەوە بەرز بووەوە کە دەیگوت: "ئاگەداری! من ڕەقیب هاگرتیم لە پۆلیسی واشنتۆن. ئەم فیلمانە بەڕێگەی قاچاخ لە باکوری ڤێتنامەوە هێنراون. وا دەستیان بەسەردا گیرا و بەرپرسانی ئەوەیش دەستگیر دەکرێن. هەموو بچنە دەرەوە. ئەوەی پاش دوو

خولەکی تر لەم ژوورەدا بمێنێ دەستگیر دەکرێ".

هەمـوو بەرەو دەرەوە رایانکرد... هەر بـەڕاسـتی باوەڕیـان بەوە کـرد تەنیـا لەبەر بینینی کاسـێتێکی ڤیـدیۆیی دەگیـرێن. باوەڕیان کـرد، کـە ئەوان لە وڵاتێکی نازیدا دەژین و قبووڵیشیان کرد.

لە ئابی ١٩٦٧ رابن و چەند کەسـێکی تر بۆ نـاڕەزایی دەربڕین بەرامـبەر بایەخدانی ئەمـەریکا بەپارە، کارێکی تری هـاوشێـوەیان کـرد. رابن دەڵێ: لە بۆرسەی نیویۆرک ئەوەندە دۆلارمـان پژاند ئەو ناوە پڕ بوو لە دۆلار، ئەوانەی لە بۆرسـەکەدا کـاریان دەکـرد، هـەروەک ئاژەڵی دڕندە پەلامـاری کۆکـردنەوەی دۆلارەکانیان دەدا.

هـاوارمـان کرد: ئـەمە هەمـوو شـتێکە؟ پارە؟ لەکاتێکدا خەڵک لە بـیافـرا لە برسـان دەمرن!

ئەنجا بینیمان پیاوانی پۆلیس هاتن. پەلیـان گرتین و بۆ ناو مەسعەدەکان پاڵیـان پێوە نـاین. لـەو کاتـەدا ئەوانەی لە بۆرسـەکەدا کـاریان دەکرد لە دژی پۆلیسە "بەراز"ەکان، وەک ئەوان گوتیان، هـاواری بێزاری و نـاڕەزاییيان بەرز کردەوە.

٦- دامەزراوە کۆمەڵایەتییە جێگرەوەکان

یـەکـێـک لە ڕێگەکــانی دەسـت تێــوەردانی نـاتوندوتیژانە پێکهــێنانـی دامـەزراوەی نوێیـە، کە دامـەزراندن و گەشـەکردنیـان، گـژبەرییـەکـە بۆ ئەو دامەزراوانەی لە بنەڕەتدا هەبوون.

دوور نییە ئەم دامـەزراوانە ببنە رکابەرێکی ڕاسـتەقینە بۆ دامەزراوەکـانی دژبەرەکــە، بـەوەی بەتەواوی یـان بەبـەشــەکـی جـێــیــان بگرنەوە، یان بە بەشـداریکردن لـە دانانی بەرنـامـە و پـرنسـیـپـەکـانی خـەباتکاران، یاخـۆ بەدەرخستنی کاریگەریی ڕێگەی تری ناتوندوتیژانە لە ململانەکەدا.

له هەموو ئەم حاڵەتانەدا، دامەزراوەکانی دژبەرەکە تاکە دامەزراوە نابن له گۆڕەپانەکەدا و دامەزراوە نوێیەکان وەک جێگرەوەیان دەخرێنە ڕوو. پاشتر تاوتوێی پرسی دامەزراوە ئابووری و سیاسییە جێگرەوەکان دەکرێ. لێرەدا جەخت لەسەر دامەزراوە پەروەردەییەکانە.

ڕەنگە شتێکی بەکەڵک بێ لێرەدا بەکورتی بایەخی پێکهێنانی دامەزراوەگەلی نوێ ڕوون بکەینەوە.

له ململانەیەکی ناتوندوتیژانەی دوور و درێژدا، دوور نییە بایکۆتکردنی دامەزراوەکان درێژە بکێشێ، بۆیە دەخوازێ دامەزراوەی نوێی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسیی لەجێیان دروست بکرێ، ئەمە بۆ پارێزگاریکردن له سیستمێکی کۆمەڵایەتیی جێگرەوە (بدیل) کە پێداویستییەکانی خەڵکە بایکۆتکەرەکە دابین بکا، گرینگە.

له سەدەی نۆزدەدا مەجەرییەکان لەکاتی بەرەنگاریکردنی یاسای نەمساویدا، بۆ بەگژاچوونەوەی ئاساییکردنەوەی نەمساوی کۆمەڵێ دامەزراوەی کۆمەڵایەتی و ئابووریيان پەرە پێدا. لەوانە دەزگەی نیشتمانیی بۆ زانستەکان، مۆزەخانەی نیشتمانی، شانۆی نیشتمانی، یەکەتیی کشتوکاڵی، یەکەتیی نیشتمانی بۆ پاراستنی ئابووری و ژووری بازرگانی.

ساڵی ١٩٠٥ ئارسەر گریفیت بەسوودوەرگرتن له نموونە مەجەرییەکە، پلانێکی دانا بۆ دامەزراندنی دامەزراوەگەلی ئێرلەندایی لە بوارەکانی ئابووری و سیاسەت و دیپلۆماسییەتدا لەجێی دامەزراوە مەجەرییەکان، بەشێوەیەک دامەزراندنی ئەو دەزگەیانە ببێتە مایەی سەربەخۆیی ئێرلەندا. هەروەها گاندیش تیۆری دامەزراوە بەدیلەکانی پەرە پێدا و بەبەشێکی گرینگ لە بەرنامەی خۆی دانا.

بەڵام بزووتنەوەی بەرگریی ڕەنگە هەندێ جار ژمارەیەکی دیاریکراو دەزگە هەڵبژێرێ تا بەدیلیان بۆ دابنێ. لەسەدەی نۆزدەیەمدا ئەمەریکاییيانی

بەرهەڵستی کۆیلایەتی و پیاوانی ئاینیی رەشپێست، لە بواری نارەزاییان لە جیاکاریی رەگەزی لەناو کڵێساکاندا، لێیان کشانەوە و کڵێساگەلی نوێیان دامەزراند، لەوانە Methodist Episcopal Zion Church کە لە ساڵی ١٨٢١ دامەزرا.

لە ماوەی پێش لە شەڕی ناوخۆدا، جگە لەوەی ڕەشپێستەکانیان -بەکۆیلە و ئازادەوە- فێری خوێندنەوە و نووسین دەکرد، بەرهەڵستانی کۆیلایەتی لەگەڵ کەسانی تر لە چەندان ویلایەت قوتابخانەی نوێیان بۆ ڕەشپێستەکان و هەندێ جار قوتابخانەی تێکەڵاو بۆ ڕەش و سپی، دروست کرد، کە ئەم قوتابخانانە لە ڕووی یاساییەوە قەدەخە بوون.

لە حوکمێکدا کە بۆ داخستنی قوتابخانەیەکی کۆیلەکان لە لکسنگتۆن-کنتاکی دامەزراوە، لە بڕیاری لیژنەی سوێندخۆراندا هاتووە ئەم قوتابخانەیە "ڕەنگە عەقڵی ئەوانە ڕووناک بکاتەوە، کە بەختەوەرییان لە نەزانینیاندایە".

لە شاری بساڤانا-جۆرجیا، قوتابخانەیەک بەنایاسایی بۆ ڕەشپێستەکان دروست کرا، ماوەی زیاتر لە ٣٠ ساڵ لە کارکردن بەردەوام بوو. لە هەندێ حاڵەتی تردا، مامۆستا خۆی دەچووە ماڵەکان، وەک لە بترسبۆرگ-ڤێرجینیا، کە یەکێک لە خولاسییەکان بەنهێنی لەم ماڵ دەچووە ئەو ماڵ بۆ فێرکردنی ڕەشپێستەکان.

ساڵی ١٨٦٠ قەشە "جون فی"ی بەرهەڵستی کۆیلایەتی هەوڵی دا چەند قوتابخانەیەکی تێکەڵاو لە کنتاکی دروست بکا، یەکەم قوتابخانە کە دایمەزراند لەلایەن ئەو سپی پێستانەی بەرگرییان لە کۆیلایەتی دەکرد سووتێنرا، بەڵام ئەو وێڕای هەموو ئەو هەڕەشانەی لێی دەکرا، لە پلانەکەی خۆی بەردەوام بوو، ڕەتی کردەوە چەک بۆ بەرگری لە خۆکردن هەڵبگرێ و لە دروستکردنی قوتابخانەی تێکەڵاو بەردەوام بوو، لەکاتێکدا سپییەکان

کۆدەبوونەوە و هێرشیان دەکردە سەر.

هەروەها چەندان قوتابخانە لەناو کڵێساکانی سەر بە کاسۆلیکەکان و کویکرز و ڕەشپێستەکاندا هاتنە دامەزراندن، کە تایبەت بوون بەکۆیلە ئازادکراوەکانی بەلتیمۆر و واشنتۆن. جەماماتی سپییەکان هەستان بەسووتاندنی ئەو قوتابخانانە و لەناوبردنی شمەکەکانیان و مامۆستاکانیشیان ناردە دەرەوەی پایەتەخت.

ساڵی ١٨٥٠ میرتیلا ماینەر بەیارمەتیی کویکرز قوتابخانەیەکی بۆ ڕەشپێستەکان لە واشنتۆن دامەزراند، بەڵام سپییەکان لە شەقامەکاندا گێچەڵیان بەقوتابییەکان دەکرد، ژمارەیەکی زۆریان هەڵیانکوتایە سەر قوتابخانەکە. "خاتوو ماینەر" گاڵتەی پێ دەکردن، کاتێ هەڕەشەی سووتاندنی قوتابخانەکەیانە کرد وەڵامی دانەوە کە ئەوە کۆڵی پێ نادا و قوتابخانەکە لە خۆڵەمێشەکەی بەخێرایی و باشتر لە جاران لەدایک دەبێتەوە". ساڵی ١٨٦٠ ئاگر بەر بووە جێیەکە، بەڵام بیناکە زیانی پێ نەگەیشت.

لەکاتی داگیرکردنی پۆڵۆنیا لەلایەن ئەڵمانیاوە، پۆڵۆنیاییەکان سیستمێکی پەروەردەیی سەربەخۆ و دوور لە چاوەدێریی نازییەکانیان دامەزراند. ساڵی ١٩٤٢ تەنیا لە وارسۆ، زیاتر لە ٨٥ هەزار منداڵ بەنهێنی لە ماڵەکاندا دەیانخوێند. لەو ماوەیەدا ١٧٠٠ کەسیان لە قوتابخانەی ناوەندی دەرچوون و کارتی تایبەتییان پێ بەخشرا، کە پاش جەنگ گۆڕییان بەبڕوانامەی ڕەسمی.

لە باشووری ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا، لە بەرامبەر بڕیارەکانی دادگەی باڵا بەتێکەڵبوون لە قوتابخانە ڕەسمییەکاندا، لایەنگرانی جیاوازیی ڕەگەزی قوتابخانەی تایبەتییان وەک بەدیل بەکار هێنا. ساڵی ١٩٥٨ یارمەتییەکان لەو منداڵانە بڕا کە لە قوتابخانە تایبەتەکاندا دەیانخوێند.

٧- سیستمی پێوەندیکردنی بەدیل

لە سایەی ئەو ڕێژیمانەی سانسۆرێکی زۆر دەخەنە سەر دەزگەکانی ڕاگەیاندن و قۆرخیان دەکەن، دامەزراندنی سیستمگەلێکی ئابووریی بەدیل لەلایەن گرووپە بەرهەڵستکارەکانەوە دەست تێوەردانێکی ناتوندوتیژانەیە، چونکە کاری ڕێژیم لە گواستنەوەی زانیاری و بیرۆکەکان شپرزە دەکا.

ڕەنگە ئەوە ڕۆژنامە و رادیۆکان و تەنانەت تەلەڤزیۆنیش بگرێتەوە، هەروەها ڕەنگە ئامرازەکانی پێوەندیکردنی نێوان کەسەکانیش بگرێتەوە وەک پۆستە و تەلەفۆن و ڕۆژنامە و پەخشی ڕادیۆیی، ئەم ئامرازانە لە بنەڕەتدا وەک ئامرازگەلی نارەزایی دەربڕین و قایلکردن پۆلبەندی دەکرێن، بەڵام لە چوارچێوەیەکی فرەواندا کار دەکەن و گژبەریی ئەو دەزگەیانەی ڕاگەیاندن دەکەن، کە لەژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتدان و هاتنەمەیدانی فاکتەرێکە بۆ لاوازکردنی توانا میدیاییەکانی دژبەر. ئەم سیستمە بەدیلانە کەرەستەی بەهێز و کاریگەرن بەدەست چالاکە ناتوندوتیژەکانەوە و توانای دژبەرەکە لە کۆنترۆڵکردنی گواستنەوەی بیرۆکە و زانیارییەکان لاواز دەکا و توانای ئەو دەداتە چالاکانی ناتوندوتیژ بەرێگەی نوێ بەرگری بکەن و دەست وەربدەن.

ئەو ڕۆژنامە نهێنییانەی لە وڵاتانی ژێر داگیرکەری نازیدا دەردەچوون، بوونە سیستمێکی بەدیلی پێوەندیکردن، وەک لە هۆڵەندا رووی دا:

راستەوخۆ پاش پەلامارەکەی ئەڵمانیا، یەکەمین بەیاننامەی نهێنییەکان کە بە دەسخەت نووسرابوون دەرکەوتن، بە دوایدا بەیاننامە و بڵاوکراوەی دەستنووس یاخۆ چاپکراو کە ناوی "ئامرازەکانی تۆپی بەفر"ی لێنرا و خوێنەر بۆ هاوڕێکانی دەگوێزێتەوە. گرینگترینی ئەم بڵاوکراوە دەورییانە پەرەیان سەند و گەورە بوون و بە فراوانی بڵاو بوونەوە، هەموو ئەوە لەسایەی کەشێکی سەرکوتکردن و نهێنیدا، لەسەر ئاستەکانی ئامادەکردن و بڵاوکردنەوە و دابەشکردن، بەڕێوە دەچوو.

"ڤریج ندرلاند" رۆژنامەیەکی نهێنی بوو کە لە ئەیلوولی ١٩٤٤ سەد هەزار دانەی لێ دەرچووە. هەروەها بەیاننامە رۆژانەکانی گەیشتووەتە سەد هەزار.

رۆژنامەی "جوما نتیاندری" لە ساڵی ١٩٤٥ گەیشتە ٤٠ هەزار. رۆژنامەی "تروە" گەیشتە ٦٠ هەزار دانە، ئەمە جگە لە ٦٠ چاپی ناوخۆیی و ناوچەیی، تا لە کانوونی دووەمی ١٩٤٥دا گەیشتە دوو ملیۆن دانە.

لە ساڵی ١٩٤٤ سەد هەزار دانە لە هەفتەنامەی "دی وارهاید" لە ئەمستەردام و روتردام دەرچوو. رۆژنامەی "ئونس ڤۆلک" ١٢٠ هەزار دانەی لێ چاپ کرا. ئەمە جگە لە چەندان بڵاوکراوەی دەوری و رۆژنامەی نهێنی کە بڵاو دەکرانەوە و دابەش دەکران.

پاش دەست بەسەرداگرتنی دەزگاکانی رادیۆ لە ئایاری ١٩٤٥ ژمارەی بڵاوکراوەکان بەخێرایی زیادیان کرد: ساڵی ١٩٤٥، ١٥٠ بڵاوکراوە سەریان هەڵدا، لەنێوان ئەیلوولی ١٩٤٤ و کانوونی دووەمی ١٩٤٥، ٣٥٠ بڵاوکراوە دەرکەوتن کە ملیۆنان دانەیان لێ دابەش کرا.

هەموو ئەو بڵاوکراوانە بیر و بۆچوونی سیاسی و گفتوگۆیان لەبارەی داگیرکردن و قۆرخکردنی میدیا و سانسۆرکردنی هەواڵەکانیان لەخۆ گرتبوو.

لەنێو ئامرازە بەدیلە زێدە تایبەتمەندەکانی تردا باس لە دڵنیایی زانیاری و نامە تایبەتەکانی تاکەکان یاخۆ گرووپە دیاریکراوەکان دەکەین، لەکاتێکدا دەزگا راگەیاندنە ئاساییەکان لەژێر چاودێریدان، لەوانە پۆستە و تەلەفۆن و هی تر.

هەرچی رادیۆ و تەلەڤزیۆنە بەدیلەکانە کە بۆ ماوەی دوو هەفتە لە چیکۆسلۆڤاکیا کاریان کرد، لە گرینگترین سیستمە بەدیلەکانی بڵاوکردنەوە بوون کە لە وڵاتێکی داگیرکراودا هاتبوونە دامەزراندن.

## دەستوەردانی ئابووری

دەکرێ هەندێ جار دەستوەردانی ناتوندوتیژانە فۆرمی ئابووری وەربگرێ. کاریگەریی ئەم دوازدە رێگەیەی لێرەدا باس کراون، کاریگەرییەکی دەروونییە، بەڵام کاریگەریی رێگەکانی تر ئابوورییە، جگە لە کاریگەرییە سیاسییەکان. چوار لەمانە بەوە ناسراون جەستەیی و ئابوورین، ئەوانیش مانگرتنی پێچەوانە، مانگرتن بە پەناگیری لە شوێنی کار، زەوتکردنی ناتوندوتیژانەی زەوی و بەزاندنی گەمارۆیە. چواریان رۆڵیان بریتییە لە شپرزەکردنی ئابووریی دژبەر بەتایبەت ئەگەر ئەو دژبەرە وڵاتێکی تر بێ، ئەوەیش پێویستی بە جموجووڵێکی حکومەت هەیە و رەنگە لە هەندێ بارودۆخدا ئەرکی هەندێ گرووپ بێ. وەک قەدەغەکردنی فرۆشتنی هەندێ شمەک لە وڵاتێکی تر یاخۆ زەوتکردنی، یان خنکاندنی بازاڕی جیهانی بە بەروبووم بەمەبەستی تێکشکاندنی ئابووریی وڵاتەکەی تر.

ئەم رێگایانە دوورن لە بیرۆکەی خۆشویستنی کەسەکە بۆ دژبەرەکەی و زۆربەی جاران لەکاتی کێشە سەربازییەکاندا بەکار هاتوون، بەڵام بەهەر حاڵ ئەمیش تایبەتمەندییە تەکنیکییەکانی دەستوەردانی ئابووریی ناتوندوتیژانەی هەیە.

هەرچی دواین کۆمەڵەی رێگەکانی دەستوەردانی ئابوورییە، ئەوە بەشێوەیەکی بنچینەیی ناحکوومین و پێویست بە خولقاندن (یاخۆ پەرەپێدان)ی توانای بەدیلە لە بوارەکانی خستنەبازاڕ و گواستنەوە و بەرهەمهێناندا.

١- مانگرتنی پێچەوانە

مانگرتنی پێچەوانە لە فۆرمدا ئابوورییە بەڵام کاریگەرییەکەی دەروونییە. ئەم جۆرە جموجووڵە تا رادەیەک نوێیە و بۆ ساڵی ١٩٥٠ دەگەڕێتەوە لەلایەن کرێکارانی کشتوکاڵی لە ئیتاڵیا، پێش لەوەی لە سەقڵیە لەلایەن گۆڕانخوازی ناتوندوتیژی کۆمەڵایەتیی ناسراو دانیلۆ دولچییەوە بەکار بێ.

کرێکارە کشتوکاڵییەکان زیاتر لەوەی پێویست بوو رژدتر و زیاتر کاریان دەکرد، بەشێوەیەک سنووری ئەو کرێیەی تێدەپەڕاند کە لەسەری رێک کەوتبوون. ئەوەیشیان لەپێناو پاڵپشتیکردنی داواکارییەکانیان بۆ زیادکردنی کرێکانیان دەکرد تا خاوەن کارەکە بخەنە دۆخێکی واوە ئەستەم بێ بتوانێ داواکانیان رەت بکاتەوە.

مانگرتنی پێچەوانە هەروەها بۆ ئەوە کراوە تا پێویستیی بێکارەکان بۆ کارێک کە بژێوییانی پێ مسۆگەر بکەن نیشان بدا. ساڵی ١٩٥٦ ژمارەیەک لە بێکارانی خەڵکی سەقڵیە کە دانیلۆ دولچی سەرکردایەتی دەکردن پەنایان بۆ ئەم رێگەیە برد و خۆبەخشانە و بەخۆڕایی هەستان بە چاککردنەوەی رێگەیەکی گشتی بەمەبەستی سەرنجڕاکێشان بۆ هەلومەرجی دژواری کارکردن لە ناوچەکە و شکستی حکومەت لە مامەڵەکردن لەگەڵ بابەتەکە و ئەو گەرەنتییە دەستوورییانەی مافی کارکردن دەستەبەر دەکەن. دۆلی و ژمارەیەکی تر لە بەشداران دەستگیر کران.

جایمس فارمەر دەڵێ لە رابردوودا لە شیکاگۆ بە دەستپێشخەریی کۆمەڵەی یەکسانیی نەژادی، ژمارەیەک لە زنجییە بێکارەکان هەڵمەتێکی خاوێنکردنەوەیان ئەنجام دا، دواتر وەسڵی کرێی ماندوبوونەکەیان لە بارەگای شارەوانی بەجێ هێشت. بەڵام هیچ کرێیەکیان بۆ خەرج نەکرا.

لە ٢٥ی ئاب، کە هاوکات بوو لەگەڵ یەکەمین یەکشەمی پاش داگیرکردنی رووسی بۆ چیکۆسلۆڤاکیا، زۆربەی کرێکار و فەرمانبەرەکانی یەکێک لە

گەورەترین کارگەکانی ئالیات لەپاش دەوام درێژەیان بە کارکردن دا و ئەو رۆژەیان ناونا "یەکشەمی دوبچک"، تا بەوە لە رێی بنیاتنانی ئابوورییەوە پاڵپشتی لە حکومەتەکەی دوبچک بکەن، نەک مان بگرن کە رەنگە زیان بە وڵاتەکە بگەیەنێ نەک رووس.

ئەگەرچی وا دێتە پێش چاو مانگرتنی پێچەوانە ئازار بە رێژیمی ئارا ناگەیەنێ، کەچی بەرپرسانی ئیتاڵیایی بە مەترسییان دانا و بە پێویستیان زانی ئەنجامدەرانی بگیرێن و بەند بکرێن و تەنانەت لەلایەن پۆلیسەوە تەقەشیان لێ بکرێ.

٢- مانگرتن بە پەناگیری لە شوێنی کار

پیترسۆن و نولز یەکەم کەس بوون ئەم ناونانەیان بەکار هێنا. بریتییە لەوەی کرێکاران دەست لەکارکردن هەڵدەگرن، بەڵام هەر لەناو کارگەکەدا دەمێننەوە و ناچنە دەرەوە تا داواکانیان دێتە دی. جیاوازیی نێوان ئەم رێگەیە و پەناگیریی ئاسایی ئەوەیە مانگرەکان لێرەدا ناچار نین بەدرێژایی کات دابنیشن.

ئەم رێگە زۆر لایەنی باشی هەیە چونکە دەرفەتی ئەوە دەداتە کرێکارەکان چاودێریی ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بکەن، ئەگەری شکاندنی مانگرتنەکە لەلایەن کرێکارە بەشدار نەبووەکان کەم دەکاتەوە، هەروەها ئەگەری روودانی کاری توندوتیژی و تێکدان کەم دەکاتەوە، مەگەر لەو حاڵەتەی پۆلیس یان سوپا بێنە ناوەوە.

جۆزێف رایباک لە کتێبی "مێژووی کاری ئەمەریکایی" دا دەڵێ "ئەم رێگەیە لەسەدەی نۆزدەیەمدا لەلایەن ئافرەتانی کرێکار لە کەرتی دروومان پێڕەو کرا" هەروەها لە پۆڵەندا و فرەنسایش.

دیارە ئەم رێگەیە لە ئەمەریکا لە ژێر کاریگەریی خەباتی گاندی لە هیند، پەرەی سەندووە.

هەروەها لەساڵی ۱۹۳۰ بە شێوەیەکی بەرفراوان لە ئەوروپا و ئەمەریکا پێڕەو کرا. گەورەترین جموجووڵ ئەوەی کرێکارانی لاستیک بوو لە شاری ئاکرۆن-ئۆهایۆ لە ساڵی ۱۹۳٦.

هەر هەمان ساڵ جموجووڵێکی تری هاوشێوە لە کلیفلند رووی دا کە کرێکارانی کارگەکانی ئۆتۆمبێل پێی هەستان.

لە کانوونی یەکەمی ۱۹۳٦ پەنا بۆ ئەم رێگەیە برا بۆ رووبەڕووبوونەوەی پلانی خێراکردنی کار لە کارگەکانی جەنەڕاڵ مۆتۆرز لە شاری ئەندرسن-ئیندیانا.

لە ۱۳ تشرینی یەکەمی هەمان ساڵ، رێگەکە دژی هەڵمەتەکانی دەرکردنی کرێکارانی سەندیکایی لە کارگەکانی شیڤرۆلیە لە شاری فلینت-میشیگان تاقی کرایەوە.

ئەم جموجووڵە بوو ئەم رێگەیەی خستە سەر پێ و ناساندی.

رایباک دەڵێ "ئەو مانگرتنە شتێکی نوێ بوو، چونکە کرێکارەکان لەبری ئەوەی لەبەردەم کارگەکاندا هاتوچۆ بکەن، لەسەر کورسییەکان و لەبەردەم ئامێرەکانیان دادەنیشتن، چالاکییەکە ئامانجی خۆی پێکا".

جەنەراڵ مۆتۆرز نارەزایی لەم کارە دەربڕی و بە دەست بەسەرداگرتنێکی نایاسایی کەرەستەکانی لە قەڵەم دا و داوای کرد پەناگیران دەربکرێنە دەرەوە. ئامێرەکانی گەرمکردنەوەی کوژاندەوە. بەڵام کرێکارەکان لەناوەوە دانیان بەخۆیاندا گرت. پەناگیران دوو هێرشی پۆلیسیان بە توندی بەرپەچ دایەوە، یەکەمیان لە رێی کووپی قاوە و شووشەی شەراب و پارچەی کانزاییەوە، دووەمیشیان کە پۆلیس بۆمبی کاغەزی تێدا بەکار هێنا، بە ئاو پرژێن وەڵامیان دایەوە.

حاکم فرانک مۆرفی رازی نەبوو پەنا بۆ پۆلیسی ویلایەتەکە ببا بۆ دەرکردنی پەناگیرەکان. کرێکارەکان گژبەریی فەرمانێکی قەزاییان کرد بۆ

دەرکردنیان و گوتیان ئەوان هەوڵ دەدەن وابکەن کۆمپانیاکە مل بۆ یاسا کەچ بکا و بەکۆمەڵ دانوستاندنیان لەگەڵدا بکا. بەڵام کۆمپانیاکە هەموو جۆرە دانوستانێکی رەت کردەوە، چ تاکە کەسی بێ یان بە کۆمەڵ.

لە ٤ ی شوبات سەرۆک رۆزفڵت داوای کرد دەست بە دانوستان بکرێ، پاش هەفتەیەک رێککەوتن کۆمپانیاکە دان بە سەندیکادا بنێ و دەست لە خراپ مامەڵەکردن لەگەڵ سەندیکاییەکان هەڵبگرێ.

رایباک هەروەها نووسی لە نیسانی ١٩٣٧ "مانگرتنێک بە پەناگیری لە شوێنی کار" لە کۆمپانیای کرایزلەر ئەنجام درا، کۆپانیاکە ناچار کرا دانوستاندن لەگەڵ مانگرەکاندا بکا.

ئەم جۆرە جموجوولانە بە بەرفراوانی بڵاو بووەوە: لەنێوان ئەیلوولی ١٩٣٦ و حوزەیرانی ١٩٣٧دا لەلایەن ٥٠٠ هەزار کرێکارەوە پێڕەو کرا لە کەرتەکانی لاستیک و چنین و شووشە و هی تر. ئەم چالاکییانە کاردانەوەی بەهێزی لەلایەن خاوەن کارەکان و رۆژنامەکان و جەماوەر و ئەنجوومەنی پیران و یەکەتیی ئەمەریکایی بۆ کارکردنەوە لێ کەوتەوە.

گردبوونەوەی دەستەی ئابوورییەکان لەبەرامبەر ئەو کۆمپانیایانەی گژبەریی فەرمانەکانی ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ پێوەندییەکانی کاریان کرد، پەنای بۆ ئەم رێگەیە برد. بەڵام گردبوونەوەکە لە هاوینی ١٩٣٧ بڕیاری هاتە سەر ئەوەی ئەم جۆرە جموجووڵە "پێویست و ژیرانە نییە" و بڕیاری دا چی تر دووبارەی نەکاتەوە.

ساڵی ١٩٣٩ دادگەی باڵا لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بڕیاری دا ئەم رێگەیە بە دەرچوون لە یاسا دابنێ لەو رووەوە کە دەستدرێژییە بۆ سەر مولّکە تایبەتەکان.

لەکاتێکدا لە ئەمەریکا ئەم شێوازە تەنیا لەپێناو بەدەستهێنانی هەندێ داواکاریی پێوەندار بە کرێ، بارودۆخی کار و دانانی یاسای کاری

سەندیكایی پەنای بۆ دەبرا، لە ئیتاڵیا پێش گەیشتنی مۆسۆلینی بە دەسەڵات بەشێوەیەكی شۆڕشگێڕانە بەكار دەهێنرا. كرێكارەكان چاویان لەوە بوو دەست بەسەر كارگەكاندا بگرن و خۆیان بەڕێوەیان ببەن. هەندێ لە حاڵەتەكان خاڵی نەبوو لە توندوتیژی.

هەروەها زۆر نموونە دەبینین لەبارەی پەنابردن بۆ "مانگرتن بە پەناگیری لە شوێنی كار" لەلایەن كرێكارانی كانەكانەوە. ساڵی ١٩٣٤ كرێكارانی كانەكان لە شاری بیكسی مەجەری پەناگیرییەكیان لە كانەكاندا ئەنجام دا، هاوكات مانیان لە خواردنیش گرت.

هەروەها حاڵەتی هاوشێوە لە پۆڵەندا و وایڵز و لە تامبل لە ئەیلوولی ١٩٥٩ و لە گلامورگان لە ئاداری ١٩٦٠ دەبینین.

لە شاری پیتەرفیلد لەكاتی شۆڕشی ئەڵمانیای رۆهەڵات لە حوزەیرانی ١٩٥٣، ئەم رێگە كاری پێكرا و كارایی خۆی سەلماند بەوەی خەڵك دوور لە شەقامەكان بهێڵنەوە، بەو هۆیەشەوە هیچ رووبەڕووبوونەوەیەك لەگەڵ سەربازانی رووس و پۆلیسی ئەڵمانیایی رووی نەدا. بزوێنەری مانگرتنەكە دەڵێ "لەرێی ئێزگەوە بانگەوازێكمان ئاراستەی كرێكاران كرد، داوامان لێ كردن بگەڕێنەوە كارگەكانیان بەو مەرجەی هیچ كارێك نەكەن".

لە هەڵسەنگاندنیدا بۆ رادەی كاریگەریی ئەم رێگەیە لەكاتی شۆڕشی ئەڵمانیدا، راینەر هیلدبرانت دەڵێ "لە هەندێ كارگە پەناگیری چەند رۆژێك بەردەوام بوو و هیچ بەركەوتنێكی لێ نەكەوتەوە، بگرە بەهۆیەوە ژمارەیەك كرێكاریش ئازاد كران كە بەهۆی مانگرتنی پێشتریانەوە راگیرابوون".

٣- زەوتكردنی ناتوندوتیژانەی زەوی

رێگەیەكی ترە لە رێگەكانی دەستوەردانی ناتوندوتیژانە، تێیدا خەڵكێك دەست بەسەر هەندێ زەویدا دەگرن و بەكاری دێنن كە موڵكی كەسانی ترە، ئەویش بەمەبەستی گواستنەوەی موڵكیەتی ئەوە زەوییانە و بەكارهێنانی

وەک دیفاکتۆیەک و خوازیارن ئەو گواستنەوەی موڵکایەتییە بکرێتە یاسا.

وا باوە ئەم ڕێگەیە جووتیارانی نەدار لە بەرامبەر دەرەبەگەکان پەنای بۆ دەبەن و هەمان ئەو زەوییانە زەوت دەکەن کە پێشتر تێیاندا کاریان بۆ ئەوان کردووە. لە هەندێ حاڵەتی تردا ئەو زەوییانە موڵکی دەوڵەتن، یا لەلایەن دەوڵەتەوە دەستیان بەسەردا گیراوە وەک سزایەک بۆ بەرەنگارییەکی میللی کە خەڵک تێیاندا ئامادە نەبوون باج بدەن.

هەرچی ئەو هەلومەرجانەن کە تێیاندا پەنا بۆ ئەم ڕێگەیە دەبرێ، زۆر و جیاوازن. دەکرێ زەوتکردنەکە بە ڕەزامەندیی حکوومەت بێ، یان بە هاندانی هەندێ گرووپی دەستڕۆیشتووی ناو کۆمەڵگە بێ. وا دیارە حاڵەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە هەمیشە ئاڵۆزە. ئەمەی خوارەوەیش چەند نموونەیەکە لە ناوچە جیاجیاکانی دنیاوە.

لەوەی لەبارەی دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان نووسراوە، ئەستەمە بزانین ئاخۆ هەموو حاڵەتەکان بەتەواوی یان بەڕێژەیی ناتوندوتیژانە بوون، یان توندوتیژیی ڕاستەقینەیان تێ کەوتووە.

بۆ نموونە دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان لە باشوور و ناوەڕاستی سەقلیە لە ئیتاڵیا لە ساڵی ١٩١٩ و ١٩٢٠. کریستۆفر سیتۆن-واتسن دەڵێ دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکان لەلایەن جووتیارانەوە لە ئابی ١٩١٩ لە گوندەکانی ئیتاڵیا دەستی پێکرد. جووتیاران لە بەرەبەیاندا پۆل پۆل بە بەرزکردنەوەی لافیتەوە و بەدەم مارشی سەربازییەوە لە گوندەکان بەرەو ئەو پارچە زەوییەی بابەتی کێشەکەیە دەکەوتنە ڕێ. هەریەک سنووری زەوییەکەی دیاری دەکرد و دەستی بە هەڵکەندن و کێڵانی دەکرد بۆ چەسپاندنی خاوەندارییی خۆی بۆ زەوییەکە. زۆر جار بەهۆی زەوییە دەست بەسەرداگیراوەکان، کە جووتیارەکان بە مافی ڕەوای خۆیانیان دادەنا چەندان کێشە دروست دەبوو کە دەیان ساڵیان دەخایاند.

لە مـانگی ئـەیلوولی ١٩٢٠ حکوومـەت ڕێگەی بە حـاکـمی ناوچەکـان دا دەست بـەسـەر زەوییـە نـەکـێڵـراوەکـاندا بگرن و بەسـەر جـووتیـارە هەژارەکـانیـاندا دابەش بکەن بەو مـەرجـەی خـۆیان لەنێـو کـۆمـەڵە هەرەوەزییـەکـاندا ڕێک بخـەن. لە بەهاری ١٩٢٠ گـردبوونەوە کشـتوکـاڵییـە کاسۆلیکییـەکان بە دنەدانی کاهـینەکانی ئەبرەشییـەکان دەسـتیان کـرد بە دەسـتبـەسەرداگرتنێکی فرەوانی زەوییـەکان لە سـەقڵیـە. ئەوکات حکوومـەت ڕایگەیاند تەنیا ئـەو جووتیارانـەی دەتوانن بەباشی زەوییـەکانیـان سـوود لێ ببـینن دان بـە خـاوەنداریەتیی زەویەکـانیـاندا دەنرێ. بەڵام ڕووبـەری ئەو زەوییانەی خاوەنداریەتییەکەیان بەتەواوی گوازرایەوە زۆر گەورە نەبوو.

دەسـتـبـەسـەرداگـرتنی زەوی لە ئەمـەریکای باشـووریش ئـەنجـام درا، بەتایبەت لە کۆلۆمبیا و پۆلیڤیا و پیرۆ و ڤەنزویلا و بەرازیل.

لە سـاڵی ١٩٢٩ لە شـاری کـودینامـارکـا و تولیـمـا و ڤـالیی کـۆلۆمـبـیـا، پێـوەندییـەکـانی جـووتیـاران ئـەم ڕێگەیـەیان بەکـار هێنا، ئەمـە جگە لە پەنابردنیـان بۆ هەندێ توندوتیـژیی بەرگریکارانە و بەوەیش توانییـان دەست بەسـەر زیاتر لە ٥٠٠ کم دووجـای ناوچەیەکی شـاخاویدا بگرن و کۆمـارێکی ئیشتراکیی سـەربەخـۆی تێدا دابمەزرێنن، کە زیاتر لە ٢٠ سـاڵی خایاند.

سـاڵی ١٩٣٣ جووتیـارانی کـۆلۆمـبیایی سـوودیان لە یاسـایەک وەرگرت کـە خـاوەن زەوییـەکـانی نـاچار دەکـرد پـارە بدەنە جـووتیـارەکـان لەبـەرئەوەی چاکسـازی لە زەوییـەکـانیـاندا دەکـەن. ئەو جـووتیـارانە بـە مـۆڵـەت و بەبێ مـۆڵەتی خـاوەنی زەوییـەکـە درەخـتی قـاوەیان دەچاند، ئـەوەیش دەبووە بەربەست لەبەردەم گێڕانەوەی زەوییەکانیدا مـەگەر لەبری ئەوە پارە بدا. ئەم ڕێگەیە لـە ناوچەی کـودینامـارکا سـەرکـەوتنی بەدەست هێنا و زەوییـەکـان بەدەست جووتیارەکانەوە مانەوە.

دواتر ئـەنجـومەنـی پیرانی کـۆلۆمـبیا یاسـای ژمـارە ٢٠٠ی دەرکرد کـە بە

یاسای لۆبز بۆ چاکسازیی زەویوزار ناسراوە.

هەروەها بانکی پێشینەی کشتوکاڵی پرۆسەکانی دەست بەسەرداگرتنی بەیاسایی کرد، ئەویش لە ڕێی کڕینی زەوییەکان لە خاوەنەکانیان و ئەنجا فرۆشتنەوەیان بەو جووتیارانەی دەستیان بەسەریاندا گرتووە بە قەرزی درێژمەودا. تەنیا ئەوانە سوودیان لەمە وەرگرت کە زەوییان زەوت کردبوو.

ساڵی ١٩٦١ ژمارەیەک لە خێزانەکانی جووتیاران، کە ژمارەیان لەنێوان پێنج تا شەش هەزار کەسدا دەبوو، دایان بەسەر زەوییەکی بەرفراوانی بەیار (بەکارنەهاتوو) لە دەوروبەری شاری کوندای و دەستیان بەسەردا گرت. دەزگای چاکسازیی خانووبەرەی سەر بە حکوومەت ئەو زەوییانەی بەسەر ئەو ماڵانەدا دابەش کرد.

میگال ئوروتیا لە ساڵی ١٩٦٧ دەنووسێ، یەکەتییە جووتیارییەکان هێشتا پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی زەوییەکانی سەروکاری دەکرد. هەروەها یەکەتیی کشتوکاڵیی نیشتمانیی کاسۆلیکی مەشرەبیش پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی ڕێک دەخست و دەستبەجێ ئەو زەوییانە لەسەر هەزاران جووتیار تاپۆ دەکران. زۆر جار کڵێسا ڕەزامەندی لەسەر ئەو پرۆسەی زەوتکردنانە دەدا کە کاهینەکان پێشەوایەتییان دەکرد.

هەروەها هەندێ جار پرۆسەی دەستبەسەرداگرتنی ناتوندوتیژانە دەبووە هۆی گواستنەوەی خاوەندارییەتییەکە بەشێوەیەکی یاسایی، ئەویش بەوەی خاوەن زەوییەکە بە قیست زەوییەکەی دەفرۆشتە جووتیارەکە، یان بەوەی دەزگای چاکسازیی زەویوزار زەوییە دەستبەسەرداگیراوەکەی وەک ناوچەیەکی چاکسازیی زەویوزار رادەگەیاند.

ئوروتیا دەڵێ "لە هەندێ حاڵەتی تردا، جووتیارەکان بەزۆر زەوییەکانیان داگیر دەکرد".

دەستبەسەرداگرتنی ناتوندوتیژانە لە پۆلیڤیایش کرا و زۆر جاریش بە

هاندانی حکوومەت دەبوو.

ساڵی ١٩٤٥ بەرپرسانی حکوومەتە شۆڕشگێڕییە نیشتمانییەکە داوایان لە دانیشتوانە ڕەسەنەکە کرد پاڵپشتیی ڕێکخراوەکەیان بکەن، وەک هەنگاوی یەکەم بە ئاراستەی هەنگاونان بۆ دەستگرتن بەسەر زەوییوزارێکی بەرفرەواندا.

بەڵام دوای ئەوە و لە سایەی حکوومەتێکی کۆنەپارێزدا هندییەکان دایان بەسەر هەندێ زەویدا، بەڵام وەک ئێدواردۆ ئەرزی-لۆریرۆ دەڵێ- "حکوومەت دڕندانە سەرکوتی کردن".

ساڵی ١٩٥٢ پاش گەڕانەوەی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕیی نیشتمانی بۆ دەسەڵات، داوا لە هندییەکان کرا زەوییەکان داگیر بکەن. یەکەتییە کشتوکاڵییەکان پێک هاتن و زەوییەکان دابەش کران. بە خێراییەکی سەیر زەوییەکە زەوت و دابەش کرا تەنانەت پێش لە پەسەندکردنی مەرسوومی چاکسازیی کشتوکاڵیش.

ئەرزی-لۆریرۆ دەڵێ پرۆسەکە زۆر ئاشتییانە بوو، گرینگترین لایەنیش هەڵوەشاندنەوەی یەکێک لە چینە کۆمەڵایەتییە لادێییەکان بوو، ئەویش بە گۆڕینی جووتیاران بە خاوەنی ئەو زەوییانەی کاریان تێدا دەکەن و هەروەها ئەندام لە دامەزراوەیەکی خاوەن مووڵک و بایەخی هاوبەش. مووڵکدارە کۆنەکانیش کشانەوە بۆ شارەکان.

هانتنگتۆن دەڵێ دەستەبەسەرداگرتنی زەوییەکان لە ناوچەی کوزکو لە پیرۆ، هەروەها بەهێزبوونی ڕێکخراوەکانی جووتیاران، ڕۆڵیان هەبوو لە تێپەڕاندنی یاسای چاککردنی زەوییوزار ساڵی ١٩٦٠. سەرۆک بیلۆند تیری هانی هندییە بێ زەوییەکانی دەدا دەست بەسەر زەوییە وەبەرنەهاتووەکاندا بگرن، تا ئەنجوومەنی پیران ناچار بکەن یاساکەی سەرۆکایەتی بۆ چاکسازیی زەوییوزار پەسند بکا.

له هەردوو ساڵی ١٩٦٢ و ١٩٦٣ بزووتنەوەی سەندیکای کشتوکاڵی له هەردوو کەرتی جونین و باسکو له پیرۆ گەشەی کرد. خاتوو دورین وارینەر دەڵێ "ئەم کۆمەڵە سەندیکاییانە چەندان هەڵمەتی دەستبەسەرداگرتن یان بەسەردادانی زەوییان ئەنجام دا کە لە هندییەکان سەنرابوون، مەبەستیش لە بەسەردادان ئەوەیە هندییەکان لە زەوییە جێناکۆکەکاندا کووخیان دروست دەکرد و تێیدا جێگیر دەبوون.

پاش گەڕانەوەی رۆمۆلۆ بیتنکوری سەرۆکی ڤەنزویلا بۆ دەسەلات له ساڵی ١٩٥٩، حکوومەتەکەی دەستی کرد بە دابەشکردنی زەوییە گشتییەکان و بەیاساییکردنی ئەو زەویگیرییانەی سەندیکاکان ئەنجامیان دابوو. وارینر دەنووسێ و دەڵێ "یاسای چاکسازیی کشتوکاڵی ساڵی ١٩٦٠ بە پرۆسەی چاکسازی دەستی پێ نەکرد، بەڵکو ئەو زەویگیرییانەی رێک دەخست کە سەندیکاکان ئەنجامیان دەدا و میکانیزمێکی داهێنا کە له رێیەوە سەندیکاکان دەتوانن داوا لە پەیمانگەی کشتوکاڵیی نیشتمانی بکەن زەوییەکان تاپۆ بکا".

هەروەها دەڵێ "ڤەنزویلا تاکە وڵاتە کە تێیدا جموجووڵی یەکەتییەکی پیشەیی توانی چاکسازییەک له زەویوزاردا بکا"

ساڵانی ١٩٦٣ و ١٩٦٤ هەڵمەتێکی دەستبەسەرداگرتنی زەوی له بەرازیل بەرێوە چوو، بەتایبەت ئەو زەوییانەی وەبەر نەهێنرابوون و ئاوەدان نەبوون و ئەگەری بەرەنگاریکردنی پرۆسەکە لەئارادا نەبوو. دۆڵی پادابیا شانۆی زۆر لەو دەستبەسەرداگرتنانە بوو، پۆلیس هەندێ جار پەلاماردەرانی لەسەر پارچە زەوییەک دەردەکرد و هەندێ جاریش هیچی نەدەکرد. وارینەر دەڵێ "لەکاتی یەکێک له هەڵمەتەکاندا، زەویگیرەکان لەلایەن سەندیکای کرێکارانی هێڵی ئاسنەوە پشتگیری دەکران، کە هەڕەشەی مانگرتنیان کرد ئەگەر بێتو خەڵک بە زۆر لەو زەوییانە دەربکرێن. حکوومەت ناچار بوو زەوییەکە بکڕێ و

بيداتە داگيركەرەكانى".

ئاژانسى حكوومىى بەرازيلى بۆ چاكسازيى كشتوكاڵى، لەكاتى هەوڵى جووتياران بۆ دەستبەسەرداگرتنى زەوييەك، يان سەركەوتنيان لە دەستبەسەرداگرتنيدا، خۆى دەستى بەسەر هەندێ زەويدا دەگرت. لە نيسانى ١٩٦٤ حكوومەتەكەى سەرۆك گولار رووخێنرا و ترسى گەورە موڵكدارەكانى زەوى لە دەستبەسەرداگرتنێكى گشتيى زەوييەكانى وڵات، لە گرينگترين هۆكارەكانى رووداني ئەو كودەتايە بوو. سەركردەكانى سەنديكاكان گيران و بەند كران.

٤- شكاندنى گەمارۆ

لەكاتى كێشە نێودەوڵەتييەكاندا، رەنگە وڵاتێك هەوڵ بدا پاڵەپەستۆى سياسى بخاتە سەر دژبەرێك لەرێى سەپاندنى گەمارۆ بەسەريدا، تا نەهێڵێ هەندێ مادەى "ستراتيجى"ى خاوەن سروشتى سەربازييانە يان خۆراك و شتى ترى بەدەست بگا. شكاندنى ئەو گەمارۆيە بەمەبەستى گەياندنى خۆراك بە خەڵكە گەمارۆدراوەكە، بەبێ هەڕەشەى بەكارهێنانى ئامرازە سەربازييەكان و بەبێ بەكارهێنانى هێزى سەربازى، رێگەيەكە لە رێگەكانى دەستوەردانى ئابووريى ناتوندوتيژانە، كە لايەنێكى سێيەم بۆ يارمەتيدانى وڵاتێكى گەمارۆدراو پەناى بۆ دەبا.

هەروەها رەنگە هەندێ دەستەى حكوومى و تايبەتيش پەنا بۆ ئەم رێگەيە ببەن.

لەبارێكدا دەوڵەت بەو كارە هەستێ، تەنانەت ئەگەر بەهيچ شێوەيەك پەنا بۆ چەكيش نەبرابێ و هەڕەشەى پەنابۆبردنيشى نەكرابێ، لەوانەيە دژبەرەكە بترسێ لەوەى ئەگەر بەر بە شكاندنى گەمارۆكە بگرێ دووچارى كردەوەى سەربازى ببێ. لە حاڵەتى "گەمارۆ"دا شيمانەيەكى ناوەكى هەيە بۆ روودانى كارێكى توندوتيژانە لەلايەن حكوومەتەوە بۆ پاڵپشتيكردنى

جموجوولێكی ناتوندوتیژانه. ئەم حاڵەتە لە مەسەلەی پردە ئاسمانییەكەی بەرلین لە هەردوو ساڵی ١٩٤٨ و ١٩٤٩دا رووی دا.

پاش ئەو گەمارۆیەی سۆڤیەت بەسەر بەرلینیدا سەپاند، فڕۆكە ئەمەریكایی و بەریتانیاییەكان لە ٢٤ی حوزەیرانی ١٩٤٨ەوە تا ئایاری ١٩٤٩ خۆراك و سووتەمەنی و مادە بنەڕەتییەكانیان بۆ ئەو شارە دابین دەكرد.

جگە لەو پردە ئاسمانییەی هاوپەیمانان، ئەڵمانیەكان خۆیشیان بۆ ماوەی چەندان مانگ ئازووقەیان بۆ بەرلین دەهێنا، ویلیام فیلیپس داڤیدسۆن لە كتێبی "گەمارۆی بەرلین"دا دەڵێ بەهۆی پرۆسەی چاكسازیی دراوەوە، بۆ جووتیارەكانی ئەڵمانیا بەسوود بوو بەرهەمیان زیاد بكەن و بەرلین بكەنە بازاڕی ساغكردنەوە. "بارهەڵگرەكان ئامادە كرابوون بەشێوەیەك خۆیان لە مەفرەزەكانی سۆڤیەت لابدەن، ئارەقیان لە ئەڵمانیای رۆژئاواوە بەناو ئەڵمانیای رۆژهەڵاتدا دەگواستەوە و دەیانگەیاندە رۆژئاوای بەرلین و لەوێ بە نرخێكی كەمێك زیاتر دەفرۆشرا.

لە كاتی هاویندا، هەندێ جار سەوزەی نوێ دەگەیشتە شارەكە و بەنرخێكی زۆر گونجاویش.

لە پایزی ١٩٤٨ سۆڤیەت دەستی دایە گرتنی كەلێنەكانی گەمارۆكە. بەڵام بەشی هەرەزۆری یارمەتییەكان لە رێی ئاسمانەوە دەگەیشتن، كە جگە لە برێكی زۆر خواردن، خەڵووز و ئامێری جۆراوجۆر و مۆلیدەی كارەبایان تێدا بوو. لە ١٦ی نیسانی ١٩٤٩ ژمارەیەكی پێوانەیی تۆمار كرا، كە ئەویش گەیشتنی ٢٤٩٠ تەن شتومەك بوو لە ٢٤ سەعاتدا. لە مانگی نیساندا ٣٣٥ هەزار تەن شتومەك گەیشت".

٥- ساختەکردن بە پاڵنەری سیاسی

ئەم ڕێگەیە بریتییە لە دابەشکردنی دراوی ساختە و موستەنەداتی تر کە بایەخێکی ئابوورییان هەیە لەلایەن وڵاتێکی دوژمنەوە. "مەبەست لەو کارە تێکدانی ئابووریی ئەو وڵاتەیە لەڕێی لاوازکـــردنی دراوەکـــەیەوە، یان دروستکردنی کەشێکی بێ متمانەیە بەرامبەر بە دراوی ئەو وڵاتە" مۆرای تایش بلوم دەڵێ "ساختەکردنی پارەی دوژمن پلانێکە لە زۆربەی جەنگەکاندا کاری پێ کراوە، هەر لە ساڵی ١٤٧٠وە کە دوک میلانۆ گالیازو سفورزا دراوی بوندوقیەی ساختە کرد".

دەڵێن سەرۆک ڕۆزفەڵت داوای لە بەریتانیاییەکان کردووە لە بیرۆکەی ساختەکردنی دراوی ئەڵمانیایی بکۆڵنەوە، بەڵام ئەوان ڕەتیان کردووەتەوە ئەگەرچی ئەو پسوولەی خۆراکەیان ساختە کردبوو کە لەناو ئەڵمانیا بەکار دەهات و لە ساڵی ١٩٤٠ بە فڕۆکە بەریان دایەوە. هەروەها پوولی پۆستەی ئەڵمانیا و فەرەنسای داگیرکراویان ساختە کرد و بەکرێگیراوانی نهێنی و چالاکـــان بۆ ناردنی پروپاگـەندەی دوژمنکارانە لەدژی ئەڵمـــانیـا لەڕێی پۆستەی نێوان هەردوو وڵاتەوە بەکاریان دەهێنا.

هەروەها بلوم دەڵێ ویلایەتە یەکگرتووەکـــانی ئەمـــەریکا دراوی ژاپۆنی ســـاختـــە کـــردووە، بەڵام بەڕێوەبەری نووســـینگەی خـــزمـــەتگوزارییـــە ستراتیجییەکانی ئەمەریکا ئەوەی ڕەت کردەوە.

پاش ساڵی ١٩٤٣ ئەڵمانیا دراوێکی بەریتانیایی ساختەی خستە بازاڕ. ئەو دراوە کـە زۆر بە وردی ســاختــە کـرابوو لە وڵاتانی بێـلایەندا بەکـار دەهێنرا، هەروەها لە ڕێی سـیـخـوڕەکـانیـشـەوە لە وڵاتانی دوژمندا بەکار دەهات. ئەو دراوەی کەمتر وردەکاریی لە دروستکردنیدا کرابوو نێردرا بۆ هاوکار و ناپاکەکان لە وڵاتە داگیرکراوەکاندا، هەرچی ئەو دراوە ساختەیە بوو کـە بە لاوازی ســاختــە کـرابوو لەڕێی فـڕۆکـەوە بەســەر ئاســمــانی

بەریتانیادا بەر دەدرایەوە بەمەستی شپرزەکردنی سیستمی بانکیی بەریتانیا.

پاش ولاتگیرییەکەی هاوپەیمانەکان، دراوی ساختەی بەریتانیایی بەشێوەیەکی بەربلاو لە باکوری ئەفریقیا و پورتوگال و ئیسپانیا و شوێنانی تر دابەش کرا. بانکی ناوەندیی بەریتانیا لە مانگی نیسانی ١٩٤٣ گومانی بۆ دروست بوو. تەنیا لە ساڵی ١٩٤٤دا نازییەکان بەهای نێزیکەی ٢٧٧ ملیۆن و ٥٠٠ هەزار دۆلاری ئەمەریکاییان لە دراوی بەریتانیایی دەست بەسەردا گرت.

بەڵام دۆلاری ئەمەریکایی زۆر کەم ساختە کراوە، ئەویش لە ساڵی ١٩٤٥.

٦- کڕینی شمەک بۆ نەگەیشتنی بە دوژمن

ئەم ڕێگەیە بریتییە لە کڕینی هەندێ مادەی ستراتیجی لە بازاڕەکانی جیهان بەمەبەستی بەرگرتن لەوەی دوژمن ئەو مادانە بکڕێ و بەکاریان بێنێ.

لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا جۆرەها کانزای لە ئیسپانیا و پورتوگال و تورکیا کڕی، بۆ ئەوەی دڵنیا بێ لەوەی ناگەنە دەست ولاتانی جەمسەری میحوەر.

٧- دەستبەسەرداگرتنی شتە بەردەستەکان

یەکێکی ترە لە ڕێگەکانی دەستوەردانی ئابووری، تێیدا شتە بەردەستەکان بلۆک یان زەوت دەکرێن، لەوانە بلۆککردنی حسابە بانکییەکان یان دەستگرتن بەسەر راسپاردەکاندا و ڕێگرتن لە خەرجکردنی سوودە داراییەکان بۆ دوژمن و هتد.

لە تەمموزی ١٩٤١دا هەموو شتە بەردەستەکانی ژاپۆن لە ویلایەتە یەکگرتووەکان بلۆک کران و بەدوای ئەودا بەریتانیا و هۆڵەندایش هەمان

هەنگاویان نا. ژاپۆن پەیماننامەیەکی لەگەڵ هێزەکانی تەوەر (محور)دا لە ئەیلوولی ١٩٤٠ ئیمزا کرد، هەروەها پەیماننامەی بێلایەنیشی لە نیسانی ١٩٤١ لەگەڵ یەکەتیی سۆڤیەت ئیمزا کرد. پاش وڵاتگیریی ئەڵمانیا بۆ رووسیا لە مانگی حوزەیران، ژاپۆن داوای هێزی زیاتری لە حکوومەتی ڤیشیی فرەنسایی لە هندی چینی کرد. قەدەغەکردنی ناردنی هەرجۆرە چەکەمەنییەکی جەنگی بۆ ژاپۆن راگەیەنرابوو، ئەوەیش بەخێرایی کاری لە پرۆسەکانی ناردنی نەوت کرد. تۆماس بایلی نووسی: "لەم هەلومەرجەدا، پرۆسەی بلۆککردنی مەزن وەک تەقینەوەیەک بوو بەلای ژاپۆنییەکانەوە، کاریگەرییەکەی لە دواین هێرشیان بۆ سەر بێرل هاربور زیاتر بوو". لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا بلۆککردنی شتەکانی دوژمن سیاسەتێکی زۆر باو بوو".

پاش خۆماڵیکردنی کۆمپانیای نەوتی بەریتانیای ئێرانی لەلایەن حکوومەتی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٥١، بەریتانیاییەکان بە فەرمانێک هەموو پارەکانی ئێرانیان لە بانکەکانی بەریتانیادا بلۆک کرد تا ئەو کاتەی دۆخی بازرگانیی دەرەکیی ئێران دەگەڕێتەوە باری پێشووی".

٨- خنکاندنی بازاڕ

پرۆفیسۆر شلنگ دەنووسێ و دەڵێ "خنکاندنی بازاڕ بریتییە لە پرۆسەی فرۆشتنی بە بەرنامەی هەندێ شمەک لە بازاڕەکانی جیهاندا بە نرخی داشکاو، بەمەبەستی شکاندنی نرخ و کەمکردنەوەی قازانجەکانی وڵاتێکی تر" هەروەها دەڵێ "ئەم رێگەیە بڵاو نییە، لەبەرئەوەی گران دەکەوێ".

رەنگە هەڕەشەکردن بە خنکاندنی بازاڕ بە بەروبوومە کشتوکاڵییەکان کاریگەریی گەورەی هەبێ، بەتایبەت لەسەر ئەو وڵاتانەی ئابوورییەکەیان بەشێوەیەکی بنەڕەتی پشت بە هەناردەکردنی ئەو بەروبوومانە دەبەستێ. بۆ نموونە وەک فرۆشتنی زەیتی رووسیایی لە ساڵی ١٩٥٠ و فرۆشتنی ئاڵتوون

لە ساڵانی ١٩٥٣ و ١٩٥٤ کە هەندێ پێیان وایە ئامانج دروستکردنی دڵەڕاوکێ و شڵەژان بووە لە ناوەندە داراییە دەرەکییەکاندا.

ئەم کارە پێویستی بە دەستوەردانی حکومەت هەیە بۆ ئەوەی بگاتە ئەنجامێکی خێرا و کاریگەر. بەڵام هەندێ گرووپی تایبەت لە رێی خنکاندنی بازاڕی جیهانی بە لۆکە هەوڵێکی شکستخواردوویان دا بۆ شڵەژاندنی سیستمی ئابووریی ئەمەریکا.

خاتوو کیر درایک نووسی: "هەوڵەکە لەلایەن فیزیاناس مارتن دیلانای و کاهین هنری هایلاند گارنت دامەزرێنەرانی کۆمەڵەی شارستانییەتیی ئەفریقیاوە درا، بە ئامانجی دروستکردنی پاڵپەستۆ بۆ هەڵوەشاندنەوەی کۆیلایەتی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا. دیلانای سەردانی ئەفریقیای کرد و رێکەوتنێکی لەگەڵ دەسەڵاتدارانی یوروپا (کە ئێستە بەشێکە لە نایجیریا) ئیمزا کرد بۆ بەکرێگرتنی زەوییەکانی رەشپێستە ئازادەکان لە ئەمەریکا. پلانەکە ئەوە بوو ئەو رەشپێستانە، ئەفریقیاییەکان فێری چاندنی لۆکە بکەن، تا پاش ئەوە بە نرخێکی هەرزان بازاڕی جیهانی بە لۆکە بخنکێنن، ئەوەیش بنچینەکانی ئابووری لە ویلایەتە باشوورییەکانی ئەمەریکا تێک دەشکێنێ و بەو هۆیەشەوە کۆیلەکان ئازاد دەکرێن و جلوبەرگیان بە هەرزان دەست دەکەوێ و ئەفریقیاییەکانیش دەبووژێنەوە.

پلانەکە کە لە رووی ئابوورییەوە بەریتانیا پاڵپشتی دەکرد، بەهۆی هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆی ئەمەریکاوە شکستی هێنا".

٩- چاودێریکردنی ناوبگیرانە (الرعاية الانتقائية)

زۆر جار چالاکانی ناتوندوتیژ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەبری بایکۆتکردنی هەندێ کۆمپانیا، هانی هەندێ کۆمپانیای تری ناسراویان داوە بەمەبەستی خۆقوتارکردن لە یاساکانی قەدەغەکردنی بایکۆتکردنی

شـمـەکـەکـان لـە ویلایەتە یـەکگرتووەکـان. ئەمـە ناو دەنێین چاودێریکردنی ناوبگیرانە.

ئەم رێگەیە لەپێناو شـاباشکردنی هەندێ کـۆمـپـانیـا بەکـار هـاتووە کـە سیاسـەتیـان لەگەڵ خـەڵکدا گونجاو بووە، لـەکاتێکدا هـەنـدێ پێیـان وایە ئەو سیاسەتە سەرکێشییەکی ئابوورییە.

سـاڵی ١٨٣٤ گـاریسـۆن و کۆمـەڵێک لە بەرهـەڵستـانی جیـاوازیی رەگـەزی بڕیاریان دا مامـەڵە لەگەڵ کەشتیـیەکی هـەڵمیی نەفەربەر بکەن کـە خـەڵکی لە رووباری دیلاوار دەگواسـتەوە، لەبەرئەوەی ئەو کەشـتییە وەک کـەشتییـەکانی تر جیـاکـاریی رەگـەزی نەدەکرد. ئـەو رێگـەیەی کـەشـتـییـەکـە گـرتبـوویە بەر توولانیـتـر بوو، بـەڵام ئەوان هـاندانی سـیـاسـەتی یـەکـخـستن (دمـج)یان هەڵبژارد. رۆژنامەی لیبرایتەر باس لە بۆچوونەکەیان دەکا کە بریتییە لەوەی دەکـرێ رەتکـردنەوەی جـیـاکـاریی رەگـەزی و قـبـووڵکردنی یـەکـخـستن، "بەشێوەیەکی بەرفراوان لەلایەن بەرهەڵستانی کۆیلایەتییەوە پێڕەو بکرێ... ئەو کاتە بەربەستە رەگەزپەرستانەکان بەخێرایی لەناو دەبرێن".

کـاتـێ هـاوڵاتیـیـانی وڵاتێک بۆ ئازادبوون لـە ژێردەسـتـەیی وڵاتێکی تری داگیرکـەر خـەبات دەکەن، یەکێک لە ئامـرازەکانیان هـەڵمەتی پاڵپشـتکردنی بەروبـوومـی نیـشـتـمـانیـی وڵاتەکـەیانە. ئەمـە رووی دووەمی بـایکۆتکـردنی ئابوورییە، لەگەڵ بوونی جیاوازییەکی زۆریش لەنێوانیاندا.

ئامـانجی "چـاودێریکردنی ناوبگیـرانە" تەنیـا لاوازکـردنـی ئابووریی دوژمن نییـە، بگرە بنیـاتنانی ئابوورییـەکی سـەربەخـۆیشـە. رەنگە ئەوە هـەنگاوێکی پێویست بێ بەرەو سەربەخۆیی تەواو.

ئەمـە لە گرینگترین ئەو ملمـلانێیانە بوو کـە نیشـتـەجێ ئەمـەریکاییـەکان پێش سـاڵی ١٧٧٥ کردیان. سـاڵی ١٧٦٥ هـەڵمـەتێک بۆ هاندان و پەرەپێدانی بەروبوومی ئەمەریکایی لە بەرامبەر بەروبوومەکانی بەریتانیا دەستی پێ کرد.

لەگەڵ ئەوەی ئەم سیاسەتە لەکاتی خۆیدا دەستی پێ نەکرد، بەڵام ئەم جموجووڵە بەهۆی نامیلکەیەکی دانیاڵ دولانیوە تەکانێکی گرینگی دا کە تێیدا دەڵێ "بە پاڵپشتیکردنێکی رژدی کارگە ئەمەریکاییەکان، ئەنجامی سەرکوتکردنەکە بەسەر دانیشتوانی بەریتانیا خۆیدا دەشکێتەوە، دەستبەجێش..".

چەندان کۆمەڵە بۆ هاندانی پیشەسازیی ناوخۆیی و کڕینی بەرهەمی ئەمەریکایی لەبری ئینگلیزی دروست بوون. تایبەتمەندییەکانی بەروبوومە ناوخۆییەکان لە رۆژنامەکان بڵاو دەکرانەوە. بەم شێوەیە بەرهەمی کارگە ئەمەریکاییەکان زیادی کرد، بەتایبەتی بەرهەمهێنانی کەتان لە فیلادلفیا و نیویۆرک..

گاندی لەکاتی خەباتەکەیدا دژ بە یاسای بەریتانیایی لە هیندستان، یەکێک لە گرینگترین ئامرازەکانی بەهێزکردنی بەرهەمی هیندی و هاندانی هیندییەکان بوو بۆ بەکاربردنی بەرهەمەکانی خۆیان. ئەم تیۆرە پەلوپۆی زۆری فەلسەفی و ئابووری و سیاسی لێ دەبێتەوە. گاندی ئەم رێگەیەی لە بایکۆتکردنی ئابووری پێ باشتر بوو کە بە تۆڵەکردنەوەی دادەنا. هەروایش دەرچوو، ئەم رێگەیە بەشداری کرد لە بنیاتنانی ئابووری و سەربەخۆیی هیندستان و وابەستەیی ئابووری بە دەرەوە کەم کردەوە.

لە ئەمەریکا زۆر جار یەکەتییە پیشەییەکان پێداگرییان دەکرد لەسەر هاندانی ئەو بەروبوومانەی دروشمی یەکەتییەکە هەڵدەگرن، تا بەوە کرێکاران کرێیەکی زیاتریان دەست بکەوێ و هەلومەرجی کارکردنیش باشتر بکرێ.

مایەرز ولایدلەر پێناسەی دروشمی یەکەتییەکە دەکا بەوەی "دروشمێکە کاری رێکخراو بۆ هاندانی پاڵپشتیکردنی ئەو بەروبوومانەی بەسەرپەرشتی یەکەتییەکە دروست کراوە، پەرەی پێ داوە". ئەو دروشمە لەسەر

بەروبوومەکە دەدرێ، ئەگەر گونجا، یان لەسەر قوتووەکەی یان هەر شتێکی لەو شێوەیە. بوونی دروشمەکە نیشانەی ئەوەیە ئەو شمەکە بەپێی مەرجەکانی یەکەتییەکە دروست کراوە.

١٠- بازاڕە جێگرەوەکان

بازاڕە ناشەرعییەکان یان "بازاڕی رەش" کە لەکاتی جەنگ و لە سایەی داگیرکردندا گەشە دەکەن، بەگشتی بە کارێکی هەلپەرستانە و خاوەن ئامانجی خۆپەرستانەیە. بەلام لە هەندێ حالەتدا کەنالەکانی کڕین و فرۆشتنی خواردەمەنی دەبێتە یەکێک لە ئامرازەکانی دەستوەردانی ئابووریی ناتوندوتیژانە. جگە لە دابینکردنی پێویستییەکانی خەڵک و رێ نەدان بەوەی شمەکەکە بکەوێتە دەست دوژمن، بازاڕە بەدیلەکان واتایەکی سیاسیی گرینگیان هەیە، چونکە دەکرێ لەڕێی پارێزگاریکردن لە چەند کەناڵێکی دابەشکردنی سەربەخۆوە بەرەنگاری رژێمێکی تۆتالیتاری بکرێ، کە هەوڵ دەدا دەست بەسەر ژیانی ئابووریدا بگرێ.

لەکاتی داگیرکردنی نەرویج لەلایەن ئەڵمانیاوە ئەم رێگەیە بەکار هێنرا. جایمسون دەڵێ: وەرەی بەرز بە روونی لە شێوەی بەرێوەچوونی بازاڕی رەشدا دەردەکەوت. خۆی دەبوو بەرهەمهێنەرانی مادە خۆراکییەکان بەرهەمەکانیان بەتەواوی رادەستی بریکارەکانی دابەشکردنی حکوومەت بکەن، بەلام لە راستیدا توانییان بەشێکی زۆری لای خۆیان بهێڵنەوە. بەلام پێچەوانەی ئەوەی لە ولاتانی تردا باوە، ئەو شمەکانە بەنهێنی بە نرخێک دەفرۆشران بەحاڵ لە نرخە رەسمییەکەی تێدەپەڕاند، خاوەن کارەکان ئەو شتانەیان دەکڕی بۆ فەرمانبەر و کرێکارەکان. کڕیار هیچ قازانجێکی لە کڕین و فرۆشتنەکە دەست نەدەکەوت، هەر بۆیە بازاڕە رەشەکە بەپێچەوانەی ئەوەی لە ولاتانی تر رووی دەدا، هیچ کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر وەرەی خەڵک نەبوو. پاش نەمانی داگیرکردن بازاڕە رەشەکانیش وەستان.

١١- تۆڕی گواستنەوەی جێگرەوە

لە حاڵەتەکانی بایکۆتکردنی تۆڕی گواستنەوەی گشتی، تۆڕێکی جێگرەوە دروست دەکرا. ئەمە لە مۆنتگمری-ئالاباما رووی دا.

مارتن لۆسەر کینگ دەڵێ: "لە سەرەتای نارەزاییەکاندا کێشەی گواستنەوە زۆربەی بایەخەکانمانی بۆ خۆی بردبوو". لە رۆژە بەراییەکاندا کۆمپانیاکانی تەکسی رەشپێستەکان نەفەریان بە ١٠ سەنت دەگواستەوە، بەڵام یاسایەک دەرچوو لای خواری کرێی تەکسی بە ٤٥ سەنت دیاری کرد. چالاکانی ناتوندوتیژ لەو کاتەدا بڕیاریان دا پاسی تایبەت دابین بکەن کە خۆبەخشانە خەڵک بگوێزنەوە. تۆڕە گواستنەوە نوێیەکە لە ٤٨ پاس و ٤٢ وێستگە پێکهات. کینگ دەڵێ: "لە چەند رۆژێکدا وای لێهات تۆڕەکە بە شێوەیەکی سروشتی کاری دەکرد، ئەوەیش سپی پێستەکانی حەپەساند".

لە ساڵی داهاتوودا ١٥ قاتیرەی نوێ داهێنران و چوونە پاڵ تۆڕە نوێیەکە. بەرپرسانی کۆمپانیاکانی گواستنەوە ئەم تۆڕە بەدیلەیان بە کێشەیەکی راستەقینە لە قەڵەم دا. دڵنیایی لەسەر ئۆتۆمبێلەکانی ئەم تۆڕە هەڵوەشێنرایەوە، هەروەها دادگە بەکارهێنانی ئەو هۆیانەی قەدەغە کرد، بەڵام بڕیاری دادگەی باڵا بەهۆی یاساکانی ویلایەتی ئەلاباما و سیستەمی کۆمپانیاکانی گواستنەوە رەگەزپەرستانە و نادەستوور بڕیارەکانی ویلایەتەکەی پووچەڵ کردەوە.

١٢- دامەزراوە ئابوورییە جێگرەوەکان

هەموو ئەو دامەزراوە ئابوورییانەی کە چالاکانی ناتوندوتیژ پێکیان دێنن ناتوانرێن بە ئامرازی دەستێوەردانی ئابوورییانەی ناتوندوتیژانە دابنرێن، مەگەر ئەو کاتەی ئەو دامەزراوانە لە کاتی کێشەکەدا وەک ئامرازێک بۆ بەدەستهێنانی هێز و هەژموون بەکار بێن. دەکرێ ئەم دامەزراوە نوێیانە

بەرهەمهێنان و خاوەندارییەتی و دابەشکردنی مادە ئابوورییەکان بگرنە خۆ. هەروەها دەکرێ ئامانج لەوە جگە لە لایەنە ئابوورییەکە، کۆمەڵایەتی و سیاسیش بێ.

کاتێ هەرەوەزییەکانی بەکاربەران یان بەرهەمهێنەکان دەکەونە کێشە لەگەڵ پیشەسازییە سەرمایەدارییەکان، یاخۆ ئەو پیشەسازییانەی موڵکی دەوڵەتن، یان لەکاتی پەرەپێدان و فرەوانکردنی هەرەوەزییەکان تا جێی سیستمە ئابوورییە ئاراکە، یان بەشێکی بگرێتەوە، ئەوە بە دەستوەردانێکی ئابووری ناتوندوتیژانە دادەنرێ.

با ئەو کارە بە نموونە وەرگرین کە کۆمپانیای هەرەوەزیی سویدی Koopeative Forbundet پێی هەستا پاش شکستهێنانی لە دابەزاندنی نرخی "کەرە" لە رێی بایکۆتکردنی بەرهەمی کارگە گەورەکانەوە. ئەو کۆمپانیایە پاڵپشتیی کارگەیەکی بچووکی بەرهەمهێنانی کەرەی کرد، ئەنجا کارگەیەکی گەورەی دروست کرد بە ئامانجی ئەوەی بە نرخێکی کەم بخرێتە بازاڕ. ئەنجامەکەیش ئەوە بوو نرخی کەرە بە رێژەی ٦٠٪ دابەزی و ساڵانە نێزیکەی ٢ ملیۆن دۆلاری بۆ بەکاربەران پاشەکەوت کرد.

لەنێوان ساڵانی ١٩٢٠ تا ١٩٣٠دا ئەم هەرەوەزییانە ژمارەیەک کارگەیان کڕی یان دروست کرد بۆ دروستکردنی بەرهەمی نوێ، وەک گڵۆپی کارەبایی و تایە و پەین و فەخفووری و کەرەستەی بیناسازی. هەر کات دەگەیشتە ١٥٪ی بازاڕ، قۆرخکردنی نرخەکانی تێکدەشکاند.

پاش ساڵی ١٨٩٠، لە ئیتاڵیا لقی "چاکە و ئابووریی مەسیحی"ی سەر بە رێکخراوی کاسۆلیکییەتی ئیتاڵیایی چالاک Opera dei Congressi تۆڕێک لە هەرەوەزی و یەکەتیی جووتیاران و کۆمەڵەی دۆستایەتی و دەزگای دڵنیایی و پێدانی پێشینەی کشتوکاڵی دامەزراند. ئەم تۆڕە بەشێوەیەک فراوان بوو کە بوو بە حاڵەتێکی کاسۆلیکیی نوێ کە لەنێو داروپەردووی لیبرالیزمەوە

سەری هەڵدا.[٢٢٥] ساڵی ١٩١٢ لقەکە ٣٦٠ هەزار ئەندامی هەبوو.

هەرەوەزییەکانی جووتیارانی باشووری ئەلاباما کە ساڵی ١٩٦٧ پیاوە دێرینەکانی "کاروانی سەلما بۆ مافە مەدەنییەکان" بەشداری لە دامەزراندنیدا کرد، لە رێی کەناڵە هەرەوەزییەکانەوە پرۆسەیەکی خستنەبازاڕی شمەکی جێبەجێ کرد. مایکڵ مایڵز لە رۆژنامەی نیو ریپۆبڵیکدا نووسی: "ئەم هەنگاوە بووە مایەی شڵەژاندنی سیستەمی ژێربارخستنی جووتیاری رەشپێست، کە رێگەی دەدا بە ناسینی بەرهەمی هەر جووتیارێک، جا لەلایەن خاوەن قەرزەکەیەوە دەستی بەسەردا دەگیرا.."

هەندێ رێکخراوی تری باشووری سەر بە رەشپێستەکان دەستوەردانی ئابوورییان کرد، لەوانە "کۆمپانیای خەڵکی هەژار" لە جاکسۆن-میسیسیپی، هەروەها یەکەتیی هەرەوەزییەکانی باشوور و کۆمپانیاکانی کراوفۆردڤیل لە فلۆریدا. زۆربەی جار ئەم رێکخراوانە بەرەنگاریی گەورە دەکران.

ئێستە دەچینە سەر قسەکردن لەبارەی رێگەکانی دەستوەردانی سیاسی.

## دەستوەردانی سیاسی

دواین جۆر لە ڕێگەکانی دەستوەردانی ناتوندوتیژانە ٧ ڕێگە لەخۆ دەگرێ کە مۆرکێکی سیاسیی پەتییان هەیە. پێنجی یەکەمیان هاووڵاتیان بەکاریان دێنن چ وەک تاکەکەس یاخۆ وەک کۆمەڵە گرووپی بچووک یان گەورە. ئامانجیان پەکخستنی کاری دەستە ئیداری و حکومییەکانە. ڕێگەی شەشەم فەرمانبەرانی ڕەسمیی حکوومەت پێڕەوی لێ دەکەن. ڕێگەی حەوتەمیش دەخوازێ هاووڵاتیان لایەنديی خۆیان بۆ حکوومەتێکی نوێ و ڕکابەری حکوومەتی ئارا رابگەیەنن.

هەموو ئەم ڕێگەیانە بە جیاوازیی پلە و ئامرازەکانیانەوە، دەستوەردانێکن بەمەبەستی پەکخستنی کاری حکوومەتی دژبەر، تا دەگاتە گژبەریکردنی بوونی ئەو حکوومەتە.

١- شەکەتکردنی دەزگا ئیدارییەکان

دەتوانرێ لە چەندان ڕێوە پاڵەپەستۆ بخرێتە سەر سیستمی ئیداریی حکوومەتەکان، وەک ئەوەی زانیارییەکی زۆریان بدەیتێ کە لە پسپۆڕیی ئەوان نەبێ، یان ژمارەیەکی زۆر داواکارییان ئاراستە بکرێ، یان لە لافاوێک پێشنیاز و نارەزایینامە و شایەتیدا نوقم بکرێن.. بەرەنجامی هەموو ئەمانەیش پەکخستنی کارە ئیدارییەکان و سستکردنی کاری ڕۆژانەی ئەو دەزگایانەیە.

ئەم جۆرە جموجووڵە زیاتر لەگەڵ ئەو دەزگایانەدا دەگونجێ کە پێداچوونەوەی هەمیشەیی بە زانیارییەکانی تایبەت بە فەرمانبەران و

کاروباری تری ئیداری بەشێکە لە کرۆکی کارەکەیان، هەروەها لەگەڵ ئەو دەزگـایانەی ملکەچی سیستم و یاساگەلێکی ئاڵۆزن کە قابیل بە پێداچوونەوە و گۆڕانکارییە.

ئەم رێگەیە لە ساڵی ١٩٧٠ لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لەلایەن بزووتنەوەی بەرهەڵستی جەنگەوە پێڕەو کرا. لەو کاتەدا حکوومەت داوای لە هاووڵاتیان کرد زانیارییە کەسییەکانیان پێشکێش بکەن.

خاتوو ترۆدی یۆنگ گوتەبێژ بەناوی "لێژنەی نوێی ئامادەسازی لەپێناو کۆتاهێنان بە جەنگی ڤێتنام" لە رۆژنامەی نیویۆرک تایمز نووسی: "داوا لە هاووڵاتیان کرا لە ماوەی دە رۆژدا لەبارەی هەر گۆڕانێک لە ناونیشان یاخۆ دۆخی کەسییان، بە ئاین و باری عەقڵی و هەر شتێکی تریشەوە ئاگەداری بدەن. دەمانەوێ هەمووان زۆر بە جدی مامەڵە لەگەڵ ئەم یاسایەدا بکەن و لەبارەی هەر گۆڕانکارییەک، چەندە بچووکیش بێ و تەنانەت ئەگەر پێوەندی بە ژن و دایک و هاورێکانیشیانەوە هەبێ، ئاگەداری بدەن. دەبێ بەڵگەنامە پێوەندیدارەکان لەبارەی هەموو بابەتەکان بنێرن. بەم شێوەیە ئیدارە ناتوانێ لەژێر ئەم پاڵەپەستۆ گەورەیەدا کارەکانی تەواو بکا".

رۆژنامەکە لە زاری گوتەبێژێکی ئیدارە تایبەتەکەوە دەگوێزێتەوە کە دەڵێ هەزاران نامەمان بەدەست گەیشتووە، تێیدا خاوەنەکانیان باس لەوە دەکەن تەمەنی ئاسایی خزمەتی سەربازییان تێپەڕاندووە. "جا خودا یارمەتیمان بدا".

لە مانگی حوزەیرانی ١٩٧٠ لە ماساشوسیتس و پاش پەلاماردانی کۆڵۆمبیا لەلایەن ویلایەتە یەکگرتووەکانەوە و ئەو ناڕەزاییانەی بەدوایدا هات، عەقید پول فینای بەرپرس لە خزمەتی سەربازیی ناوبگیرانە، لە باسکردنی ئەو لافاوە نامانەی گەیشتوونەتە نووسینگەکەی دەنووسێ و دەڵێ: بۆ نموونە لە هەندێ نامەدا هاتووە "دۆخم گۆڕاوە، لە نهۆمی یەکەمەوە

گواستوومەتەوە بۆ نهۆمی سێیەم". یان "من دەچم بۆ ئەوروپا". پاش چەند رۆژێک نامەیەک لە هەمان کەسەوە دەگا تێیدا دەڵێ: "رام گۆڕا، ناچم بۆ ئەوروپا".

یەکێک لە فەرمانبەرانی رەسمیی ویلایەتەکە دەڵێ هەزار فەرمانبەر تەرخان کراون بۆ خوێندنەوەی پۆستەکان و کاتی خۆیان بەبێ سوود بەفیڕۆ دا. بەرپرسانی ئیدارەکە داوای ٧٠٠ هەزار پلیتی پۆستەیان کرد تا بەخێرایی و بە شێوەیەکی یاسایی وەڵامی ئەو هەموو نامەیە بدەنەوە.

٢- ئاشکراکردنی ناسنامە بەکرێگیراوە نهێنییەکان

کاتێ ناسنامەی ئەندامانی پۆلیسی نهێنی یاخۆ بەکرێگیراوانی سیاسیی نهێنی ئاشکرا دەکرێ، ناویان و هەندێ وردەکاری تر بڵاو دەکرێتەوە، بۆ نموونە وێنەیان و ئیتر مەحاڵ دەبێ بتوانن لە چالاکییەکەیان بەردەوام بن.

ئەمە بەسەر ئەو بەکرێگیراوە سیاسییانەیشدا جێبەجێ دەبێ کە هەوڵ دەدەن خۆیان بخزێننە ناو رێکخراوەکانی بەرگرییەوە. ئەمە زیاتر لەو وڵاتانەدا رووی داوە کە نازییەکان لەکاتی جەنگی جیهانیی دووەمدا داگیریان کردن.

لەو رێگایانەی هاوشێوەی ئەمەن، بڵاوکردنەوەی ناوی کۆیلەدارەکان و ناونیشانەکانیان بوو کە بە دوای کۆیلە هەڵاتووەکانیاندا دەگەڕان و پێشتر ناومان نا راوەدوونانی ناتوندوتیژانە (الملاحقة اللاعنفية). چالاکە ناتوندوتیژەکان لە هەموو جێیەک پۆستەراتیان هەڵدەواسی و تێیاندا وەسفی کۆیلەگرەکانیان دەکرد.

ئەم کارەی دوایی دەچێتە خانەی ئاشکراکردنی ناسنامەی بەکرێگیراوە نهێنییەکان. ساڵی ١٨٥٠ دوو کۆیلەگر گەیشتنە بۆستن بۆ گرتنی ولیام و ئەلین کرافت، پاش بڵاوبوونەوەی ناونیشانەکانیان و مەرامی سەردانەکەیان،

جموجووڵیان بەتەواوی لەقاڵب درا و سەرەنجام ناچار بوون شارەکە بەجێ بێڵن.

ساڵی ١٩٦٩ رۆژنامەی لۆس ئەنجلس فری پرێس ناوی ٥٠ بریکاری مادەی هۆشبەری بڵاو کردەوە بە ناونیشان و ژمارەی تەلەفۆنەکانیانەوە. رۆژنامەکە ئەو هەنگاوەی خۆی بە کارێکی سیاسی لەقەڵەم دا بەڵام بەرپرسان بۆچوونێکی جیاوازیان هەبوو. داواکاری گشتیی کالیفۆرنیا فەرمانێکی لە دادگەوە بەدەست هێنا بۆ قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەی بەڵگەنامەی "نهێنی". لە ئەنجامی ئەوەیشدا ئەو بریکارانەی رۆژنامەکە ناوی زڕاندبوون داوای یاساییان لەسەر رۆژنامەکە بەرز کردەوە و داوای نێزیکەی ٢٥ ملیۆن دۆلار قەرەبوویان کرد، هەروەها داوکاری گشتیش بەناوی ویلایەتەکەوە سکاڵای لەسەر رۆژنامەکە تۆمار کرد.

٣- هەوڵدان بۆ چوونە زیندان

گیران لەکاتی یاخیبوونی مەدەنیدا ئەنجامێکی دووەمییە بۆ پرۆسەی بەزاندنی ئاشتیانەی یاسا. بەڵام رەنگە بەلای چالاکە ناتوندوتیژەکانەوە زیندان خۆی ئامانجێکی بنچینەیی بێ، بەتایبەت کاتێ ژمارەیەکی زۆر خەڵک بگرێتەوە. دوور نییە چالاکان بەئەنقەست یاساشکێنی بکەن تا بچنە زیندان و رەنگە ئەگەر پۆلیس نەیانگرێ خۆیان داوا بکەن بیانگرن تەنانەت ئەگەر لەکاتی یاساشکێنییەکەدا لەوێش نەبووبن. ئامانج لەوەدا ئەوەیە زیندانەکان جمەیان بێ لە خەڵک.

چالاکەکان بەگشتی بۆ دەربڕینی پاڵپشتییان بۆ هاوەڵە گیراوەکانیان داوا دەکەن ئەوانیش بگیرێن. یان رەنگە مەبەست پەکخستنی کاری دادگەکان یان پڕکردنی زیندانەکان بێ، یان بیانەوێ پروپاگەندەیەکی گەورە بۆ بەرگری بکەن. لەکاتی مانگرتنی مامۆستایان لە نەرویج لە ساڵی ١٩٤٢ و پاش ئەوەی پەناگیرەکانی ناو قوتابخانەی ستابک

دەستگیر کران، مامۆستایانی تریش کە لە قوتابخانەکە نەبوون، روویان کردە بەندیخانەکە و داوایان کرد ئەوانیش بگرن.

لە کانوونی دووەمی ١٩٥٩ ئافرەتانی لایەنگری دکتۆر باندا فەرمانی بڵاوەکردنیان رەت کردەوە و بەرەو بارەگای حکوومەت چوون بۆ ئاگەداربوون لە ئەنجامی گفتوگۆکانی دکتۆر باندا و حاکمەکە. پۆلیس دای لە یەکەم ئافرەت لە پێشەوە، بەڵام رێپێوانەکە نەوەستا.. لە کۆتاییدا پۆلیس ژمارەیەکی لێیان دەستگیر کرد، ئەوانیتر ناڕەزاییان دەربڕی و پێداگرییان کرد کە هەمووان بگرن، هەر بۆیە پۆلیس هەمووانی گرت کە ٣٦ ئافرەت بوون.

ساڵی ١٩٥٩ لە فەرەنسا، کۆمەڵێک لە بزووتنەوەی کاری مەدەنیی ناتوندوتیژانە روویان کردە گرتووخانەی "توول" کە ژمارەیەک ئەفریقیایی باکور بەبێ دادگەییکردن گیرابوون. ئەو چالاکانە داوایان کرد ئەوانیش بگیرێن تا ببنە شایەت لەسەر پێشێلکردنی ئابڕووبەرانەی دادپەروەری.

ساڵی ١٩٦١ لە چوارچێوەی شەپۆلی رێپێوانەکانی دژ بە جیاکاریی رەگەزی لە هۆیەکانی گواستنەوەدا، چالاکانی ناتوندوتیژ بە یاوەریی ژمارەیەکیش خۆبەخش گرتووخانەکانی میسیسیپییان پڕ کرد "تا کارێک بکەن کردەوە رەگەزپەرستانەکان گران و بێزارکەر بێ بە رادەیەک ناچار بن دەستبەرداری بن". لافاوی گیراوەکان تەنیا لە شاری جاکسۆن-میسیسیپی یەک ملیۆن دۆلاری تێ چوو.

جایمس پیک کە لەو کاتەدا یەکێک بوو لە گرینگترین چالاکەکان گوتی ئامانج لەم جۆرە چالاکییە "دەرخستنی ئەو ستەمەیە کە لە گرتن بەهۆی ناڕەزایی دەربڕین دژ بە جیاکاریی رەگەزیدا خۆی حەشار داوە. باشتر بوو لە زینداندا بمێنیتەوە تا غەرامە بدەیت یاخۆ بە کەفالەت دەربچیت".

لە ٢٥ی ئاداری ١٩٦٠ و پاش چوار رۆژ لە تەقەکردن لە خۆپیشاندەران لە شاری ڤیل، فیلیپ کۆسانا سەرکردایەتیی رێپێوانێکی کرد کە ١٥٠٠

ئەفریقیایی تێیدا بەشدار بوون و گەیشتە بنکەی پۆلیس لەنێزیک کاپتاون و داوای کرد خەڵکەکە هەموویان بگرن، بەڵام پۆلیس رازی نەبوو.

لەکاتی دادگەییکردنی شەش ئەندامی "لێژنەی سەد" لە بەریتانیا لە ساڵی ١٩٦٢، چەند ئەندامێکی تری لێژنەکەیش داوایان کرد بگیرێن چونکە وەک هاوڕێکانیان گوناهبارن.

لە شوباتی ١٩٦٤ ئافرەتان لە رۆدیسیای باشوور نارەزاییان دەربڕی لەدژی خاوخلیچکیی حکوومەت لە دابینکردنی رێگە و بان و پرد و قوتابخانە لە ناوچەی تاندا... لەنێو ١٧٢ ئافرەتی گیراودا، ١٥٠یان قایل نەبوون هیچ غەرامەیەک بدەن و مانەوە لە بەندیخانەیان هەڵبژارد. پاش ئەوە ٣٠٠ ئافرەتی تر روویان کردە هۆڵی دادگەکە و داوایان کرد بیانگرن، ٣٠٠ ئافرەتی تریش بۆ هەمان مەبەست بەدوایاندا هاتن.

٤- سەرپێچیکردنی یاسای "ناستەمکارانە"

وا باوە یاخیبوونی مەدەنی یاخیبوونە لە یاساگەلێک کە بە نادادپەوەر و نارەوا دادەنرێن. بەڵام چالاکانی ناتوندوتیژ لەوانەیە سەرپێچی و چاوپۆشی لە هەندێ یاسا بکەن کە رەنگە ستەمکارانەیش نەبن. ئەوەیش بەگشتی لە قۆناغە پێشکەوتووەکانی جموجووڵی شۆرشگێرانەی ناتوندوتیژانەدا دەبێ، وەک لە هندستان لەژێر داگیرکردنی بەریتانیادا رووی دا، یان لەو حاڵەتانەی تێیاندا ناکرێ راستەوخۆ سەرپێچیی یاسا پێوەندارەکانی کێشەکە بکرێ، وەک بۆ نموونە لە پرسی چەکە ناوکییەکانی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٦٢.

لە دەوڵەتانی نوێدا یاساکان دانراون بۆ یارمەتیدانی حکوومەتەکان لە مومارەسەکردنی دەسەڵاتی خۆیان و رێکخستنی کاروباری گشتی و تەواوکردنی کارەکان. ئەو یاسایانە هیچ رۆڵێکی ئەخلاقییان نییە و لێرەشەوە بە ستەمکارانە و ئامرازی سەرکوتکردن دانانرێن و زۆر جار ئەو

یاسـایانه بۆ ڕێکخـسـتنن. لەبارێکدا ناکرێ یاخـیـبـوونی مـەدەنی دژ بەو یاسـایانە بێ کـە ئازاردانـی ئەوانی تر قـەدەغـە دەکـەن، ئەوا ئەو یاسـایانە دەگرێتەوە کە "بێلایەن"ن. هەر بۆیە "یاسا تەنیا لەبەرئەوە سەرپێچی ناکرێ کە ستەمکارانەیە، بەڵکو لەبەرئەوەیشە کە ئەو کارە یاخیبوونە لە حکوومەت، یاخۆ گوزارشتێکی بەهێزە بۆ ڕەتکردنەوەی واقیعی حاڵ".

گاندی پێی وابوو ئەم جۆرە یاخیبوونە پاساوی هەیە، هاوکات پێی وابوو "چەکێکی زۆر مـەترسـیـدار"یشـە و پێداگری دەکا پێویسـتـە ئەم کـارە هەڵپـەسـێـرێ ئـەگـەر هـاتوو دۆخـی دژبەر تێک چوو، لەبەرئەوەی ئامـانج بێزارکردنی دژبەرەکە نییە بگرە هەوڵی قایلکردنیەتی. بەڵام کاتێ حکوومەت بە ڕادەیەک سـتـەمکار بێ کـە گـوێڕایەڵیکردنی نەشـیـاو بێ ڕووخـاندنی حکوومەت دەبێتە ئامانج، ئەو کاتە ئەم جۆرە کارە پاساودارە.

گـاندی پێی وابوو لەو کـاتەدا سـەرپێـچـیکردنی ئەو یاسـایانە زیانی بۆ خەڵک نابێ، بگرە هەڵوەشاندنەوەی حکوومـەت خێرا دەکا، نەخـاسـمـە ئەگەر جموجووڵەکە لە ئاستێکی فراواندا بەڕێوە بچێ.

هەڵمەتە هندییەکە لە هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا چەندان جار نێزیک کەوتەوە لە بەدیهێنانی ئەم ئامانجە.

٥- بەردەوامیی کار بەبێ هاوکاری

پوختـەی ئەم ڕێگەیە ئەوەیە کرێکارانی مـەدەنی و فەرمانبـەرانی حکوومەت و هاووڵاتییانی ئاسـایی لەکار بەردەوام دەبن و درێژە بە جێبەجێکردنی ئەو پلان و بەرنـامـە دەدەن کـە بەپێی یاسـا دانراون، بەچاوپۆشین لەو دژە ڕێکارانەی کودەتاچییەکان یان هێزێکی بیانیی ولاتگیر دەیانگرنە بەر. ئەم ڕێگەیە لەوەدا لە هاوکارینـەکردنی سیاسی جودایە کە لەسەر بەردەوامبوون لە کار وەستاوە نەک ڕاگرتنی، بەڵام ئەو کارانەی یاسایین و خەڵک پێیانەوە پابەندن.

دکتۆر تیودۆر ئیبرت لە شیکردنەوەی ئەم ڕێگەیەدا دەڵێ: "جموجووڵێکی ناتوندوتیژانەیە لەپێناو بەرگریی نیشتمانیدا". هەروەها دەڵێ: "لەسەر هەر هاووڵاتییەک پێویستە لەسەر کارەکەی بمێنێتەوە و بەپێی یاسا و نەریتەکانی وڵاتەکەی ئەنجامی بدا تا لە رووی فیزیکییەوە لەلایەن هێزەکانی داگیرکەرەوە دوور دەخرێتەوە. پێویستە لە هیچ ئاستێکدا دان بە شەرعییەتی داگیرکەر و وڵاتگردا نەنرێ و گوێڕایەڵی نەکرێ.

پێویستە بەرگری لە دەستوور و یاساکانی وڵات بکرێ و ئەوانە بە شەرعی دابنرێن و فەرمانەکانی داگیرکەران پشتگوێ بخرێن و بە کەسانێک دابنرێن کە سەرپشک نەکراون دەست بخەنە یاسای ناوخۆی وڵات.. لەسەر هەر پەرلەمانتار و وەزیر و فەرمانبەر و هاووڵاتییەکی ئاسایی پێویستە لە سایەی داگیرکردندا سەربازێک بێ و پارێزگاری لە ڕۆڵی خۆی لە کاردا بکا. پێویستە بەگشتی زیاتر پێداگری لەسەر بەردەوامیی سیستەمە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکە بکرێ، نەک وازهێنان و مانگرتن.

هەروەها ئەم ڕێگەیە پێویستی بە پارێزگاریکردنی خۆویستانە هەیە لەسەر ڕۆڵی کۆمەڵایەتیی هەر تاکێک هەریەکە و بەپێی دۆخی یاسایی خۆی.."

پرۆسەکانی بەڕێکردنی فەرمانبەران و کرێکاران کە دەسەڵاتدارانی "نوێ" پێی هەڵدەستن فەرامۆش دەکرێ و خەڵک بەشێوەیەکی ئاسایی دەچنە سەر کارەکانیان، تا بە زەبری هێز لەوە قەدەغە دەکرێن.

کاتێ سەرکردەیەک لادەدرێ، ئەرکی جێگرەکەی یان نوێنەرە شەرعییەکەیەتی بچێتە جێگەکەی. لەبارێکدا ئەم جێگرەوەیش نەبوو، لەسەر بەردەست و یاریدەدەرەکانی پێویستە لەسەر بەرپرسیاریەتیی خۆیان هەڵسوکەوت بکەن بۆ ئەوەی ڕێگە لە جێبەجێکردنی فەرمانەکانی زەوتکەرانی دەسەڵات بگرن.

ئیـبـێـرت دەڵێ: ئەم ڕێگەیە "کـێـشـەی تەکنیکی و دەروونیی زیاتر بۆ زەوتکەری دەسـەڵات دروست دەکـا لـەوەی بەهـۆی مـانگرتنەکـان یاخـۆ ملکەچکردنی خـۆویسـتـانەوە بۆی دروست دەبێ"، چونکە دەرفـەتی هاوکاریکردن کـەم دەکاتەوە و دژبەر ناچار دەکا بەرەنگاری ئەو کەسانەی نەبێتەوە کە خۆیانیان بە شوێنەکانیانەوە شەتەک داوە، یاخۆ ناچاری دەکا ئیدارەکە هەمووی بگۆڕێ، ئەوەیش کارێکی قورسە. هەروەها لە مەترسیی ڕوودانی بۆشـایی کـۆمـەڵایەتی و ئابووری لە ئەنجامی مـانگرتنی گشـتیی تووڵانی کەم دەکاتەوە.

دواجاریش، پەنابردن بۆ ئەم ڕێگەیە پەسەندیی ئەو ئامانجە دەسەلمێنێ کە کێشـەکەی لەپێناودا دروست بووە، کـە ئەویش "پێداگـرتنە لەسـەر مـافی کۆمەڵگە لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی دوور لە دەستێوەردانی دەرەکی".

لێـرەدا ئـامـاژە بەوە دەکـەین کـە لە ئایاری ١٩٤٣ لە هۆڵەندا لـەکـاتی داگیـرکردنی نازیدا ڕووی دا، ئەگەرچی جێبەجێکردنی ڕێگەکە جیاوازە لەوەی لەسەرەوە باسمان کرد.

بوش ریدۆ ڤـان روزنتـال بریکاری شـاژنی هۆڵەندا لە هەرێمی ئۆترخت و یەکێک لە سـەرکـردەکانی بەرگری لەو کاتەدا، "سـەرنج"ێکی نووسی کـە لە مـیدیای نهـێنیـدا بڵاو بوویەوە و بـە کۆمـەڵە ڕێنوێنیـیـەک لەقـەڵەم دران بۆ فەرمانبەرانی مەدەنی.

ڕۆزنتال داوا لە فەرمانبەرانی کەرتی مەدەنی دەکا لە کارەکانیان بەردەوام بن ئەگەر زانییان کارەکەیان زیاتر لە خزمەتی گەلی هۆڵەندادایە تا دوژمن، ئەگینا پێـویسـتـە دەست لـە کـار بکێشنەوە. ڕێنوێنیـیـەکـانی ڕۆزنتـال بە ڕادەیەک بە نهێنی مانەوە کە جەربرندی سەرۆکی ئەو حکوومەتەی لە تاراوگە لە لەندەن پێک هـات، تا سـاڵی ١٩٤٣ نەیـبـینیـبـوو. زیاد لە داواکـردنی لە بەرپرسـان کە کارێک نەکەن لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی هاووڵاتییـاندا ناکۆک

بێ، ڕۆزنتـال داوایان لێ دەکا دەست لەکـار نەکێشنـەوە و "چاوەڕوانی ئەوە بن ئەڵمانەکان بەهۆی جێبەجێنەکردنی فەرمانەکانەوە لە کارەکانیان دەریان بکەن".

ڕۆزنتـــال وای دانابوو ئـەڵمـــانـەکـــان تەنیـــا لەبـەر بەرگـــریکردنێکی ئاشـتـیـخـوازانە هەمـوو فـەرمـانبـەرانـی کـەرتی گـشـتـی دەرناکـەن. لە "سـەرنج"ەکـەدا جـەخت لـەوە کرابـوو کە حکوومـەتـی شـەرعـیی هۆڵـەندا ئەو حکوومـەتەیە کە لە تاراوگەیە و پێویسـتە لابەنـدییان تەنیا بۆ ئەو حکوومـەتە بێ. کۆمـەڵێ کار دیاری کران کـە نابێ ئەنجـام بدرێن لـەبەرئەوەی یارمـەتیی داگیرکەر دەدەن.

لە نمـوونەیەکی تردا مـــامـــۆســـتـــایانـی نەرویجی پێـــڕەوییـــان لە ڕێگەی "بەردەوامی لـە کـار بەبێ هـاوکـاریکردن" کـرد.ئـەوانەی نەگـیـران گـەڕانەوە قوتابخانەکانیان و ئەندامیەتیی خۆیان لە "ڕێکخراوی فاشیی مامۆستایان" کێشـایەوە و لە وانەکانیاندا بۆ قوتابیـانیـان، باسیـان لەو بەرپرسـیاریەتییە گـەورەیە کرد کـە کـەوتووەتە سـەر شـانیـان و درێژەیان بە وانـەوتنەوە دا بە چاوپۆشـین لە ڕەوت و فەرمانەکانی فاشییەکان.

٦- دەسـەڵاتی دووسـەرە و حکوومەتی هـاوتا

پوخـتــەی ئەم ڕێگەیە ئەوەیە حکوومـــەتێکی نوێ پێک بێ، یان درێژە بە لابەنـدی بۆ حـکوومـــەتێکی هەبوو لـەبەرامـبـــەر حکوومـــەتی دژبـەر بدرێ. لەبارێکدا حکوومـەتە هـاوتاکە توانـی پاڵپشـتـیـیەکی گـەورەی هـاووڵاتیـیـان بەدەست بێنێ، ئەوکـاتە دەتوانـێ جـێی حکوومـەتەکـەی تر بگرێتـەوە. بەڵام بەدەگمەن نـەبێ حاڵەتەکە نەگەیشتووەتە ئەم ئاستـە، لەکاتێکدا لابەندی بۆ ئەو حکوومەتەی داگیرکەر لایداوە شتێکی باوە و نموونەیش زۆرن.

کـاتێ جـمـوجـووڵێکی شـۆڕشگێـڕانەی ناتونـدوتیـژ هـەوڵ دەدا ڕێژیمێک بڕووخـــێنـێ نەک چاکـــسـازی تێـدا بکا و لەبارێکدا ئەم جـمـــوجـــووڵە

پشتیوانییەکی جەماوەریی بەرفراوانی هەبێ، ئەوا بە لەکیسدانی گوێڕایەڵی و هاوکاریی خەڵک، هەڕەشە لە سەقامگیریی ئەو ڕێژیمە دەکا. لەم بارەدا گرینگە کە لایەندیی خەڵک بۆ دەسەڵاتێکی نوێ بگوێزێتەوە و حکوومەتێکی تەریب بۆ سەرخستنی جموجووڵەکە پێک بێ. ئەو دەسەڵاتە نوێیە وردە وردە جێی ئەو حکوومەتە دەگرێتەوە کە داگیرکەر دایناوە و بنیاتێکی سیاسیی نوێ دێتە کایە کە خەڵک پاڵپشتی لێ دەکا. بەرگریکارانی ناتوندوتیژ هەوڵ دەدەن لەڕێی دەسەڵاتە نوێیەکەوە چەمکە ناتوندوتیژانەکانیان بچەسپێنن تەنانەت بەبێ ئەوەی پێشوەخت وێنا و پلانێکی پێشوەختیان هەبووبێ. حکوومەتێکی تەریب کە پاڵپشتییەکی جەماوەریی فراوانی هەبێ، دەتوانێ ئەرکە حکوومییەکان بگرێتە ئەستۆ و تەنانەت ڕێژیمە روو لە داڕووخانەکە بەتەواوی بخا.

ئەم شتە زۆر جار رووی داوە، ئەوەیش بێگومان بەرەنجامی شۆڕشەکانی سەدەی بیستەمە. بەڵام چەند رەگەزێکی هاوشێوەی ئەوەی لەم ڕێگەیەدا دەیبینین، وردە وردە لەنێوان ساڵانی ١٥٧٥ و ١٥٧٧دا لەکاتی خەباتی هۆڵەندایییەکان دژ بە شای ئیسپانیا گەڵاڵە دەبوو.

هەروەها زۆربەی جار ئادگارەکانی "حکوومەتە هاوتاکە" لەکاتی ململانەکان لەپێناو رزگاریی نیشتمانیدا دەردەکەوتن، بەتایبەت لەکاتی سەربەخۆیی و لەکاتی شۆڕشە میللییەکان دژ بە ملهوڕی و دژ بە ڕێژیمە کۆمەڵایەتییە ستەمکارەکان. خاتوو کراین برنتۆن دەڵێ: "ئەم ڕێگەیە لە هەمان کاتدا دامەزراوە و مەنهەجییە، یان وردتر بڵێین مەنهەجییە و لەڕێی کۆمەڵێ دەزگاوە کار دەکا".

کاتێ کۆمەڵێ دامەزراوەی دژبەیەک کۆمەڵێ بڕیاری دژبەیەک دەردەکەن، مانای وایە باس لە دەسەڵاتێکی دووسەرە (مزدوج) دەکەین، تێیدا لە یەک کۆمەڵگەدا دوو گرووپ دامەزراوە و سەرکردە و یاسا دروست دەبن،

هەریەکەیان لە هەموو ئەو کارانەدا کە ژیانی مرۆڤی ئاسایی پێک دێن، داوای گوێڕایەڵی دەکەن.

... حکوومەتی شەرعی تاکەکەس و حزبی بەرهەڵست لەبەردەمیدا نابینێتەوە، کە رق بزوێنەریان بێ، بەڵام حکوومەتێکی تر هەیە کە باشتر لەو خۆی رێک خستووە و خەڵک گوێڕایەڵی دەکەن... لەکاتی رووداني تەنگژەیەکی گەورەدا حکوومەتە هاوتاکە بەئاسانی جێی حکوومەتە شکستخواردووەکەی یەکەم دەگرێتەوە.

ئەنجامی ململانەی دوو حکوومەت رادەی سەرکەوتنی هەریەکەیان لە بەدەستهێنانی پشتیوانیی خەڵک دیاری دەکا. ئەم هەوڵە بۆ بەدەستهێنانی گوێڕایەڵیی خەڵک لە هەوڵی ژاپۆنییەکان و "حکوومەتی سنوور"دا دەبینین بۆ حوکمڕانیکردنی باکوری چین ساڵی ١٩٣٠:

هەردوو حکووت زیاتر لە خەمی ئەوەدا بوون بناغەگەلێک بۆ دەسەڵاتی سیاسی و چەمکگەلی نوێ بۆ پابەندبوونی سیاسی و پێوەندیگەلێکی نوێ لەنێوان حکوومەت و گەل دابنێن، وەک ئەوەی بایەخ بە حوکمڕانی بدەن.

دەکرێ حکوومەتێکی هاوتا لە سایەی شۆڕشێکدا کە توندوتیژی رۆڵێکی بنچینەیی تێدا دەبینێ دروست ببێ، هەروەک دەکرێ لە شۆڕشێکیشدا دروست ببێ کە هیچ توندوتیژییەکی تێدا نەبێ. لە حاڵەتی یەکەمدا رەنگە حکوومەتە نوێیەکە پاش سەرکەوتن و گەیشتنی بە دەسەڵات توندوتیژی بەکار بێنێ، بەڵام توندوتیژی بە زەروورەت وابەستە نییە بە حکوومەتی هاوتا (ردیف) و دەسەڵاتی دووسەرە، بگرە پێوەندی بە وازهێنانی خۆویستانەی حکوومەتەکی پێشووەوە هەیە لە دەسەڵات و راگرتنی پاڵپشتکردنی لە رێژیمی پێشوو و خۆجۆشدانی لەگەڵ جەستە سیاسییە نوێیەکەدا. لەو کاتەدا دەتوانرێ "حکوومەتی دووسەرە و حکوومەتی هاوتا" بە رێگەیەک لە رێگەکانی کاری ناتوندوتیژانە دابنرێ و بخرێتە خانەی ئەو

خـەباتە شـۆڕشگێـڕانانـەی کـە بەتـەواوی یان بەشـێـوەیەکی فـراوان لە توندوتیژی دوور بوون.

پرۆفیـسـۆر برنتـۆ دەڵێ: ئەم دیاردەیە لە ئینگلتـەرا لەکاتی ئەو کێشـەیەی کەوتە نێوان شارلز و پەرلەمـان لە ساڵی ١٦٤٠ تۆمـار کراوە. هەروەها باس لە خـەباتی نیـشـتـەجێ ئەمـەریکاییـەکان دەکا پێش و پاش سـاڵی ١٧٧٦ و گرووپە ناکۆکەکان لەکاتی شۆڕشی فرەنساییدا.

هەندێ رەگـەزی جـیـاواز لە رەگـەزەکـانی "حـکوومـەتی هاوتا" بایـەخـێکی مـەزنی لە خـەباتی نیـشتـەجێ ئەمـەریکاییـەکاندا هەبوو. ئەوە لە "بەرنامـەی بەرگـریی ناتوندوتیـژانەی رێکخـراو"دا دەردەکـەوێ کـە یەکـەم کـۆنگرەی کـیـشـوەری (القـاري) لە پایزی ١٧٧٤ پەسـندی کـرد کـە دانەرانی بە "رێکەوتنامـەی هـاوردەنەکـردن و بەکـارنەبردن و هـەناردەنەکـردن" وەسـفی دەکەن. جیبسۆن دەنووسێ و دەڵێ: "ئەگەرچی یەکەم کۆنگرەی کیشوەری لە ٢٦ی تشـرینی یەکـەمی ١٧٧٤دا هـەڵوەشـێنرایەوە، بەڵام ئەو رێوشـوێنانەی بڕیاری لەسـەردان هەر کاریان پێ دەکرا و هاووڵاتییان پێیانەوە پابەند بوون و بە یاسـای باڵای وڵاتیـان دادەنا و دەیانخـسـتـە پێش هەر رێوشـوێن یاخـۆ بڕیارێکی یاسایی تر، تەنانەت یاساکانی پەرلەمانی پێوەنددار بە ئەمەریکا، هەربۆیە نامـۆ نیـیـە کـە "بەرنامـە"ی کـۆنگرەکـە بە کـۆی دەنگ لەلایەن کۆنگرێسەوە پەسند بکرێ.

دوو حـاکـمی بەریتـانیـایی هـەواڵەکـانی لووتکەی هەرەسـهـێنانی هێـزی بەریتـانیـا پێش لە جـەنگی سـەربەخـۆیی، لانی کـەم لە هەندێ داگـیـرگـە (مستعمرة)، دەگێڕنەوە. دانمۆر حـاکمی ڤێرجینیا لە ٢٤ی کانوونی یەکەمی ١٧٧٤ بۆ لۆرد دارماوس دەنووسێ: بەرنامەی کۆنگرەی کیشوەریی یەکەم بە "قـورسـاییـیـەکی گـەورە"وە پەسـند کـرا و دانانی "یاسـاکـانی کـۆنگرێس" لەلایەن خەڵکی ڤێرجینیاوە بەڵگەی "رێزێکە کە خەڵک قـەت نە بۆ حکوومەتی

شەرعی و نە بۆ یاساکانی ئەم حکوومەتەیان دەرنەبڕیوە".

دانمۆر هەروەها دەڵێ: چی تر وانابینم هەر دەستپێشخەرییەکی حکوومەت، لەم لاوازییەی تێی کەوتووە، جگە لە بێئومێدی هیچی تری لێ سەوز ببێ و لێرەشەوە تەکانێکی ئەرێنییە بۆ دوژمنانی کە کاریگەرییان لە زەینی خەڵکدا بەهێز دەکا.

لە ٢٣ی ئەیلوولی ١٧٧٥ رایت حاکمی ڤێرجینیا قسەیەکی هاوشێوە و بە دەربڕینی پەرگیرانەتر باس لەو مەترسییە دەکا کەوا هەرەشە لە موڵکە تایبەتەکان دەکا و دەڵێ: "حکوومەت نەماوە و هەموو شت لە دەستی ئەنجوومەن و لێژنەکاندایە". رایت لە تشرینی یەکەمدا دەنووسێ: "تەواوی ڤێرجینیا هەرەشەی ژاراوییبوونی لەسەرە". خەڵک هیچ حسابێک بۆ یاسا و حکوومەت و دەسەڵاتی شەرعی ناکەن.

لە هەندێ حاڵەتدا دەسەڵاتەکەی سەر بە بەریتانیا دەبووە دژیان، دەبووە حکوومەتی هاوتا و دەچووە پاڵی. لە هەندێ حاڵەتی تردا "دەستە"ی نوێ دروست دەبوون کە رۆڵی حکوومەتی هاوتایان دەبینی، هەندێ جار نوێنەرایەتیی خەڵکی دەکرد و بەناویانەوە قسەی دەکرد، وەک دەستە یاسادانەرەکان و کۆنگرە کیشوەرییەکان، هەندێ جاریش کۆمەڵە یاخۆ گردبوونەوەیەک بوون کە بەدەستپێشخەریی تاکەکانی دروست دەبوون وەک "رۆڵەکانی ئازادی".

زۆربەی جار "حکوومەتە هاوتاکان" رێگەیەک بوون لەنێو چەندان رێگەدا کە لە ماوەی ململانەیەکی تووڵانیدا پێڕەو دەکران. بەڵام هەندێ جار وەک رێگەیەکی بنەڕەتی و زاڵ بەسەر جموجووڵەکەدا پەنای بۆ دەبرا، وەک لە رود ئایلاند لە ساڵانی ١٨٤١ و ١٨٤٢دا رووی دا.

ساڵی ١٨٤١ حکوومەتی رود ئایلاند هێشتا بەپێی ئەو دەستوورە حوکمی دەکرد کە شا شارلی دووەم لە ساڵی ١٦٦٣ پەسندی کردبوو. لە سایەی ئەو

دەسـتوورەدا، نوێنەرایەتیکردنی میللی لە دەسـتەی یاسادانانـدا حسـابی بۆ گۆڕانی دیمۆگرافی و فراوانبوونی هەندێ لە شارەکان نەدەکرد. لە هەر پێنج سپی پێست دووانیان مافی دەنگدانیان هەبوو.

لە سـاڵی ١٧٩٦ەوە چەندان هەوڵی لەدوای یەک دران بۆ دانانـی دەسـتوورێکی نوێ و هەموارکردنـی دەستووره کۆنەکە تا مـافی دەنگدان بە زۆرترین ژمـارە خـەڵک بدرێ. ئەو هەوڵانە بە با چوون پاش ئەوەی، بە پاڵپشـتیی توێژی دەنگدەران کە بە "پیـاوانی ئازاد" ناو دەبران، دەسـتەی یاسادانان ئەو هەوڵانەی پشتگوێ خست و بە گژیاندا چوو.

لە کـانوونی دووەمـی ١٨٤١، "کـۆمـەڵەی گـشـتی" بانگەوازێکی بۆ فراوانکردنی "دەسـتەی دەنگدەر" فەرامۆش کرد. لەگەڵ ئەوەی رەزامەندی دا لەسـەر پێکهێنانی دەسـتەیەک بۆ هەمـوارکردنی دەسـتوور، بەڵام کاسـانێکی تێدا دامـەزراند کـە هـاوبۆچوونی خـۆی بوون و بەو هۆیەشـەوە دەسـتووره کـۆنەکە وەک خـۆی مـایەوە، بگرە پێداگری لەسـەر کـرایەوە و دەسـەڵات لە دەستی هەمان ئەو کەسانەدا مایەوە.

لە مـانگەکانی نیسـان و ئایار و تەممووزدا چەند کۆبوونەوەیەکی گەورە لە هەردوو شـاری پرۆڤـیـدنس و نیـوپۆرت ئەنجـام دران. لە ٥ی تەممـووز لە پرۆڤـیـدنس بڕیارێک پەسند کـرا تێـیـدا بەشـداران داوای پێکهـێنانی دەسـتەیەکی دەسـتوورییان کرد و جەختیان کرد لەسـەر پێویسـتیی دانانی دەستوورێکی نوێ.

لە ٢٠ی تەممووز راگـەیەنرا لە ٢٠ی ئاب نوێنەرانی ئەو دەسـتـەیە لەلایەن هەمـوو هـاووڵاتیـیـانی نێـرینەی باڵق لە ویلایـەتەکـەدا دێنە هـەڵبـژاردن و دەسـتەکە لە ٤ی تشـرینی یەکەم لە شـارەکەدا کۆ دەبێتـەوە. زیاتر لە ٧٥٠٠ دەنگدەر لە کۆی ٢٥ هەزار، بەشـدارییان لە هـەڵبژاردنی نوێنەرەکاندا کـرد. لە ناوەڕاسـتی مـانگی تشـرینی دووەم دەسـتـە هەڵبـژێردراوەکە دەسـتووره

نوێیـەکـەی دانا کـە ناو نرا "دەسـتـووری گـەل". بەپێی دەسـتـووره نوێیـەکـە دەسـتـەی دەنگدەران هەمـوو هاووڵاتیـیـانی سـپی پێسـتی نێرینە و باڵغی دانیشتووی ویلایەتەکەن. هـەروەها جارێکی تر نوێنـەرایەتیکردنی لە دەستە گشتییەکەدا دابەش کرد، یاسادانان و قەزای لێک جیا کردەوە. ئەمە جگە لە هەندێ هەموارکردنی تر.

لە کانوونی یەکەمی ١٨٤١، لە ریفراندۆمێکدا کە لەسـەر ئاسـتی دەسـتە دەنگدەرە نوێیەکە کرا، دەستووره نوێیـەکە بە زۆرینەی ٥٢ هـەزار دەنگدەر لە کۆی ٦٦ هـەزار، کە ١٠ هـەزاریان هـەر بەشدارییان نەکردبوو، پەسند کرا.

بەڵام پرسـەکـە لێرەدا کۆتایی نـەهات، یەکەم دەسـتـەی یاسـادانان داوای دانانی دەسـتـورێکی نوێی کرد لـە مانـگی کانوونی دووەمدا. لە ناوەڕاستی شـوباتی ١٨٤٢ ڕەشنووسی ئەم دەسـتـووره تەواو کرا. لـە ڕەشنووسـەکـەدا هاتووە دەسـتـەی دەنگدەران هەمـوو هـــاووڵاتییـانی سـپی پێسـتی نێرینە و باڵغی دانیشتووی ویلایەتەکە دەگرێتەوە، بەڵام دابەشـــکردنی کورسییەکان لە ئەنجوومەنی نوێنەران بە ڕێژەیی و ملکەچی بنـــەمای پشـکەکان مایەوە. بەڵام دەسـتـــەی یاســادانان لە ١٢ی کـانـوونی دووەمـدا کـۆ بـوویەوە و ڕای گەیاند "دەستووری گەل" چووە واری کارپێکردنەوە.

هـەرچی ئەو ریفراندۆمـەیـە کـە دەسـتـەی یـاسـادانانە کۆنەکە ئەنجامی دا، بووە مـایەی شکسـتـهێنانی چونکە لە کۆی ١٦٧٠٠ دەنگ تەنیا ٧٠٠ دەنگی هێنا. هەر بۆیە دادگـەی باڵای ویلایەتەکـە بە ناڕەسـمـی ناشـەرعـیـبـوونی "دەسـتووری گەل"ی ڕاگەیاند و لە مـانگی ئاداردا یاسایەکی دەرکرد "یاسای جیرین" کە سزای توند بۆ ئەو کەسـانە دادەنێ کە بە پێچەوانەی دەسـتووری پێشوو بەشداریی هەر هەڵبژاردنێکیان کردووە.

بانگەشـەکارانی مـافی دەنگدان داوای سـەروەرییـان لە کۆمـارێکدا کرد و ڕایانگەیاند دەسـتـوورەکەیان یاسـاییـە. سـامـۆیل کینگ حـاکـمی رود ئایلاند

بانگەوازێکی ئاراستەی سەرۆک تایلەر کرد، کە لە ١١ی نیسان وەڵام درایەوە کە نایەوێ بزووتنەوەیەکی شۆڕشگێڕانە بورووژێنێ، بەڵام ئەگەر یاخیبوونێکی چەکداری رووی دا، ئەوە دەبێ دەسەڵاتی فیدراڵی هێزی پاڵپشتی بنێرێ. تایلەر هەروەها گوتی: ناتوانێ بڕیار لەسەر واقیعی کێشەکە بدا، بەڵام لەسەر دانان بە حکوومەتی ئارا بەردەوام دەبێ تا بەشێوەیەکی ئاشتییانە و یاسایی لەلایەن دەسەڵاتداران و گەلەوە لە ویلایەتەکە دێتە گۆڕین.

لە رووسیا شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥ و هەروەها شۆڕشی ١٩١٧دا کە بەلشەویکەکان لەبری حکوومەتە کاتییەکە و ئەنجوومەنی سۆڤیەتی سەربەخۆ دەسەڵاتیان گرتە دەست، دوو نموونەی ترن لە رێگەی حکوومەتی "هاوتا".

بەناوبانگترین دەستە لە شۆڕشی ١٩٠٥دا ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرێکاران بوو لە سان بترسبۆرگ، کە لە هەمان کاتدا رۆڵی "لێژنەی گشتیی مانگرتنەکان، ئیدارەی شارەوانی، دەستەی رێکخستنی شۆڕشی نیشتمانی، پەرلەمانی کاتیی کار، پەرلەمانی رووسیا و هێزی بەرهەڵستی حکوومەت"ی دەبینی.

ئەنجومەنی سۆڤیەتی سان بترسبۆرگ بەردەوام بوو لە بینینی رۆڵی دەسەڵاتی رکابەر بۆ دەسەڵاتی حکومەت، گەلێ کرێکار لە جەنجاڵی ئەو حاڵەتی پاشاگەردانییەی باڵی بەسەر پایتەختدا کێشابوو، رووی لەو ئەنجوومەنە دەکرد بۆ ئامۆژگاری و یارمەتیدانی.

ئەو ئەنجوومەنە دانوستاندنی راستەوخۆی لەگەڵ سەرەکوەزیران دەکرد لەبارەی کێشەی گواستنەوە و خواردەمەنی. فەرمانەکانی حکوومەت لە رێی ئەنجوومەنەکەوە نەبێت نەدەگەیشتە کرێکارانی کەرتی پۆستە و تەلەگراف. تەنانەت ئەنجوومەنی یاسادانانی شارەکەیش فەرمانەکانی سۆڤیەتی

جێبەجێ دەکرد، بەتایبەت لەوەی پێوەندی بەدابینکردنی یارمەتییەوە هەیە بۆ خێزانەکانی کرێکارە مانگرتووەکان.

حکومەت چاری ناچار بوو کە بەوە رازی بێ. بەڵام دووسەرەیی دەسەڵات نەدەکرا تاهەتایە بەردەوام بێ.

ترۆتسکی لەکاتی دادگەییکرانی بەهۆی رۆڵی لە شۆڕشدا بە دادگەی راگەیاند کە ئەنجوومەنی نوێنەرانی کرێکاران هیچ نەبوو جگە لە دەستەیەکی حوکمی زاتی جەماوەری شۆڕشگێڕ...

ئەوە تاکە حاڵەت نەبوو کە تێیدا حکوومەتێکی هاوتا لەکاتی شۆڕشدا دروست ببێ، چەندان هەرێم ئیدارەی سەربەخۆی خۆیان لە حکوومەتی ناوەندی دامەزراند، بەتایبەت جۆرجیا کە حکوومەتە هاوتاکەی تا ساڵی ١٩٠٦ بەردەوام بوو، مەنگۆلیا کە حکوومەتێکی هاوتای تێدا هەڵبژێردرا و تا سەرەتای ساڵی ١٩٠٦ لە بەڕێوەبردنی کارەکان بەردەوام بوو.

پێش لە رووداوەکان، وێڕای بوونی تیۆرێکی پێشووی مارکس لەبارەی ئەو بابەتەوە و هەروەها وێڕای لێکۆڵینەوەیەکی تیۆریزەکارانی مەنشەڤیک راستەوخۆ پێش لە شۆڕشی ساڵی ١٩٠٥، مارکسییەکان وەک ئامرازێکی شۆڕشگێڕانە بایەخیان بەم رێگەیە نەدەدا.

لەکاتی زۆربەی خەباتکارییە مەزنە ناتوندوتیژانەکاندا، ئارەزوویەکی گەورە هەبووە بۆ پەرەپێدانی دەسەڵات و حکوومەتی هاوتا، تەنانەت بەبێ پلانێکی پێشوەختیش، وەک لە مانگرتنە گشتییەکان لە رۆئاوا و هەروەها لە بزووتنەوە سەربەخۆییخوازەکانی هندستان.

هیللەر دەڵێ: کاری رێکخراوەکانی چاودێریکردن لەبارێکدا هەوڵیان بۆ سەپاندن و جێگیرکردنی دەسەڵات دابێ، یاخۆ هەوڵی "پاراستنی سیستەم"یان دابێ لەبارێکدا بایکۆتی ئابوورییان کردووە، زەوتکردنی ئەرکەکانی حکوومەتە. پێکهێنانی پۆلیسێکی سەربەخۆ، بۆ نموونە، کارێکی

شـۆڕشگێـڕانەیە. جا لـە حاڵێکدا ئەرکەکانی بەشـێوەیەک فراوان بن کـە هەمـوو کۆمـەڵگە بگرێتـەوە و بووە هەمـیشـەیی، ئەوکاتە دەبێتـە شـۆڕشـێکی راستـەقینـە. ئەمەیش واتای جۆشدانەوەی کۆمەڵگە و کۆبوونەوەیە لە دەوری سەنتەری دەسەڵاتە نوێیەکە.

کرۆک دەڵێ: لە ساڵی ١٩١٩ لەکاتی مـانگرتنێکی گشتیدا لـە وینیپیگ لە کـەنەدا، لێـژنەیەک لـە هاووڵاتیـیـان دەزگـاکـانی ئاگـرکـوژاندنـەوە و ئاو و پۆلیسـیـان بەڕێوە دەبرد. کارەکەی تا رادەیەکی زۆر لە کاری حکوومـەتێکی هاوتا دەچوو.

هیللەر هـەندێ حاڵەتی تر باس دەکا کە لەکاتی مـانگرتنە گشـتیـیـەکان سیاتل و لەکاتی مانگرتنە گشتییەکەی ئیتاڵیا ساڵی ١٩٠٤ روویان داوە.

سەرەڕای ئەوەی ئامانجی مانگرتنە گشتییەکەی بەریتانیا لە ساڵی ١٩٢٦ کـارێکی شــۆڕشـگێـرانـە نەبوو بۆ رووخــاندنی حکوومــەت، کـرۆک دەڵێ: "فـەرمـانەکانی ئەنجوومـەنە گشـتیـیـەکە، وەک کە لێژنەکانی مـانگرتنەکە لە سـەرتاسـەری وڵاتدا راڤە و جێبەجێیـان کرد، هەوڵێک بوو بۆ دامـەزراندنی دەســەڵاتێکی هاوتا، ئەوە بە روونی لە مــەســەلەی مـۆڵەتەکـاندا دەرکـەوت. ئەنجوومـەنە گشـتییـەکە دەیویست کرێکارەکان خـواردەمەنی و پێداویسـتییە بنچـینەییـیـەکـانی ژیان دابەش بکەن... چەرچل بەشـێـوەیەکی بنبـڕ رەتی کردەوە بچێتە ناو شەراکەتێک لەگەڵ حکوومەتێکی هاوتادا".

لە هندسـتـان زۆربەی جـار لەکاتی کێشـەکاندا حکوومـەتی هاوتا دروست دەبوون، بەتایبەت لە هەڵمەتەکەی هەردوو ساڵی ١٩٣٠ و ١٩٣١دا.

لە کۆتایی نیسـانی ١٩٣٠، پاش ئەوەی دوو کەتیبەی سـەر بە لیوای گرولی ئامـادە نەبوون لەدژی خـۆبەخشــە ناتوندوتیـژەکان یـارمـەتیی پۆلیس بدەن، سـوپا بەتەواوی لـە پیشـاوەر برایە دەرەوە و لەو کاتەدا "لێژنـەی کۆنگرە" بۆ مـاوەی نۆ رۆژی تەواو بەرپرسـیـاریەتیی ئیدارەی شـارەکەی گرتە ئەسـتـۆ بە

پێدانی ڕێنوێنی و بڵاوکردنەوەی مەفرەزە بەشەواندا، هەروەها ڕێکخراوێکی ئیسلامیی ناتوندوتیژ توانی سەرکەوتووانە باجەکانی حکوومەت کۆبکاتەوە. هەروەها لە چەندان شوێن دەسەڵاتێکی ناوخۆیی شوێنی سیستەمی دادوەریی بەریتانیایی گرتەوە. هەروەها لەجێی قوتابخانە بەریتانیاییەکان بەرنامەی "پەروەردەی نیشتمانی" دانرا.

لە هەندێ شار چەند یەکەیەک لە کەسانی خۆبەخش پێک هێنرا بۆ ڕێکخستنی کاروباری هاتوچۆ و ڕاپەڕاندنی کارەکانی پۆلیس. هەروەها لێژنەی شاری بۆمبای سیستمێکی تایبەتی باجی دانا.

برایلسفۆرد دەڵێ: شاری بۆمبای دوو حکوومەتی هەبوو، حکوومەتە بەریتانیاییەکە، بە شەرعییەت و هێزی خۆیەوە، جگە لە لایەندیی دانیشتوانە ئەوروپاییەکان و هندییە سەربازەکانی ناو سوپای ئینگلیزی و کەمینەیەکی موسڵمانی سەر بە نەوەی کۆن هیچ پاڵپشتییەکی تری نەبوو. "کۆنگرەی هندی" بەناوی مەهاتما گاندییەوە حوکمڕانیی شارەکەی دەکرد و سادەترین فەرمانی جێبەجێ بوو. دەیتوانی شەقامەکان پڕ بکا لە دەیان هەزار پیاو و ئافرەت و هەموو دووکان و شوێنە بازرگانییەکان لە تەواوی شارەکەدا دابخا. کاتێ ڕۆژی پرسەی گشتی رادەگەیاند، وەک کە بەنێزیکەیی هەموو هەفتەیەک وەک ناڕەزایی بەرامبەر کارێکی حکوومەت ئەوەی دەکرد، بێدەنگییەکی تەواو باڵی بەسەر شەقامەکاندا دەکێشا و تەنانەت کارگەکانیش دەرگایان دادەخست. پاسەوانەکان مەفرەزەیان لە گەڕەکەکاندا دەسووڕاندەوە و ئەوانە نەبێ مۆڵەتی تایبەتییان هەبوو کەس هاتوچۆی نەدەکرد. پشکنەرانی "کۆنگرە" بەمەبەستی چاودێریکردنی شمەکەکان سەردانی کۆگە و شوێنە بازرگانییەکانیان دەکرد و دەستیان بەسەر شتە قەدەغەکاندا دەگرت...

کاتێ ڕێکخراوە هاوتاکان دەگەنە ئەم ئاستە لە کاری ڕێکوپێک و جدی،

دەبنە هەڕەشەیەکی گەورە لەسەر دامەزراوە کۆنەکان. بەلای گاندییەوە پەنابردن بۆ حکوومەتی هاوتا مەرج نییە واتای پەنابردن بۆ توندوتیژی بگەیەنێ. هەروەها جەخت دەکا لەوەی لە بەرنامەدا نییە هەمان شێوازی حکوومەتەکان لە بەڕێوەبردنی دەسەلات پێڕەو بکرێ، بەڵکو پێویستە تەنیا ڕێگە ناتوندوتیژەکان بگیرێنە بەر، بە پشتیوانی و پاڵپشتیی گەل.

لە نەبوونێکی ڕێژەیی لێکۆڵینەوە و بنچینە تیۆرییەکان لەبارەی ڕۆڵی ستراتیجیی حکوومەتی هاوتا لە خەباتی ناتوندوتیژانەدا، دەکرێ سوود لەم ڕووداوانەی سەرەوە وەربگیرێ. بیرۆکەی حکوومەتی هاوتا لە خەباتی ناتوندوتیژانەدا، دەبێتە مایەی گۆڕانکارییەکی دامەزراوەیی، کە بەتەواوی لە کودەتا جیاوازە، هەروەک لە هەرەسهێنانی بزووتنەوەکانی بەرگریی کلاسیکیش جیاوازە.

# کۆتایی

پێداچوونەوەیەک بە پرۆسەی پۆلبەندیکردنی ئەو ڕێگانەی لەم کتێبەدا باس کراون، بەدڵنیاییەوە دەبێتە مایەی زیادکردنی ڕێگەی نوێ. ژمارەی ڕێگەکان لەوەتی دواین چاپ لە ساڵی ١٩٦٨ بەتێکڕای چواریەک و دووهێندەی ئەوەی لە چاپی یەکەم لە ساڵی ١٩٦٠ زیادی کردووە.

لێکۆڵینەوەکانی داهاتوو نموونەی نوێ دەدۆزنەوە، ئەوەیش وادەکا پۆلێنکردنەکە لەسەر ئاستی مێژوویی و سیاسی و پۆلێنکردنێکی دروست بێت.

ئەم ڕێگایانە بەشێوەی عەفەوی جێبەجێ کراون، یان بەشێوەیەک گەلاڵە کراوە کە لەگەڵ حاڵەتەکانی ململانێکەدا بگونجێ، هەندێ جاریش وەک لاساییکردنەوە دەکرێ و دواتر گۆڕانکاری تێدا کراوە تا لەگەڵ بارودۆخە نائاساییەکەدا بگونجێ.

شایەنی باسە هەندێ ڕێگەی تر پێشنیاز کراون، بەڵام لەبەر ئەم یان ئەم هۆ لەم کتێبەدا باس نەکراون، لەوانە بڵاوکردنەوەی دەنگۆ و گاڵتەوگەپی دوژمنکارانە و ئەنجامدانی هونەر بە شێواوی (وەک تێپەڕاندنی ژمارەیەک ڕستەی ناڕەزایی ئامێز لە شانۆگەرییەکی ناڕەزاییانەدا)... هتد.

پێڕست

زانکۆی "ئۆنور" ........ 5
ناتوندوتیژی بە زوانی کوردی ........ 8
دەسپێک ........ 17
پێشەکی ........ 21
دەستوەردانی دەروونی ........ 24
دەستوەردانی جەستەیی ........ 40
دەستوەردانی کۆمەڵایەتی ........ 73
دەستوەردانی ئابووری ........ 91
دەستوەردانی سیاسی ........ 114
کۆتایی ........ 135